پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا　　لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

2017

سەرپەرشتیارانی پڕۆژە

د. لوقمان رەئوف

بابان ئەنوەر


# نوام چۆمسکی


کۆمەڵێك نوسەر


بەشی چوارەم


64

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

# نوام چۆمسکی

وەرگێڕانی : کۆمەڵێک نوسەر
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
تایپو هەڵەچنی: کەیوان عومەر- نیاز کەمال- زریان رەحیم
ساڵی چاپ: 2017
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
تیراژ: 750 دانە
چاپخانە: حەمدی
نرخ: 2000 دینار
سەرپەرشتیاری چاپ: ژیار عەلادین - حسێن سەعید
لەبڵاوکراوەکانی: دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
ideafoun@gmail.com
www.facebook.com/dezgai.idea
07701955044 - 0533220180
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 188 )



# نوام چۆمسکی

کۆمەڵێک نوسەر

بەشی چوارەم

64

## خوێنەری بەڕێز:

ئەم نامیلکانەی لەبەردەستدایە، بریتییە لەو پرۆژە فکری و فەلسەفیەی، کە دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە بە پرۆژەی (100) نامیلکەی فکری و فەلسەفی رایگەیاندبوو، ئەم بەشەش بریتییە لە بەشی چوارەم، بەم پێیەش تاوەکو ئێستا لەم پرۆژەیەدا (80) نامیلکەمان چاپکردوە.

بەشی یەکەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە بێرکلی، ئاشنابوون بە باشلار، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە هایدگەر، ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 بەرگ، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، ئاشنابوون بە هیگڵ، ئاشنابوون بە سارتەر، ئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر، ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەک، ئاشنابوون بە مارکس (8) بەرگ).

بەشی دووەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە فیورباخ، ئاشنابوون بە تۆماس مۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە گرامشی 1،2، ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە دیموکراسی، ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەرکون، ئاشنابوون بە فۆکۆ، ئاشنابوون بە ئەکیونی، ئاشنابوون بە ئەنگڵس، ئاشنابوون بە جۆن ستوارت میل 3 بەرگ، ئاشنابوون بە جاک لاکان، ئاشنابوون بە لایبنتز، ئاشنابوون بە میکاڤیلی).

بەشی سێیەم بریتییە لە (ئاشنابوون بە پۆڵ ریکۆر، ئاشنابوون بە ئاڵتۆسێر ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە پۆپەر، ئاشنابوون بە دۆرکهایم، ئاشنابوون بە دریدا،

ئاشنابوون بە لیوتار، ئاشنابوون بە لینین 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ترۆتسکی، ئاشنابوون بە بێرتراند راسڵ، ئاشنابوون بە پۆپۆلیزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە رۆزا لۆکسۆمبۆرگ، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە تۆتالیتاریزم 2 بەرگ، ئاشنابوون بە مانیفێستی حزبی کۆمۆنیست)

بەشی چوارەم بریتییە لە (کۆنفۆشیۆس، جۆن دیۆی، پیەربۆردیۆ، مارتن لوسەر، ئالان بادیۆ، ویتگنشتاین، ماوتسی تۆنگ، لیڤی شتراوس، چۆمسکی، والتەر بنیامین، مارتین بوبەر، مۆنتیسکۆ ،سپێنوزا، جولیا کریستیڤا، رولان بارت، رۆدۆلف کارناب، جۆرج باتای، فۆکۆیاما، دیڤد هارڤی، سان سیمۆن).

خوێنەری بەڕێز: بەدەرلەم پرۆژەیەو لەساڵی (2011)دوو بەشی تر بە شێوەی تاک تاک و وەک پاشکۆی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراونەتەوە، بەشی یەکەمیان (16)فەیلەسوفن کە بریتیین لە ( ویتگنشتاین، ئاشنابوون بە دیکارت، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین ،میشێل فۆکۆ، لۆژیک ئەپستۆمۆلۆژیا، میتافیزیک، لە دیدی فەلسەفیەوە، کۆمەڵگەو دەوڵەت، دیموکراسی ئازادی تاک و کۆمەڵگە،بزوتنەوەی فێمێنیزم، سوقرات، سۆسیال دیموکرات فرۆید، وێنەی ژیان لە بۆچوونی بیرمەنداندا، ئیخوان موسلیمین داینەمۆی بەرهەمهێنانی توندوتیژی، نیچە، ئاشنابوون بە هیوم، ئاشنابوون بە بێرتراند راسل).

بەشی دووەم (25) نامیلکە و بریتین لە (ئاشنابوون بە ئەفلاتوون، ئاشنابوون بە سپینۆزا، ئاشنابوون بە کیرگە

گۆر، ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر، ئاشنابوون بە کارل پۆپەر، ئاشنابوون بە ئالان تۆرین، ئاشنابوون بە سوقرات ئاشنابوون بە ئەرستۆ، ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین، ئاشنابوون بە جان جاک رۆسۆ، ئاشنابوون بە دیڤد هیومئاشنابوون بە نیچە، ئاشنابوون بە فرۆید، ئاشنابوون بە جۆن لۆک، ئاشنابوون بە لینین، ئاشنابوون بە ئەریک فرۆم، ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت، ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم، بلیمەتی و شێتی، ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی، ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم، ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار، ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف، ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس، ئاشنابوون بە دریدا)

لە ئایندەیەکی نزیکیشدا بەشی پێنجەم کە خۆی لە کۆمەڵێک فەیلەسوف و چەمکی نوێ، کە ئەمڕۆ لە دونیای فکری و فەلسەفیدا هەن بڵاودەکەینەوە.

ئەم پرۆژەیەش لە ساڵی (2018)دا بە شێوازێکی نوێ و بە ناساندنێکی تر درێژەی دەبێت، چونکە بە پلەی یەکەم کار لەسەر بیرو هزری فەلسەفەی فەیلەسوفە نوێ و هاوچەرخەکانی دنیای بیریاری دەکات.

ئامانج لەم پرۆژەیەش مەبەستمانە ئەو کردارە بیری و عەقڵی و توانستە بیریانەی، کە بیرمەندو فەیلەسوفەکان بەدرێژایی مێژووی بیری مرۆڤایەتی ناویانە، بەئاسانترین رێگە بگەیەنینە خوێنەر، چونکە بیر هۆکارێکە مرۆڤ لەپێناو هێنانەدی خواست و دیوە شاراوەکانی مێشکدا لە بوارە جیاوازەکاندا بەکاریدەهێنێت، تاوەکو لەو رێگەیەوە داهێنان

و توانست و گەشەسەندنەکان بناسێنێت، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەم شەپۆلە بیریارییە نەبوایە، ئێستا ژیان و پێشکەوتن بەم شێوازە نەدەبوو.

هەروەها دەمانەوێت لەم رێگەیەوە خوێنەر هەست بە بیرو ئایدیا جیاوازەکان و گرنگی بیرکردنەوەکان بکات، لەپێناو چارەسەرکردنی گرفتەکان و روانین لە جیهان بەو شێوازەی کە پێویستە لێیبڕوانێت، تاوەکو بگاتە ئەو کردارەی کە دیکارت لەسەرەتای رێنیسانسدا رایگەیاند» من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم»، واتە بخوێنەرەوە، بۆئەوەی بتوانیت بیربکەیتەوەو بوونیەتی خۆی بسەلمێنێت.

بۆیە ئەگەر بمانەوێت بیربکەینەوە، پێویستە بەر لە هەر شتێک، هۆکاری بیرکردنەوەکە دەستەبەربکەین، خوێندنەوەش یەکێکە لە هۆکارەکان و بەهۆشیەوە، بیرکردنەوەکان بەرئەنجامی دەبن، چونکە پرۆسەی بیرکردنەوە، لەپێناو هێنانەدی داهێنان و گەشەو پێشکەوتنە، ئەم گەشەکردنەی تەکنۆلۆژیای ئەمرۆش، بەرهەمی ئەم پرۆسەیەیە.

بۆیە نابێت پرۆسەی خوێندنەوەو بەرۆشنبیریکردن، نەک تاک، بەڵکو کۆمەڵگەش خۆی لێ نەبوێرێت، چونکە تەنها بیرەکان دەتوانن ژیان بگۆڕن، بۆیە پێویستە بەردەوام عەقڵەکان کراوەبن، لەپێناو بەرهەمهێنانی بیری نوێ و بنیادنانی ئایندەیەک، جیاوازتر لەرابردو.

**د. لوقمان رەئوف**

2017

# بایۆگۆافیای چۆمسکی

د. لوقمان رەئوف

-چۆمسکی بەرەگەز جو لە 7 دیسەمبەری 1928 لـە گـەڕەکـی (ئـوک لـین) لەفیلادلفیا، پەنسلڤانیا لە دایکبووە.

- بـاوکـی دکـتـۆر بـووەو (1896-1977) لە ئیمبراتۆریەتی روسی لەدایکبووەو پزیشک بووە، لەساڵی 1913 کۆچیانکردوە بۆ ئەمریکا.

- دوای تەواکردنی ئامادەیی ،لەساڵی 1945 لە زانکۆی پەنسلفانیا کاری لەسەر فەلسەفەو زمانەوانی کردوە.

-بەکالۆریۆسی لە هونەردا بەدەستهێناوە.

-لـە قوتابخانەی سـەرەتـایـی هیبرو وەک مامۆستا دامەزراوە.

-لـەسـاڵانـی 1944-1949 خوێنەرێکی زیرەکی گۆڤاری(سیاسەت)بووە.

-لـەسـاڵـی 1949 کـارول دوریـس کۆنە هاوڕێ و هاوڕێی منداڵی کردە هاوسەری خۆی ولەساڵی 2008 بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجەوە کۆچیدواییکردوە، واتە 59 ساڵ هاوسەری بووەو دوو کچ بەناوەکانی (دانیا1960،افیفا1975) کوڕێک بەناوی( هاری 1975) هەیە.

- لەساڵی 1951 نامەی ماستەرەکەی بەناوی(شێوازی پۆلێنکردنی عیبری) نوسیوە.

-لەساڵی1945-1951 لە زانکۆی پەنسلفانیا بووە.

- لەساڵانی 1951-1955 مامۆستا بووە لە زانکۆی هارفارد.

- لەساڵی 1953 لەگەڵ هاوسەرەکەی لە ئیسرائیل ژیاون.

-لەساڵی 1955 بووە مامۆستای زمانەوانی بووە لە بەشی زمانەوانی و فەلسەفە، بەتایبەتی فەلسەفەی شیکاری (ماساتشوستشی تەکنولۆژیا)(MIT)، تاوەکو ئێستاش لەم پەیمانگایە وانەی وتوەتەوە.

-لەساڵی 1961 بووە مامۆستا لەبەشی زمانە نوێکان و زمانەوانی، کە ئەمڕۆ بە بەشی زمانەوانی و فەلسەفە ناودەبرێت.

- لەساڵانی 1966-1976 بووەتە مامۆستای فەخری زمانە نوێکان و زمانەوانی.

- لەساڵی 1976 بووە پرۆفیسۆر لەو پەیمانگایەکەدا.

- مامۆستای زمانەوانی و فەیلەسوفی ئەمریکییەو لە ئێستاشدا زانانی زمانەوان و مێژو و رەخنەگرو چالاکەوانی سیاسیە.

- زیاتر لە 130 کتێبی هەیەو لەئێستادا باشترین کانگایە لە سەرانسەری جیهاندا.

- داهێنەری تیۆری زمانەوانی بەرهەمهێنانە لە سەدەی بیستەمدا.

-لەسالّی1967 یەکێک بووە لە نەیارە سەرسەختەکانی شەری ڤێتنام و وتارێکی بەناوی(The Responsibility of Intellectuals بەرپرسیاریەتی رۆشنبیران) نوسیوە.

- دەرکەوتنی چۆمسکی لە ( بنیادی پیکهاتەیی)دا بوو لە کتێبی( بنیادی لۆژیکی بۆ تیۆری زمانەوانی) زمانەوانی بونیادگەری لەسالّی 1955.

-دیارترین کاری لەسالّی 1968 لە بواری زانستی دەنگسازیدا بووە.

- دیارترین کاری لەئێستادا لەسەر بونیادی مەعریفی بەرهەمهێنانی بەکارهێنەرانی زمانە.

- لەساڵی 2006 کتێبی(«Chomsky on Anarchism ) بڵاوکردەوە.

- لە زۆربەی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان بانگهێشتکراوەو وانەی وتوەتەووە.

- لەساڵی 1969وانەی جۆن لۆکی لە زانکۆی ئۆکسفۆرد وتوەتەوە.

-لەساڵی 1972 وانەی برتران راسڵی لە زانکۆی کامبریج وتوەتەوە

-لەساڵی 1977 وانەی هوزینجا لە لەندەن و وانەی Diamond لە زانکۆی تۆرنتۆ وتوەتەوە

- لەساڵی 1988 و1997 لە کیب تاون و.......تاد.

-ئەندامی ئەکادیمیای ئەمریکی بۆ هونەرو زانست، ئەکادیمیای نیشتمانی زانستی، کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ فەلسەفە، جگەلەمانەش ئەندامی کۆمەڵەی ترە لە ناو ئەمریکاو دەرەوەی ئەمریکادا

- لەساڵی 2010خەڵاتی ئەریک فرۆمی لە شتوتگارد لە ئەڵمانیا وەرگرت.

- لەساڵی 2010 بووە سێیەم زانا کە لە زانکۆی (ویسکونسن) خەڵاتی چالاکی ڕەخنەیی وەردەگرێت.

- لەساڵی 2005 لەڕاپرسییەکی گۆڤاری(بروسبکت) نازناوی ڕابەری ڕۆشنبیرە زیندووەکانی بەدەستهێنا.

- لەساڵی 2006 لەڕاپرسییەکی گۆڤاری( نیو ستیتمنت) پلەی حەوتەمی لە (پاڵەوانانی سەردەم) زیندووەکانی بەدەستهێنا.

- ساڵی 2010 پەیمانگەی ماساتشوستس ئاهەنگی ڕێزلێنانی بۆ ساسزکرا.

- ساڵی 2011 خەڵاتی سیدنی بۆ ئاشتی وەرگرت، بەهۆی چاونەتری و ڕەخنەکانی لەدەسەڵات و بەرزڕاگرتنی مافەکانی مرۆڤ.

- ساڵی 2016چەند جارێک لەسەر دۆزی کورد وتارو قسەی کردووەو هاوسۆزی و پشتیوانی خۆی دەربڕیوە.

- ژمارەیەک نازناو و پلەی فەخری لە زانکۆ جیهانییەکان وەرگرتوە لەوانە:

University of London •
University of Chicago •
Loyola University Chicago •
Swarthmore College •
University of Delhi •
Bard College •
University of Massachusetts Amhers•
University of Pennsylvania •
Georgetown University •
Amherst College •
University of Cambridge •
•University of Colorado •
University of Buenos Aires •
McGill University •
Rovira i Virgili University •
Columbia University •
Villanova University •
University of Connecticut •
University of Maine •
Scuola Normale Superiore di Pisa •
•University of Western Ontario •
University of Toronto •
Harvard University •
University of Chile •
University of Bologna •
University of La Frontera •

# میتۆدی لێکۆڵینەوە
# لە زمانناسی نوێ

نوام چۆمسکی
لەعەرەبییەوە:هاوار محەمەد

ئەم ئێوارەیە هەندێک پرسی سەرەکی ئەو زانستەم تاوتوێکرد، کە لە زمان دەکۆڵنەوە. دەتوانین کێشە جەوهەرییەکەی ئەم باسە بەم جۆرە دیاریبکەین: عەقڵ/مێشکی مرۆیی سیستەمێکی ئاڵۆزە، زۆر بەشی کارلێککەر دەچنە نێو پێکهاتەکەیەوە، یەکێک لەو بەشانە ئەوەیە، دەتوانین پێیبڵێین «توانای زمانی». وا دەردەکەوێت ئەم سیستەمە لە خەسڵەتە سەرەکییەکانیدا تاقانەیە و تەنیا لە جۆری مرۆییدا و، لەسەرجەم ئەندامەکانی جۆری مرۆییدا، هەیە. خۆ ئەگەر «مادەی سەرەتایی زمان» بخرێتە بەردەم ئەم توانا زمانییەوە، ئەوا ئەو زمانە دیاریدەکات کە وەردەگیرێت، واتە بۆ نموونە زمانێکی وەک ئینگلیزی یان ئیسپانی ..هتد. ئەم زمانە ژمارەیەکی زۆر لەم دیاردانە دیاریدەکات، کە دەشێت بوونیان هەبێت، ئەمەیش بە تەواوەتی شتێکی زیاترە لەو مادە زمانییەی کە یەکەمجار خراوەتە بەردەمی. دەتوانین ئەم پرۆسەیە بەم نەخشە هێڵکارییەی خوارەوە دیاریبکەین:

**1ـ توانای یەکەمی زمان :**

**توانای زمانی – زمان- دەربڕینە لێکدراوەکان.**

ئەگەر وا گریمانە بکەین توانا زمانییە مرۆییەکانی منالێک،کە بەشێک لە ئامادەییە خۆڕسکەکەی هەیە، بخەینە نێو ژینگەیەکەوە کە ئەندامەکانی بە زمانی ئیسپانی قسەدەکەن، ئەوا توانا زمانییەکە، ئەو مادە زمانییە هەڵدەبژێرێت کە پەیوەندی بەو واقیعانەوە هەیە کە لەم ژینگەیەدا ڕوودەدەن، منالەکەیش بە پشتبەستن بەم مادە سەرەتاییە، بەو جۆرەی کە بونیادە ناوەکییەکەی بۆی دیاریدەکات، هەمان داڕشتنەوە و فۆرمولەکردنی زمانی دەکات، واتە زمانی ئیسپانی، یان بەشێوەیەکی وردتر بیڵێین، هەمان داڕشتنەوەی ئەو شێوە زمانە ئیسپانییە دەکات، کە منالەکە هەستدەکات لە دەوروبەرەکەیدا بەکاردەهێنرێت. دواتر ئەم زمانە دەبێتە بەشێک لە عەقڵ. کاتێکیش ئەم پرۆسەیە تەواودەبێت، زمان دەگاتە قۆناغی پێگەیشتن، کە توانای زمانی دەیپارێزێت و بەردەوامیی پێدەدات، لەم ئاستەدا منالەکە دەتوانێت لەم زمانە تێبگات و قسەی پێبکات.

زمان لەم ئاستەدا دەبێتە یەکێک لە سیستەمە هەمەجۆرەکانی ئەو مەعریفەیەی کە منداڵەکە دەتوانێت وەریبگرێت، واتە لای ئەو دەبێتە یەکێک لە سیستەمە مەعریفەیەکانی خۆی. زمانیش سیستەمێکی ئاڵۆزە و بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی دیاریکراودا دەناسرێتەوە و مەحکومە بە سروشتی عەقڵ/مێشک. دواتر ئەم زمانە چەندین دیاردەی گریمانەکراو دەستنیشاندەکات، ئینجا بونیادی دەربڕینە زمانییە هەمەجۆرەکان دیاریدەکات کە لەودیوی هەموو ئەزموونێکەوەیە. ئەگەر زمانە وەرگیراوەکە ئیسپانی بێت، ئەوا ئەو سیستەمە مەعریفییەی کە منداڵەکە وەریگرتووە ئەوە دیاریدەکات کە strid ناشێت وشەیەکی ئیسپانی، یان عەرەبی بێت، بەڵام بۆ ئینگلیزی ئەوا ڕێی تێدەچێت و ئەگەری هەیە. بە هەمان ڕێگا ئەوە دیاریدەکات کە گوزارەی el libro دەشیت بە واتایەکی هەستەکی یان ئەبستراکت، یان هەردووکیان پێکەوەیش، بەکاربهێنرێت، هەروەها پەیوەندی نێوان واتای persuader و گوزارەی tener intencion دیاری دەکات. هەروەها لەمەیش زیاتر ئەوە دیاریدەکات کە ڕستەی

رستەیەکی مومکینە Juan se hizo afeitar بە واتا دیاریکراوەکەی، کەچی ئەم ئیمکانە لەدەستدەدرێت، ئەگەر بێتوو گوزارەی a los muchacho بۆ کۆتایی رستەکە زیادبکەین، یان گوزارەی A quien بخەینە سەر سەرەتاکەی، چونکە ئەمە لەگەڵ زۆربەی پێوانەکاندا ناکۆکە. مەسەلەکە بەم جۆرە لە ژمارەیەکی زۆری دیاردە مومکینەکاندا بەردەوام دەبێت، کە لەو ئەزموونە کەسییە زیاتر دەڕوات کە زمانی وەرگرتووە، یان لەو ئەزموونە گروپییە زمانییە تێدەپەڕێت کە لەنێویدا دەژی.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین کە من وشەی «زمان» بۆ ئەوە بەکاردێنم ئاماژە بە دیاردەیەکی تاکەکەسی بکەم، واتە بۆ سیستەمێک کە لە عەقڵ/مێشکی کەسێکی دیاریکراودا دەنوێنرێتەوە. ئەگەر بتوانین پرسەکە بە درێژی و وردەکاری باس بکەین، ئەوا دەبینین کە هیچ دوو کەسێکی تەواو هاوشێوە لە زماندا بوونی نییە، تەنانەت ئەگەر دووانە (جمک)ێکی تەواو هاوشێوەیش بن و لە یەک ژینگەی کۆمەڵایەتیشدا هەمان پەروەردەیان هەبێت. هەر دوو کەسێک

دەتوانن لەیەکتر تێبگەن ئەگەر زمانی هەردووکیان بە ڕادەی پێویست لێکچوو بێت.

بە پێچەوانەی ئەمەوە، لە بەکارهێنانی ئاساییدا، کاتێک لەبارەی زمانەوە قسەدەکەین، پێمانوایە زمان هیچ نییە، جگە لە دیاردەیەکی «کۆمەڵایەتی»، واتە خاسیەتێکە کە ئەندامانی کۆمەڵێک تێیدا هاوبەشن، بەڵام پرسیارەکە ئەمەیە: ئەم کۆمەڵە زمانییە چییە؟ وەڵامێکی روون و ئاشکرا بۆ ئەم پرسیارە نییە. بۆ نموونە با ئێمە زمانی چینی وەک زمان وەربگرین، لەکاتێکدا ئیسپانی و کەتەلۆنی و ئیتالی و زمانە لاتینییەکانی دیکە بە زمانی لێک جیاواز دادەنێین، بەڵام «دیالێکتەکانی زمانی چینی»بە هەمان ڕادەی جیاوازی نێوان زمانە ڕۆمانییەکان جیاوازن، هەورەها ئێمە دەڵێین هۆڵەندی زمانێکە و ئەڵمانی زمانێکی ترە، کەچی لەگەڵ ئەوەیشدا زمانی ئەڵمانیی قسەپێکراو لە نزیک سنوورەکانی هۆڵەندادا دەشیت ئەو هۆڵەندییانەی کە نزیک لەو ناوچەیە دەژین لێی تێبگەن، ئەگەرچی ئەو ئەڵمانیانەی لەم ناوچەی بەکارهێنانی زمانە ئەڵمانییەکە دوورن، ناتوانن لێی تێگەن. زاراوەی

«زمان» وەک ئەوەی لە ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێت کارکردی سیاسی-کۆمەڵایەتی و پێوانەیی ئاڵۆز لەخۆ دەگرێت. جێگای گومانە بتوانین تەفسیرێکی گشتگیر بۆ ئەو شێوازە بەکاربهێنین کە بەهۆیەوە ئەم زاراوەیە لە واقیعدا بەکاردەهێنرێت. ئەمە نابێتە تەنگژە لە بەکارهێنانە ڕۆژانەییەکەی زماندا؛ پێشمەرجەکانی ئەم بەکارهێنانە تەنیا پێویستی بەوەیە کە زارەوەکان وەک پێویست روون بن، لەپێناو مەبەستە ئاساییەکاندا، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لێکۆڵینەوەی جددی لە زمان بکەین، ئەوا دەبێت بە وردی سەرنج لە بۆچوونەکان بدەین و بۆچوونەکانی بەکارهێنانی ئاسایی زمان تەریب بکەین و دەستکاریی بکەین و چاکی بکەین و بە شتی تر جێگای بگرینەوە، ئەمەیش لە کاری زانستە سروشتییەکان دەچێت، کاتێک واتایەکی دیاریکراوی هونەری بە زارەوەکانی وەکو «وزە» و «هێز» و «کار» دەدەن کە زۆر دوورە لە بۆچوون و وێناکردنە تەڵخ و دیارینەکراوەکانی بەکارهێنانی ڕۆژانەی ئەم وشانە؛ خۆ ڕەنگە بەسوودیش بێت کە لە ڕەهەندە سیاسی-کۆمەڵایەتییەکانی زمان بکۆڵینەوە، بەڵام

تەنیا ئەو کاتە دەتوانین ئەم جۆرە لێکۆڵینەوەیە بکەین، کە بە تەواوی لە خاسیەت و بنەماکانی زمان بە مانا ورد و بەرتەسکەکەی تێبگەین، واتە بە مانا دەروونییە تاکەکەسییەکەی. بەم هۆیەوە توێژینەوەکە دەبێتە لێکۆڵینەوە لە چۆنییەتییە جیاواز و پێکەوە پەیوەندیدارەکانی سیستەمە نوێنراوەکان لە عەقلەکان/مێشکەکانی قسەکەراندا لەگەڵ یەکتردا و، لەنێو کۆمەڵێک خەڵکیدا، کە لایەنیکەم بەشەکییانە لەڕێگەی کارکردە نا-زمانییەکانەوە دیاری دەکرێن.

واباشترە لەوەیش تێبگەین، کە توانای زمانی خاسییەتێکی تاقانەی مرۆییە. بوونەوەرانی تر سیستەمی تایبەتییان بۆ پەیوەندی هەیە، بەڵام ئەم سیستەمانە تەواو جیاوازن لە زمانی مرۆیی بە خاسییەتە جیاوازەکانییەوە. زمان تەنیا سیستەمی پەیوەندی و پەیوەندیگیریی نییە. بۆ نموونە ئێمە زمان بۆ دەربڕین و گوزارشت لە فیکر و ئایدیایەک و دامەزراندنی پەیوەندیی کەسی بەکاردەهێنین، بە بێ ئەوەی بایەخێکی ئەوتۆ بە پەیوەندیگیریی بدەین، هەروەها لە یاریی و گەمە و مەبەستە هەمەجۆرەکانی دیکەی ژیانی

مرۆییدا بەکاری دەهێنین. لە ساڵانی ڕابردوو هەندێک هەوڵ هەبوون بوونەوەرانی تری (وەکو شامپانزی و گۆریلا) فێری هەندێک لایەنی زمانی مرۆیی بکەن، بەڵام ئەم هەوڵانە شکستیانهێنا، ئەمە ڕاستییەکە کەسانێک ناهەژێنێت، کە لەم باسە ڕادەمێنن، ئەگەرچی زۆریش لێی وردنەبنەوە. توانای زمانی ڕێژەیەکی زۆر ڕەهەند و تایبەتمەندی بەو بوونەوەرانە دەبەخشێت کە هەیانە. ئەوەیش هەرگیز ڕێی تێناچێت، کە بوونەوەرانێکی دیکەیش هەبن کتومت هەمان توانایان هەبێت و کەچی بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە بەکاری بهێنین چاوەڕوانی مرۆڤ بووبن ڕایان بهێنێت. ڕێژەی ئەگەری ئیمکانی ئەم حاڵەتە بە هەمان ڕێژەی ئیمکانی ئەوەیە کە پۆلێکی نوێی باڵندەکان لە دوورگەیەکی دوور بدۆزرێتەوە کە بتوانێت بەشێوەیەکی سروشتی بفڕێت، بەڵام بیری لە فڕین نەکردبێتەوە و تەنیا دوای ئەوە بفڕێت کە مرۆڤ لەسەر ئەم بەهرەیە ڕای بهێنێت. ئەگەرچی ئەم دۆخە لە ڕووی لۆژیکییەوە مەحاڵ نییە، بەڵام شتێکی وا بدۆزرێتەوە، ئەوا ئەمە پەرجوویەکی زیندەوەرزانییە، ئیدی هۆکارێک

نییە کە وامان لێبکات گریمانەی ڕوودانەکەی بکەین. لەبری ئەوە، وەک هەر لە سەرەتاوە پێشبینیمان کرد، بەڵگەی ئەوە هەیە کە کەمترین ڕادەی خاسییەتی ئاڵۆزی زمانی مرۆیی لە توانای ئەو مەیمونانەیش بەدەرە، کە لە بوونەوەرانی تر زیرەکترن. ئەمە وەکو ئەوەیە کە توانای فڕین و غەریزەی گماندنی کۆتر هەردووکیان دوورن لە توانای مرۆڤ.

وەک دەزانین توانای زمانی نەک تەنیا لە خاسییەتە سەرەکییەکانیدا تایبەتە بە جۆری مرۆیی، بەڵکو خاسییەتی هاوبەشی نێوان تاکەکانی ئەم جۆرەیشە. ئێمە تەنانەت یەک هۆکاریش شک نابەین، کە وامان لێ بکات پێمانوابێت هەر جیاوازییەک لە توانای زمانیدا هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیی نەژادی. خۆ ئەگەر جیاوازییە بۆماوەییەکان کاریگەرییان لەسەر وەرگرتن و بەکارهێنانی زمان هەبێت، ئەوا بەهۆی ئەوەیە، کە هێشتا تواناکانمان ناتوانێت ئەمە بدۆزێتەوە، لەمەیشدا ئەو جیاوازییانە ئاوارتەدەکەین، کە سەرچاوەکەی کەموکورتییەکی فیسیۆلۆژییە و کار لە توانا

نا–زمانییەکانیش دەکات. بگرە زمان لەوپەڕی حاڵەتەکانی نوقسانی و کەموکورتی ئۆرگانیدا وەزیفەی خۆی ڕادەپەڕێنێت. منداڵانی تووشبوو بە نەخۆشی Down ]واتە مەنگۆلییەکان[ ناتوانن لە ڕووی فیکری و زەینییەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ بەدەستبهێنین، کەچی وێڕای ئەوەیش دەتوانن زمانێک وەرگبرن و فێرببن، کە هاوشێوەی زمانی مناڵە ساغەکانە، ئەگەرچی ئەمە لە سنوورێکی بەرتەسکتر و خاوتریشدا بێت، هەروەها دەبینین مناڵە نابیناکان کە بە زۆری لە تاقیکردنەوە و ئەزموونکردن بێبەشن، توانا زمانییەکانیان بەشێوەیەکی سروشتی گەشە دەکات. بگرە توانایەکی بەرزیان هەیە بۆ بەکارهێنانی ئەو گوتانە، کە پەیوەستن بە بینینەوە وەکو «ڕێک دەکاتەوە»، «چاوی لێدەبڕێت»، «هاندەدات»، هەروەک ئەو منداڵانەی کە بینینێکی ئاساییان هەیە.

حاڵەتی وایش هەیە کە هەندێک خەڵکی تێیدا دەتوانن وردەکاری و ئاڵۆزییەکانی زمانی سروشتی، تا ڕادەیەکی بەرزی دڵنیایی وەربگرن، ئەگەرچی هەر لە منداڵییشەوە تووشی کوێری و کەڕی بووبن، لە هەندێک حاڵەتدا تەمەنیان

لە دوو ساڵییش کەمترە، هەڵبەت لەم قۆناغەدا تەنیا دەتوانن چەند وشەیەک دەرببڕن و هیچی تر، هەروەها وەگرتنی زمان لای ئەمانە، بەوەی دەست بخەنە سەر ڕوخساری ئەو کەسەی کە قسەی لەگەڵدا دەکەن، لەو مادە سەرەتاییەدا کورتدەبێتەوە کە وەریدەگرن (دەشێت سەرنجی ئەوە بدەین هیچ یەکێک لەمانەی، کە دەتوانن بەم ڕێگەیە زمان وەربگرن، هەر لە منالییەوە کوێر و کەڕ نەبوون). ئەم نموونانە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە بڕێکی کەمی مادەی سەرەتایی زمانی بەسە تاوەکو توانای عەقڵ/مێشکی زمانی زمانێکی دەوڵەمەند و ئاڵۆز بەرهەمبهێنێت، کە زۆر وردەکاری و ڕێککردنەوەی هەمان ئەو کەسانەی تێدایە کە ئەم جۆرە کەمی و نوقسانییەیان نییە. نموونەی ئەو منالانە هەیە، کە توانیویانە سیستەمێکی هاوشێوەی زمانی سروشتی دابهێنن بە بێ ئەوەی هیچ ئەزموونێکی پێشوەختەیان لەگەڵ زماندا هەبێت، -ئەم منالانە کەڕبوون و بەکارهێنانی سیمبولە بیناییەکانیان وەرنەگرتووە، بەڵام توانیویانە جۆرێکی تایبەتی زمانی ئاماژە پەرە پێبدەن، ئەم زمانەیش هەمان خاسییەتە

سەرەکییەکانی زمانی وتنی هەیە، بەڵام بە میدۆم و نێوانگری تر دەگەیەنرێت و دەگوازرێتەوە.

ئەم بابەتانەیش زۆر سەرسوڕهێنەرن و تەنیا لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا بەشێوەیەکی باش لێیان کۆڵرایەوە، وا پێدەچێت ئەنجامی گشتی ئەم توێژینەوانە پشتیوانی لە هەمان ئەو بەرەنجامە دەکەن، کە پێشتر بینیمان: واتە ئەوە دەردەخەن، کە توانای زمانی خاسیەتێکە لە خاسیەتەکانی جۆری مرۆیی، لەنێو تاکە مرۆییەکاندا گشتییە و، تایبەتمەندە سەرەکییەکانی ئەم توانایەی تێدا کۆبۆتەوە، دەتوانێت زمانێکی زۆر دەوڵەمەند و وردەکار و ئاڵۆز لەسەر بنەمای مادەیەکی کەمی زمانی بەرهەمبهێنێت. ئەو زمانەی کە بەم جۆرە گەشەدەکات، کە ئەم گەشەکردنەیش لە بنەمادا گرێدراوی سروشتییە ئەندامییە هاوبەشەکەیەتی، دەچێتە نێو بیرکردنەوەو تێگەیشتنمانەوە و دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە سروشتمان.

بۆئەوەی قووڵتر لەم بابەتانە تێبگەین، چاوێکی دیکە بەو وەسفە نەخشەییەدا دەخشێنینەوە کە لە هێڵکاریی ژمارەی یەکدا لەبارەی وەرگرتنی زمانەوە پیشانماندا. ئامانجی لێکۆڵینەوەکەمان

ئەوەیە کە سروشت و خاسییەتەکانی زمانی وەرگیراو دیاری بکەین، دواتر سەرنج لە کێشەکەی ئەفلاتون بدەین و پرسیار لەبارەی ئەو چۆنییەتەوە بکەین، کە ئەم سەرکەوتنە دەکاتە شێکتی مومکین. وەڵامدانەوەی ئەمە وا لە خاسییەتەکانی توانای زمانیدا، واتە لەو سیستەمەدا کە لە هێلکاری ژمارە یەکدا پیشاندراوە، ئەمەیشە کە مادەی سەرەتایی زمانەوانی بەردەستی مناڵ دەگۆڕێت بە زمان کە دەبێتە بەشێک لە بەشەکانی عەقڵ/مێشک. دواتریش دەتوانین لە هەندێک پرسی تر بڕوانین کە پەیوەستن بە بەکارهێنانی زمان و پرۆسە ئۆرگانییەکانی دیکەوە کە بەشدارن لە تەفسیرکردن و بەکارهێنان و وەرگرتنیدا.

لێرەدا چەند نموونەیەکم باسکردووە کە ئەو کێشانەی دێنە پێش، رووندەکەنەوە، لە کاتی تاوتوێکردنیشدا دەگەڕێمەوە بۆ وەڵامە گریمانەکراوەکانی ئەم کێشانە. با یەکەمجار بەشێوەیەکی قووڵ لەو کێشانە بکۆڵێنەوە کە لەم باسەدا ڕووبەڕوومان دەبنەوە. دەبێت ئاماژە بەوەیش بکەین، کە پاساو و شیکارییەکە

لەو کاتەدا زیاتر ئاڵۆز دەبن کە لە تاوتوێکردنی حاڵەتە سادەکانەوە دەپەڕینەوە بۆ تاوتوێکردنی حاڵەتە ئاڵۆزترەکان، بۆیە پێویستە پشوودرێژ و ئاگاداربین تاوەکو بتوانین بەدوای ئەم پاساو و شیکارییەدا بڕۆین. پێموایە، ئەمە شتێکی پێویستە بۆ ئەو لێکۆڵەرەی، کە ئەم جۆرە بابەتە گشتییانەی پەیوەست بە زمان و بیرکردنەوە و مەعریفەوە، بەشێوەیەکی پەسەندتر تاوتوێدەکات، تاوەکو ڕەزامەندیی بەدەستبهێنێت، هەر ئەمەیش بە درێژایی چەندین سەدە بواری زۆر بانگەشە و مشتومڕی درێژ و جەختکردنەوەی دڵنیارکەرەوە بووە، هەروەها پێشموایە زۆر کەموکورتی و نوقسانی لە ڕوانگەکانی ئەم مشتومڕانەدا هەیە، بەتایبەتیش دەربارەی ئەو شتەی کە بەشداری لە گەشەکردن و بەکارهێنانی زماندا دەکات؛ هەندێک مانەوەیش لەسەر راستی بابەتەکان ئەوە رووندەکاتەوە، کە زۆرینەی ئەم مشتومڕانە شێوێنراون و زۆر خراپ لێیان تێگەیشتراوە. لە کاتی تاوتوێکردنەکەدا

بەڵگە بۆ ئەم قسەیەم دەهێنمەوە. خۆ ئەگەر ئەم حوکمە دروستبێت، ئەوا توێژینەوە لەم بابەتە لەڕووی فیکرییەوە قورس و سەختە و، هەندێجار لە واقیعدا کاردانەوەی هەیە، بگرە لە راستیدا شتێکی سەرەکییە بۆ هەر کەسێک کە ئومێدی ئەوەی هەیە تێگەیشتنێکی باشتری بۆ کۆی ئەم پرسانە هەبێت.

کەواتە با خەیاڵی ئەوە بکەین، کە زانایەکی مەریخی، با بلێین ناوی «جۆن م.»ە، زانستە سروشتییەکان و هەموو زانستە وردەکانی تر دەناسێت، بەڵام هیچ شتێک دەربارەی زمانی مرۆیی نازانێت. دەی با ئەو گریمانەیەش بکەین، کە ئەو ئێستا ئەم دیاردەیە بایۆلۆژییە سەیرەی کەشف کردووە و دەیەوێت بە پەیڕەوکردنی میتۆدی لێکۆڵینەوە زانستییەکان لێی تێبگات، واتە میتۆدی عەقڵی بۆ لێکۆڵینەوە. وا روودەدات کە «جۆم م.» لەکاتی تێبینیکردن، یان ئەنجامدانی هەندێک ئەزمووندا ئەو قسەکەرە ئیسپانییانە دەبینێت کە قسە لە جۆری ژمارە (2) دەڵێن و دەیاندەنە پاڵ یەکتری، تاوەکو بونیادێکی ئاڵۆزتری وەکو ژمارە (3) دروستبێت:

El hombre esta en la casa-أ.2

**دەبێت ـەوە ماڵ لە ـەكە پیاو**

**«پیاوەكە لە ماڵەوە دەبێت».**

**«پیاوەكە لە ماڵەوەیە».**

El hombre esta en content -ب.2

**دەبێت بەختەوەر ـەكە پیاو**

**«پیاوەكە بەختەوەر دەبێت».**

**«پیاوەكە بەختەوەرە».**

El hombre, que esta content, esta en .3 la casa

**ئەو پیاوەی كە بەختەوەرە، لە ماڵەوەیە.**

**«پیاوە بەختەوەرەكە لە ماڵەوەیە».**

ئەم رستە هەواڵییانە جەخت لەسەر هەندێك بانگەشەدەكەنەوە، كە دەشیت بە پێی دۆخەكان، راست یان هەڵە بن. بە بەدواداچوون بۆ مەسەلەكە «جۆن. م» بۆی دەردەكەوێت، كە قسەكەرانی ئیسپانی لەم ڕستانەی كە لە لە ژمارە (2) دا هەیە، رستەی پرسیاری دروستدەكەن، ]دیارە لە زمانی كوردیدا ڕێساكە جیاوازە لە ڕێسای زمانی

ئیسپانی و زمانەکانی تر. وەرگێڕ[ ئەویش بە گواستنەوە کردارەکە بۆ سەرەتای رستەکە، کە ئاوای لێ دێت:

?Esrta el hombre en la casa -أ4

**ە ماڵ لە ـەکە پیاو**

**پیاوەکە لە ماڵە؟**

**«ئایا پیاوەکە لە ماڵەوەیە؟»**

?Esta el hombre content -ب4

**دەبێت بەختەوەر ـەکە پیاو؟**

**پیاوەکە بەختەوەر دەبێت؟**

**«ئایا پیاوەکە بەختەوەرە؟»**

ئینجا ئێستا «جۆن م.» پرسیار لە خۆی دەکات دەربارەی ئەو چۆن دەکرێت رستەی پرسیاری لە رستەی ژمارە (3) دروستبکرێت. ئەمە لە زانستدا پرسیارێکی سروشتی و سادەیە، بێگومان لای قسەکەرانی ئیسپانی رێسایەکی دیاریکراو هەیە کە بەکاریدەهێنن، تاوەکو رستەی پرسیاری لە رستەی هەواڵی دروستبکەن، واتە رێسایەکی دیاریکراو کە بەشێکە لە زمانی

سەیڤکراو لە عەقڵ/مێشکیاندا. هەروەک چۆن زانا مەریخییەکە ڕێنوێنێکی دیاریکراوی هەیە لەسەر سروشتی ئەم ڕێسایە، بەتایبەتیش، ئەو ڕێنوێنەی کە نموونەکانی وەکو (2) و (4) ی پێدەدات، بەڵام ئەو کێشەیەی کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە ئەوەیە، کە گریمانەیەک بۆ سروشتی ڕێساکە دابنێت و ئەم گریمانەیە بە ڕەچاوکردن و بەکارهێنانی لە هەندێک نموونەی ئاڵۆزتری وەکو نموونەکانی ژمارە (3) دا تاقیبکاتەوە.

گریمانەی سادە و روون ئەوەیە، کە ڕێساکە وەزیفەکانی خۆی بەم جۆرە جێبەجێدەکات: بەدوای یەکەم دەرکەوتنی کردارەکەدا دەگەڕێم (یان بە دوای کردارە هاوشێوەکانی تردا). پاشان دەیگوزازمەوە بۆ سەرەتای رستەکە. با ناو لەم ڕێسایە بنێین (ڕ). روونە کە ئەم ڕێسایە بەسەر نموونەکانی ژمارە (2) دا دەچەسپێت، کە نموونەکانی ژمارەی (4)ی لێدەکەوێتەوە، ئەمەیش ئەو شتەیە کە لەگەڵ راستییەکانی تێبینیکردندا هاوتا دێتەوە.

خۆ ئەگەر بمانەوێت ئەم گریمانەیە بەسەر نموونەگەلێکی ئاڵۆزتری وەکو ژمارە (3) دا

جێبەجێبکەین، ئەوا رستەکە هەر لە سەرەتاکەیەوە دەخەینەڕوو، تاوەکو یەکەم دەرکەوتنی کرداری esta ببینین، پاشان بیخەینە سەرەتای رستەکەوە، تاوەکو ئەم رستە پرسیارییەی لێ دەربهێنین:

Esta el hombre, que contento, esta en .5 ?la casa

**ـ لەماڵەوە، کە بەختەوەرە، ـ کە پیاو؟**

**بەڵام ئەم رستەیە لە ئیسپانیدا هەڵەیە، بەڵام رستەی پرسیاری راستی ژمارە (3) رستەی ژمارە (6)ە.**

Esta el hombre, que esta entento, en .6 ?l casa

**ـ پیاوەکە ، کە دەبێت بەختەوەر، دەبێت لە ماڵ.**

**«ئایا پیاوە بەختەوەرەکە لەماڵەوەیە؟».**

کاتێک زانا مەریخییەکە دەزانێت گریمانەکەی شکستیهێناوە، دەیەوێت گریمانەیەکی جیاواز دابنێت، تاوەکو بیخاتە جێگای رێسای (ڕ). سادەترین ئەگەرەکان ئەوەیە، کە رێساکە بەدوای دەرکەوتنی کۆتایی کرداری esta دا بگەڕێت و بیخاتە سەرەتای رستەکەوە. ئەم رێسایە لە هەموو

ئەو نموونانەدا کە باسمانکردن راست دەردەچێت، بەڵام لە واقیعدا هەڵەیە، هەر وەک ئەوەی «جۆن م.» بە خێرایی بۆی دەردەکەوێت. خۆ ئەگەر لە لێکۆڵینەوەکەی بەردەوام بێت ئەوا دەبینێت کە هەر رێسایەک تەنیا ئاماژە بە ریزبەندیی هێڵییانەی وشەکان linear order دەدات لە رستەیەکدا کە هەرگیز راست نییە. بەڵام رێسا راستەکە بەم جۆرەیە: بەرکەوتنی یەکەم دەرکەوتنی کرداری esta (وشە هاوشێوەکانی تریشی) بە جۆرێک، کە ئەو ببێتە کرداری سەرەکی، واتە ببێتە کرداری سەرەکیی رستەکە، ئینجا لە سەرەتای رستەکەدا دای دەنێت. با بەم رێسا دروستەیان بڵێین رێسای «ڕ پ» (رێسای دروستکردنی پرسیار(.

ئەم دۆزینەوەیە زۆر سەرسوڕهێنەرە، ئەگەرچی راستییەکانیش زۆر روونن. ئەوە گرنگە کە لە شتە سادەکان سەرمان بسوڕمێت، بۆ نموونە لەوەی کە شتەکان دەکەونە خوارەوە نەک دەکەونە سەرەوە، بەخێراییەکی دیاریکراویش ئەمە روودەدات، ئەوەیش سەرسوڕهێنەرە کە ئەگەر بخرێنە سەر رووتەختێکی یەکسان لە هێڵێکی راستدا دەجووڵێن، نەک لە بازنەدا، ئیتر بەم شێوەیە.

سەرەتای زانست ئەوەیە کە ئەوە ساغبکەینەوە، سادەترین رواڵەتە ئاساییەکانی ژیان مەسەلەی زۆر سەخت دەوروژێنن: واتە بۆچی بەو شێوەیەیە کە هەیە و بەشێوەیەکی تر نییە؟ لەو حاڵەتەی باسەکەماندا «جۆن م.»ی زانای مەریخی زۆر سەری لەوە دەسوڕمێت کە دەیدۆزێتەوە، هەڵبەت ئەگەر زانایەکی جددی بێت. لە راستیدا رێسای (ڕ پ) کۆمپیوتەرییانە computatioal ئاڵۆزترە لەو رێسایەی کە ناچار بوو دەستی لێ هەڵگرێت و فەرامۆشی بکات. ئەوەیش لەبەرئەوەی جێبەجێکردنی رێسا ئاسانەکان تەنیا توانای ناسینەوەی وشەکانی دەوێت لە زنجیرەی قسەدا، بەڵام جێبەجێکردنی رێسای (ڕ پ) پێویستی بە شیکارییەکی کۆمپیوتەرییانەی ئاڵۆز هەیە بۆ دۆزینەوەی کردارێک، کە لە رستەکەدا لە پێگەیەکی دیاریکراوی بونیادیدا بێت، واتە ئەو کردارە پێگەیەکی دیاریکراوی لەنێو گوزارەکانی ئەم رستەیەدا بەشێوەیەکی ورد گرتبێت. ئەم ئەرکە کۆمپیوتەرییە هەرگیز ئاسان نییە، ڕەنگە هەق بێت پرسیارکەرێک پرسیار دەربارەی هۆکاری

بەکارهێنانی ڕێسای (ڕ پ)ی ئاڵۆزی کۆمپیوتەری لای قسەکەرە ئیسپانی و ئینگلیزییەکان، بکات لەبری بەکارهێنانی ئەو ڕێسا ئاسان و سادەیەی کە تەنیا پێویستی بە ئاگادارییە لە ریزبەندیی هێڵییانەی وشەکان. لێرەدا ڕووبەڕووی حاڵەتێکی سادە لە حاڵەتەکانی کێشەی ئەفلاتون، بەڵام وروژێنەر، دەبینەوە.

دوای ئەوەی «جۆن م.» دەربارەی زمانی ئیسپانی دەگاتە ئەم راستییانە، هەوڵدەدات لە کێشەکەی ئەفلاتون ڕابمێنێت: واتە قسەکەرانی ئیسپانی چۆن دەزانن، کە لەسەریان پێویستە ڕێسای (ڕ پ)ی ئاڵۆزی کۆمپیوتەری بەکاربهێنن، نەک ڕێسا سادەکە کە ڕیزکردنی هێڵییانەی وشەکانە؟ ڕەنگە وا گومان ببرێت، کە ئەوان پێشتر ئەمە دەزانن، لەبەرئەوە بڕوا وایە منداڵان ڕێک بە هەمان ئەو ڕێگایە کاردەکەن، کە زاناکە پەیڕەویی دەکات، واتە ئەوان کاتێک سەرنج لە نموونەکانی (2) و (4) دەدەن پێشنیاری ڕێسای هێڵییانەی سادەی «ڕ» دەکەون و پێیانوایە ئەوە ئەو ڕێسایەیە کە دەبێت بەکاریبهێنن. دواتر هەوڵی داڕشتنی رستەی پرسیاری لە رستەی ژمارە (3)

دەدەن، رستەی لێکدراوی (5) دروستدەکەن، ئینجا دایک و باوکیان پێیاندەڵێن ئەمە ئەو شێوازە نییە، کە ئێمە لە زمانی ئینگلیزیدا دەربارەی شتەکان قسەی پێدەکەین، بەڵکو ئەوەی پێویستە ئەوەی دەیڵێین بە شێوەی ژمارە (6) بێت. دوای ئەوەی ڕاهێنانێکی تەواوی لەم جۆرە دەکەن، مناڵەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دارِشتنی رستە بەگوێرەی رێسای «ڕ پ» سەرکەوتوو دەبن.

بەڵام زانا مەریخییەکە بە زوویی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە ئەم گریمانانە راست نین. مناڵان لەم شتانەدا هەڵە ناکەن و، هیچ راستکردنەوەیەکیان بۆ ناکرێت و هیچ ڕاهێنانێکیان پێناکرێت. بە هەمان شێوە، دەقێکی نووسراو نییە، کە بۆ فێربوونی زمانی ئیسپانی دابنرێت و خوێنەر لە بەکارهێنانی رێسای هێڵییانەی سادەی «ڕ» ئاگادار بکاتەوە و لەبری ئەمە پێیبڵێت کە رێسای «ڕ پ»ی ئاڵۆزیی کۆمپیوتەری بەکاربهێنێت. راستییەکەی ئەوەیە کە، تا ماوەیەکی کەم لەمەوبەریش، هیچ توێژنەوەیەک نەبوو دەربارەی زمان کە بە روونی سەرنجی ئەوەی دەربڕیبێت دەبێت رێسای «ڕ پ» لەبری رێسای «ڕ»ی هێڵییانەی

ساده بەکاربهێنرێت، بۆیە بەجۆرێک سەیری ئەم ڕاستییە نەکراوە، کە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیە، ئەمە دۆخێکە لەو شتانە دەچێت، کە لە قۆناغە سەرەتاییەکانی زانستی مرۆییدا ڕووی دەدا، ئەو کاتەی کە خێرایی کەوتنە خوارەوەی بەردێک جێگای سەرنج نەبوو.

کە «جۆن م.»ی زانای مەریخی هەموو ئەم شتانە دەدۆزێتەوە، ئەوا تاکە بەرەنجامی بەدەستهاتوو ئەوەیە، کە بنەمایەکی خۆڕسکی عەقڵ/مێشک هەیە کە ڕێسای «ڕ پ» وەک تاکە ئەگەر پیشاندەدات، ئەویش کاتێک کە نموونەی سادەی وەکو ژمارە (2) و (3) دەخەینە ڕوو. ڕێسای ڕاستەهێڵییانەی سادەی «ڕ» ئەگەرێک نییە، کە هەرگیز شایەنی لەسەر وەستان بێت. ئەگەر «جۆن م.» لە لێکۆڵینەوەکەی بەردەوام بێت ئەوا ئەوە دەدۆزێتەوە کە هەموو ڕێساکان لە زمانی ئیسپانیدا و، لە زمانی مرۆییش بە گشتی، لە ڕێسای «ڕ پ» دەچن و لە ڕواڵەتێکی وێنەیی گرنگدا جیاوازن لە ڕێسای ڕاستەهێڵییانەی «ڕ»، ئەویش ئەوەیە کە ڕێساکانی زمان سەرنج لە ڕیزبەندیی

راستەهێڵییانەی سادە نادات، بەڵکو پشت بە بونیادێکی وەک ڕێسای «ڕ پ» دەبەستێت. ئەم ڕێسایانەیش بۆ دەربڕینی ئەوتۆ بەکاردێن، کە بونیادێکی دیاریکراویان لە چوارچێوەی گوزارە هەرەمییە جیاوازەکاندا هەیە و، ئەگەر گوزارەکان بخەینە نێو جووت کەوانەی ڕێکەوە ئەوا دەکرێت بونیادێکی هەرەمی لە نموونەکانی (2) و (3) دا، وەک ئەوەی لە ژمارە (7)دا هەیە، دەربکەوێت. (لێرەدا تەنیا هەندێک بونیادی ئاڵۆز ڕووندەکەینەوە):

7أ- [El hombre] esta en la casa.

**ماڵەوە لە ـە پیاوەکە**

**]"پیاوەکە[ لە ماڵەوەیە».**

7ب- [El hombre] esta content

**]بەختەوەر[ ـە پیاوەکە.**

**] «پیاوەکە[ بەختەوەرە».**

7ج- [El hombre [que esta conttento]] esta en la casa.

**]پیاوەکە ]کە بەختەوەرە[[ لە ماڵ دەبێت.**

**«پیاوە بەختەوەرەکە لە ماڵەوەیە".**

لێرەدا دەبینیت ڕێسای «ڕ پ» «زەقترین» دەرخستنی کرداری esta یە، واتە لەو تاکە دەرکەوتنەدا ،کە ئەم کردارە لەنێو کەوانەی ڕێکدا نییە، واتە (7ج)، پاشان دەیخەیتە سەرەتای ڕستەکەوە، لەمەیشەوە هەردوو ڕستەی لێکدراوی (4) و (6)ی لێ بەرهەمدەهێنرێت.

ئەو منداڵەی بەشێوەیەکی پێش-ئەزموونی فێری زمانی ئیسپانی، یان هەر زمانێکی دیکەی مرۆیی دەبێت، دەزانێت کە ڕێساکان پشت بە بونیاد دەبەستن. ئەو سەرنج لە ڕێسای ڕاستەهێڵییانەی سادەی «ڕ» نادات، کەوایە دەستی لێ هەڵدەگرێت و وەلای دەنێت بۆ ڕێسا ئاڵۆزترەکەی «ڕ پ»، لەمەیشدا هەمان هەڵسوکەوتی ئەو زانایە دەکات کە لێکۆڵینەوە لە زمان دەکات. لەبری ئەمە منداڵەکە، بە بێ هیچ ئەزموون یان ڕاهێنانێک دەزانێت، کە ڕێسای ڕاستەهێڵییانەی سادەی «ڕ» جێگرەوەیەکی هەڵبژێردراو نییە، بەڵکو ڕێسای «ڕ پ»ی «پشتبەستوو بە بونیاد» تاکە ئەگەرێکە. ئەم مەعریفەیە بەشێکە لە ئامادەیی بایۆلۆژییانەی منداڵ، واتە بەشێکە لە بونیادی توانای زمانی. بەشێکە لە دەزگا عەقڵییەکەی کە بەهۆیەوە ڕووبەڕووی جیهانی ئەزموون دەبێتەوە.

پێویستە سەرنج لەوە بدەین ئەرکی ئەو مناڵەی کە فێری ئیسپانی دەبێت و ئەرکی ئەو زانایەی کە لە سروشتی زمان دەکۆڵێتەوە لە زۆر لایەنەوە جیاوازن و لە هەندێ لایەنی دیکەوە هاوشێوەن. ئەو بنەمایانەی کە زاناکە هەوڵدەدات بیاندۆزێتەوە بنەماگەلێکن، کە پێشتر مناڵەکە بەشێوەی حەدسی نا-ئاگایانە زانیویەتی، بەڵام بۆ زاناکە تەنیا دوای لێکۆڵینەوە و بیرکردنەوەیەکی قووڵ دەردەکەوێت، کە لە ئیسپانیدا ڕێسای «ڕ پ» ڕێسای بەکارهێنراوە و، بنەمای پشتبەستن بە بونیاد بەشێکە لە بونیادی توانای زمانی. ئاکامی ئەمەیش لەم حاڵەتەدا چارەسەرکردنی کێشەکەی ئەفلاتونە.

کاتێک زاناکە مرۆڤێکە و مەعریفەی حەدسی لەبارەی زمانەوە هەیە، ئەرکەکە لە هەندێک لایەنەوە ئاسانترە، بەڵام لە هەندێک لایەنەوە سەختترە. تەنیا بەوەی زانا مرۆڤەکە سەرنجی ئەم کێشەیە بدات، چارەسەرەکە بە زەینیدا دێت، ئەوەیش لەبەرئەوەی ئێمە دەتوانین چەندێتییەکی گەورەی مادەی سەرەتایی گونجاومان هەبێت، بگرە لە ڕاستیدا ئێمە لەنێو ئەم حاڵەتەداین.

ئەركی زانای مرۆڤ لەم ڕووەوە ئاسانترە لە ئەركی زانایەكی مەریخی كە نازانێت نیگای خۆی ئاراستەی چ لایەك بكات. لەمەیشدا حاڵی وەكو زانای مرۆڤە كە نازانێت نیگای بەرەو كوێ ئاراستەی بكات، كاتێك لێكۆڵینەوە لە بنەمای زانستە سروشتییەكان دەكات. بەڵام شایەنی باسە كە تێگەیشتنی حەدسی دەشێت ببێتە هۆی پەككستنی لێكۆڵینەوە، تەنانەت دەشێت نەهێڵێت ئەوەیش ببینین، كە كێشەیەك هەیە و پێویستی بە چارەسەرە. وەك باسمكرد، ئەو تەنیا ماوەیەكی كەمە لەوە ئاگاداربووە، كە حەقیقەتە زۆر سادەكانی وەك ئەوانەی باسمانكردن، دەشێت كێشەی زۆر سەخت بنێنەوە.

دەبێت جارێكیتریش بڵێین ئەم حەقیقەتانە سەرسوڕهێنەرن. هۆكارێكی لۆژیكیی نییە، كە زمان ناچاربكات «پشتبەستن بە بونیاد» بەكاربهێنێت لەبری ڕێسا ڕاستەهێڵییەكان، خۆ ئەوە زۆر ئاسانترە، كە زمانەكان بەو جۆرە داڕێژرابان، كە ئەم ڕێسا سادانەی بەشێوەی كۆمپیوتەرییانە بەكاربهێنایە. لە زمانێكی لەم شێوەیەدا ڕستەی پرسیاریی ژمارە (3) ژمارە (5)ـە نەك ژمارە(6).

ڕەنگە ئەم زمانە مەبەستە پەیوەندیگیریی و گەیاندنییەکانی فیکر و بەکارهێنانەکانی دیکەی زمان وەک پێویست جێبەجێبکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا نابێتە زمانێکی مرۆیی. منداڵان زۆر بەسەختی فێری ئەم زمانە سادەیە دەبن، کەچی ئەوەتا دەتوانن زمانی مرۆیی ئاڵۆزتر بەشێوەیەک زۆر خۆکردانە فێر ببن، بە بێ ئەوەی هەڵە بکەن، یان هیچ ڕاهێنانێکیان لەم جۆرە حاڵەتانەدا پێ بکرێت، ئەوەیش بەهۆی ناسینی پێشوەختەی زمانی مرۆیی و بنەماکانییەوە. قسەکەرە پێگەیشتووەکانیش هەست بەوە دەکەن، بۆیان سەختە ئەم زمانە سادەترە لە ڕووی وێنەییەوە بەکاربهێنن، بەو هۆیەی کە ناچاریان دەکات پرۆسەی کۆمپیوتەرییانەی ئاگامەندانە بەکاربهێنن لەبری ئەوەی بە بێ بیرکردنەوەی ئاگایانە، پشت بەو پرۆسانە ببەستن کە توانای زمانی، بەشێوەیەکی خۆکرد، جێبەجێیان دەکات. بنەمای «پشتبەستن بە بونیاد» بنەمایەکی زۆر گرنگە و، تایبەتمەندییەکی ئاستبەرزی زمانە مرۆییەکانە و گرنگییەکەی لەو نموونانەدا ڕووندەبێتەوە، کە پێشتر باسمانکردن. چارەسەرەکەمان لێرەدا

چارەسەرێکی سادەی کێشەکەی ئەفلاتونە و ڕێگەیەکە کە دەکرێت ئەم کێشەیەی پێ تاوتوێ و چارەسەر بکرێت.

دەبێت سەرنجی ئەوەیش بدەین، سەیر نییە گەر زمان بونیادێکی هەڕەمییانەی هەبێت، هەر وەک ئەوەی لە دانان لەنێو کەوانەکاندا ڕووندەبێتەوە و پێشتر لەو نموونانەی باسمان کردن لایەنێکیمان دەرخست؛ لە سروشتدا زۆر سیستەم هەیە، کە سروشتی هەرەمیی جیاوازییان هەیە، لەو سیستەمانەیش سیستەمی بایۆلۆی و مەعریفی، هەروەها دەتوانین نموونەی ئەوتۆ بدۆزینەوە، کە هاوشێوەی ڕێساکانی «پشتبەستن بە بونیاد» بێت لە بوارە نا-زمانییەکاندا، بەڵام ئەم تێبینییانە گرنگییەکی ئەوتۆیان نییە. ڕێسای ڕاستەهێڵییانەی وەک ڕێسای «ڕ» و ڕێسای پێشتبەستن بە بونیاد وەک ڕێسای «ڕ پ» هەموویان لە پرۆسە عەقڵییە مرۆییەکاندا هەن، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەمەیە: بۆچی مناڵ، بە بێ ئەوەی هەڵە بکات، ڕێساکانی پشتبەستن بە بونیاد، کە لە لایەنی کۆمپیوتەرییەوە ئاڵۆزترە، بۆ وەرگرتن و بەکارهێنانی زمان هەڵدەبژێرێت و ڕێسا

راستەهێڵییەکان هەڵنابژێرێت، کە ئاسانتریش دێنە پێشچاو؟ کەواتە ئەمە تایبەتمەندییەکی توانای زمانی مرۆییە، نەک تایبەتمەندی گشتیی دەزگای ئەندامی یان پرۆسە عەقڵییەکان.

با لێرەدا هەندێ حاڵەتی ئاڵۆزتر باس بکەین؛ با وا گریمانە بکەین کە زانا مەریخییەکە لە لێکۆڵینەوەکەی لە زمانی ئیسپانی بەردەوام دەبێت، ئێستا پرسیاری ئەوە دەکات کە چۆن جێناوەکان بەکاردێن و تێدەگەیشترێن. بۆی دەردەکەوێت جێناوەکان دوو فۆڕمیان هەیە، واتە جێناوی نەلکاوی وەک el و جێناوی لکاوی وەک lo، کە وەک جێناوی se بە کردارەوە دەلکێت. بۆیە دەبینێت کۆمەڵە رستەیەکی وەک (8 أ) جێناوی نەلکاوی وەک بکەری کرداری (ama) ی تێدادەردەکەوێت و، رستەگەلێکی وەکو (8 ب) جێناوی لکاوی (lo)ی تێدا دەردەکەوێت کە لکاوە بە کرداری (examiner)ەوە و بۆی بۆتە بەرکارێکی راستەوخۆ:

8 أ- El ama a Juan

**ژوان بۆ خۆشدەوێ ئەو.**

**] «ئەو] ژوانی خۆشدەوێ.**

8 ب- Juan nos mando [examinarlo].

]تاقییبکەینەوە ئەو[داوامانکرد ئێمە ژوان.

« ژوان داوای لێکردین تاقییبکەینەوە.

**هەر لە رستەی (8 ب) دا دەبینین جێناوی لکاوی nos بەرکارێکی راستەوخۆی لە شوێنە ئاساییەکەی خۆیدا بۆ کرداری mandar گواستۆتەوە و لکاوە بە کردارەکەوە. رستەی (8 ب) دوو ئەگەر دەردەخات کە جێناوەکە دەتوانێت وەریان بگرێت، وەک ئەوەی لە رستە جێگرەوەکانی وەکو ئەمەدا دەیبینین:**

Juan hozo afeitarse

و

Juan se hizo afeitar

بە گشتی جێناوەکان دوو بەکارهێنانی جیاوازیان هەیە. دەکرێت جێناوێکی وەکو el یان lo بدرێتە پاڵ کەسێک کە کۆنتێکستەکە ] ئەم کەسە[ دیاریدەکات، یاخود گوزارەیەکی تر، کە پێیەوە پەیوەندیدارە. کەسەکە دیاری دەکات. لە حاڵەتی یەکەمدا دەڵێین جێناوەکە ئازادە، لە حاڵەتی دووەمدا دەڵێین جێناوەکە لکاوە. جێناوی nos لە (8 ب)دا، ئازادە، چونکە هیچ شتێک لە رستەکەدا نییە کە بکرێت جێناوەکە پێیەوە بلکێت، بەڵام lo دەکرێت یان ئازاد بێت یان لکاو بێت بە (Juan)ـەوە، لەم حاڵەتەدا دەدرێتە پاڵ ژوان.

خۆ ئەگەر زانا مەریخییەکە ئەم راستییانە بدۆزێتەوە ئەوا ئەم گریمانە سروشتییە دەربارەی جێناوەکان دەخاتەڕوو، ئەویش ئەوەیە کە دەکرێت جێناو ئازاد بێت یان لکاو وەک لە (8 ب) دا دەردەکەوێت، بەڵام لە (8 أ)دا وا گومان دەبات کە el دەکرێت ئازاد بێت، واتە بگەڕێنرێتەوە بۆ کەسێکی دیاریکراو کە لە کۆنتێکستی قسەکەدا دەربکەوێت، یاخود لکاوە و دەگەڕێتەوە بۆ ژوان، لەم کاتەدا واتای رستەکە دەبێتە (Juan se ama) (ژوان خۆیی خۆشدەوێت)، بەڵام ئەم پێشبینییە راست نییە. جێناوی el لە (8 أ)دا دەبێت ئازاد بێت –چونکە ئەوە دیارنییە کە ژوان سەرچاوەکەیەتی یان نا– ئەگەرچی لە رستەکانی تردا لکاو بێت، وەک ئەوەی بەخێرایی ئەمە دەردەکەوێت. جارێکی تریش دەبێت گریمانەیەکی ئاڵۆزتر بخەینەڕوو.

سەرنج لەوە بدە، کە ئێمە نموونەیەکی نوێمان بۆ کێشەی ئەفلاتون هەیە: واتە راستییە زانراوەکان بە بێ ئەزموونی پێشوەختە، یان ڕاهێنان، ئەمە لە هەمانکاتدا سەرسوڕهێنەرە، ئەوەیش لەبەرئەوەی کە گریمانە سادەکە دروست نییە.

گریمانە سروشتییەکە، کە قۆناغێکی ئاڵۆزتریشە، ئەوەیە کە لە ئەنجامی ریزبەندیی وشەکان لە رستەکەدا، جیاواز بێت. جا لەبەرئەوەی lo بەدوای juan ـدا هاتووە، کەوایە ناشێت پێوەی بلکێت. جارێکی تریش سوپرایزێکمان بۆ دەردەکەوێت. بۆ نموونە بڕوانە لە نموونەکانی ژمارە (9):

9 أ- [Su amigo] llamo a Juan]

**ژوان بۆ بانگی کرد ]هاوڕێکەی ئەو[.**

**[ «هاوڕێکەی[ ژوانی بانگ کرد.**

9 ب- [El hombre [que lo escribio]] destruyo] el libro

**کتێبەکە دڕاندنی ] نووسیبووی ئەو ـەکە پیاو[.**

**]ئەو پیاوەی ]کە نووسیبووی[[ کتێبەکەی دڕاند.**

دوو کەوانە ڕێکەکە لێرەدا بکەری رستەکە دیاریدەکات، وەک چۆن دوو کەوانە ڕێکە زیادکراوەکە لە (9 ب)دا رستەی گەیەنراو دیاریدەکات کە بکەرەکە لەخۆیی دەگرێت.

لەم دوو رستەیەدا جێناوی su پێش ناوی

Juan هاتووە، وەک چۆن جێناوی lo پێش ناوی el libro هاتووە، کەواتە بە گوێرەی ئەو گریمانەیەی ئێمە باسی دەکەین، ناکرێت دوو جێناوەکەوە بلکێن بە Juan و el libro وە، بەڵام دەبێت ئازاد بن و بگەڕێنرێنەوە بۆ شتێکی تری جگە لە juan لە (9 أ) و شتێکی تری جگە لە «ئەو کتێبەی کە درێنراوە» لە (9 ب)دا، بەڵام ئەم دەرنجامە هەڵەیە، چونکە دەکرێت دوو جێناوەکە بلکێن بە Juan و el libro وە. هەمان شت لە نموونە ئینگلیزییە هاوشێوەکانیشدا راستە، لەبەرئەوە ئەم گریمانەیە راست نییە، بۆیە دەبێت زانا مەریخناسەکە بەدوای گریمانەیەکی تردا بگەڕێت.

دەبێت زۆریش لە شکستی ئەم گریمانەیە سەری سوڕنەمێنێت، چونکە ئەویش لەسەر ریزبەندیی هێڵییانەیە کە پێشتر بۆمان دەرکەوت گرامەری زمانی مرۆیی بەو جۆرە نییە، ئەگەرچی ریزبەندییەکی سادەیشە، بەڵکو رێسای زمان «پشتبەستووە بە بونیاد». ئێستا با ئەم گریمانەی پشتبەستن بە بونیاد تاقیبکەینەوە:

با یەکەمجار بواری جێناو domain of a pronoun بەوە پێناسەبکەین، کە بچووکترین

گوزارشت تێیدا دەردەکەوێت. ئەگەر ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ژمارە (8) ئەوا دەبینین بواری جێناوی el لە (8 أ)دا تەواوی رستەکەیە، بەڵام لە (8 ب)دا بواری جێناوی lo ئەو گوزارەیە کە خراوەتە نێو دوو کەوانە ڕێکەکەوە، کە رستەی زێدەکراوی کرداری mando و، کرداری mandar ـە وەک کرداری hacer کە رستەی زیادکراو وەردەگرێت، بەڵام کرداری mandar ـیش گوزارەی خاوەن ناو (عبارە اسمیە) وەک زیادە وەردەگرێت، واتە جێناوی لکاوی nos لە (8 ب)دا:

8 أ- El ama a Juan.

**ژوان بۆ خۆشیدەوێ ئەو**

**ژوان بۆ بانگی کرد هاوڕێکەی ئەو**

**«ژوانی خۆشدەوێ».**

8 ب- Juan nos mando [examinarlo].

Juan asked us to examine him.

**ژوان داوای لێکردین ]تاقیی بکەینەوە[ .**

لە رستە ئینگلیزییە هاوشێوەکەدا کرداری ask دوو ئەرک وەردەگرێت، واتە پێکهاتەی ناوی us و رستەی زیادکراو to examin him.

خۆ ئەگەر لە رستە ئاڵۆزترەکانی ژمارە (9) بڕوانین بۆمان دەردەکەوێت بواری جێناوی us لە (9 أ)دا بریتییە لە su amigo و، بواری جێناوی lo ،بێگومان گەورەتر نییە لە رستەی پەیوەندیداری تێهەڵکێشی que lo escribio:

(راستییەکەی بوارەکە لەوە بچووکترە ئەوەتا راستەوخۆ دەیبینین).

9 أ- [su amigo] llamo a Juan.

**]هاوڕێکەی[ خوانی خۆشدەوێ.**

9 ب- [El hombre [que escribio]] destruyo el libro.

**]ئەو پیاوەی ]کە نووسی[[ کتێبەکەی دڕاند.**

**با ئێستا لەم بنەمایە بڕوانین:**

10- دەبێت جێناو لە بواری خۆیدا ئازاد بێت.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ژمارە (8) دەبینین بە گویرەی ئەم بنەمایە دەبێت جێناوی el ئازاد بێت، بەڵام lo دەشێت پەیوەست بێت بە Juanەوە، هەروەها دەشێت جێناوی lo پەیوەستیش بێت بە el libro ەوە، چونکە، ئەگەرچی هەردووکیان

پەیوەستن، کەچی هەر یەکێکیان لە بواری خۆیاندا ئازادن. بۆیە ئەوەندە بەسە لە هەموو ئەو حاڵەتانەدا بنەمای پشتبەستوو بە بونیادی (10) ببینین- ئەمە لە ئینگلزیزییشدا هەر وەک ئیسپانییەکە راستە.

بنەمای (10)، کە بۆمان دەرکەوتووە لە هەموو زمانە مرۆییەکاندا دروستە، دەگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە پێکهاتەکانی ئەو تیۆریە زمانییەی کە پێی دەڵێین «تیۆری پەیوەستیی هۆکارەکی» Binding theory کە گرنگی دەدات بە پەیوەستییەکان لەنێوان پێکهاتە ناوییەکاندا، ئەمانەیش کۆمەڵێک پەیوەستین، کە پەیوەندیدارن بە هەندێک خاسیەتی دەلالییەوە وەک پشتبەستن بە مەرجەع و، پەیوەندیی نێوان جێناو و شرۆڤەکەرەکەی antecedent (بۆ نموونە پەیوەندیی نێوان lo و Juan لە «8»دا). ئەم تیۆرییە، کە هەندێ خەسڵەتی گرنگی هەیە و تا ئێستا بە باشی تێنەگەیشتراوە، گرنگی بە یەکێک لە لقەکانی توانای زمانی دەدات. ئەم سیستەمە لقارە لەگەڵ سیستەمە لقارەکانی تردا کارلێک دەکات بۆ ئەوەی چەند دیاردەیەکی ئاڵۆزیی

زمانیان لێ بەرهەمبێت، کە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا دەریاندەخەین.

با ئێستا واز لە زانا مەریخییەکە بهێنین و خۆمان خاسییەتەکانی توانای زمانی بپشکنین. ئێستا ئێمە گریمانەی ئەوە دەکەین، کە بنەمای (10) کۆدەنگیی لەسەر هەیە و دەمانەوێت بزانین، ئەگەر لە حاڵەتی نوێدا کاری پێبکەین چۆن ئیشدەکات:

با ئێستا سەیری (11) بکەین، کە وەک پێشتر گوزارەکان خراونەتە نێو دوو کەوانەی ڕێکەوە.

El hombre [que escribio el libro]] lo] 11-
.destruyo

**]ئەو پیاوەی ]کە کتێبەکەی نووسی[[ دڕاندی.**

ئایا دەکرێت لەم ڕستەیەدا جێناوی lo لکابێت بە ناوی el libro وە؟ وەڵامەکە ئەوەیە کە دەشێت وابێت، ئەمە ڕێی تێدەچێت؛ حاڵەتەکەیش وەکو ئەم ڕستە ئینگلیزییەی خوارەوەیە:

The man [who wrote the book]]]
.destroyed it

جێناوی it دەکرێت پەیوەستبێت بە ناوی the book ەوە، کەواتە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە el libro بواری lo نییە، هەمان شت لە رستە ئینگلیزییەکەیشدا کە ناوی the book لە بواری جێناوی it دا نییە. ئەگەرچی ئەوەی لە ژمارە (11)دا دەیبینین تەنیا گوزارەکانن کەچی بواری lo تەواوی رستەکەیە، بەوەیش el libro دەبێتە بواری lo. جا لەبەرئەوەی مەسەلەکە بەم شێوە نییە، ئەوا دەبێت وردەکارییەکی زیاتری بونیادی هەبێت، کە لە ژمارە (11)دا نییە. بۆ نموونە دەبێت گوزارەی لەخۆدەگرێت lo و لە خۆ ناگرێت el libro، واتە lo destruyo دەبێت یەک گوزارە بێت، بۆیە بونیادە راستەقینەکە ئەوەیە کە لە ژمارە (12)دا هەیە:

El hombre [que escribio el libro]] lo] 12- .destruyo

[ئەو پیاوەی ]کە کتێبەکەی نووسی[ دڕاندی.

ئەگەر وا گریمانە بکەین ئەمە ریزبەندییەکەیە، ئەوا دەتوانین بنەمای (10)ی پێ پراکتیزە بکەین،

ئەمەیش ڕێدەدات کە el libro بە مەرجەعی جێناوی lo دیاریبکەین، ئەمەیش ئەو گوزارەیە کە پێوەی پەیوەست دەکرێت. جا لەبەرئەوەی بواری lo لە ژمارە (12)دا lo destruyo یە، ئەوا ئەم جێناوە لە بواری خۆیدا ئازادە، ئەمەیش لەگەڵ بنەمای (10)دا دەگونجێت، تەنانەت ئەگەر ئەم جێناوە بە el libro وە لکابێت. ئەم شیکارییە بۆ ڕستە ئینگلیزییە هاوشێوەکەیش دروستە:

The man [who wrote the book]]] .[[destroyed it

**[ئەو پیاوەی ]کە کتێبەکەی نووسی[دڕاندی]**

ڕستەی ژمارە (12) لەم شێوازە گشتییە پێکدێت: «بکەر–کردار–بەرکار»، کە بکەرەکە تێیدا ئەمەیە El hombre que secribio el libro «ئەو پیاوەی کە کتێبەکەی نووسی» و کردارەکە destruyo و، بەرکارەکەیش جێناوی lo یە، کە جێناوێکی لکاوە و لە شوێنێکدا گواستراوەتە کە پێش کردارەکە دەکەوێت (ئەمە ئەو شتەیە کە لە ئیسپانیدا ڕوودەدات، کەچی لە ئینگلیزیدا

ڕوونادات، دیارە لە ئینگلیزیدا جێناوی لکاو بوونی نییە). وەک دەبینین لێکنەچوون asymmetry لەنێوان بکەر و بەرکاردا هەیە. بکەر و کردار دەکەونە دوو گوزارەی لێکجیاوە، بەڵام کردار و بەرکار یەک گوزارە پێکدەهێنن، کە پێیدەڵێین «پێکهاتەی کردەیی». بەگشتی، لە ڕستەی بکەر-کردار-بەرکار (کەواتە ئەو بونیادەی کە لە ژمارە (13)دا هەیە)، دەتوانین ئێستا ئەو کاتیگۆرییە کە گوزارە پەیڕەویی لێدەکات، جیابکەینەوە، ئەویش بە ژمارە دانانی کەوانەکان بەو پیتانەی کە لەنێویدا دەردەکەون، لەمەیشدا NP «پ ن» (پێکهاتەی ناوی) و VP «پ ک» (پێکهاتەی کرداری) و C «گ» (گوزارە)، بەکاردەهێنین:

13. [cNP [vp V VP]].

]گ پن ]پک ک پک[[.

زۆر بەڵگە هەن کە پشتیوانی لەم دەرەنجامە دەکەن، پێشتر یەکێکیانم باس کرد، بەڵام جارێکیتریش دەڵێمەوە کە ئەم دەرەنجامە لە هیچ دۆخێکدا ناچارییانە و حەتمی نییە. بۆ نموونە

دەتوانین هەر بە سادەیی گریمانەی ئەوە بکەین کە کرداری تێپەڕ، دوو بابەت لێکدەبەستێتەوە ئەوانیش بکەرەکەی و بەرکارەکەی بە بێ نەبوونی لێکچوونێکی بونیادی. ئەمە ئەو گریمانەیە کە لە شیکارییە وێنەییەکانی زمانەکاندا ئیشی پێدەکرێت و بۆ مەبەستی لۆژیک و بیرکاریی داڕێژراوە، ئەمە ئەو شتەیە کە زۆرجار لە شیکاریی زمانە مرۆییەکانیشدا گریمانەی دەکرێت، بەڵام زمانە وێنەییەکان بۆ مەبەستی سادەیی و ئاسانکاری لە کرداره کۆمپیوتەرییەکاندا، بۆ نموونە وەک دەرەنجام، بەم شێوەیە دادەڕێژرێن، بەڵام بەڵگەکان ئەوە دەردەخەن، کە زمانە مرۆییەکان ئەو بنەمایانە وەرناگرێت کە لە لۆژیکی نوێدا ناسراون و کاریان پێدەکرێت، بەڵکو ئەو چەمکە کلاسیکییە ئەرستۆییە وەردەگرن کە پێیوایە رستە لە بکەر و هەڵگیراو (محمول( predicate پێکدێت و دەکرێت مەحمولەکە ئاڵۆز بێت: ڕەنگە لە کردار و بەرکارەکەی پێکهاتبێت، وەک ئەوەی لە (12) و (13)دا هەیە، یان لە کردار و رستەی زیادکراو پێکهاتبێت وەک لە (8 ب)دا هەیە.

ئەم پەیوەندییە نالێکچووە، کە یەکێکە

له تایبەتمەندییەکانی زمانی مرۆیی، بەڵام تایبەتمەندییەکی حەتمی نییە، سەرسوڕهێنەرە. ئەمە کێشەکەی ئەفلاتون دەوروژێنێت. منداڵەکان کە زمان وەردەگرن چون دەتوانن ئەم حەقیقەتە بناسن؟ ڕەنگە کەسانێک وا گومان ببەن کە بە هەمان ئەو ڕێگایە بۆیان دەردەکەوێت، کە ئێمە باسمانکرد، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئەمە راست نییە. ئەو میتۆدەی ئێمە لە لێکۆڵینەوەکەماندا پەیڕەومان کرد، ئەنجامگیرییەکی ئاگایانەی لەسەر بنەمایەک تێدایە کە زۆر بەروونی داڕێژراوە، واتە بنەمای (10)، هەروەها ئێمە سوودمان لە کۆمەڵێک بەڵگە وەرگرت کە بە گشتی کەسانێک کە فێری زمان دەبن، لایان نییە. بگرە لە راستیدا ئەو پاساوانەی باسمان کردن و ئەو دەرەنجامە گشتییانەی کە لەبارەی توانای زمانییەوە لێمان بەرهەمهێنا تەنیا ئەوکاتە جێگای ڕەزامەندییە کە بەڵگەی هاوشێوە لە زمانەکانی تریشدا پشتیوانیی لێ بکەن. بەڵام منداڵ ئەم جۆرە بەڵگەیەی لەبەردەستدا نییە. تەنانەت لەنێو یەک زمانیشدا ناکرێت، پێمانوابێت منداڵ لە سەرەتادا رستەیەکی وەک ژمارە (12) دەبیستێت و ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، کە دەشێت

ئەم رستەیە بە جۆرێک بەکاربهێنرێت کە تێیدا جێناوی lo پەیوەست بێت بە ناوی el libro وە، ئینجا گوایە لەمەیشەوە بگاتە ئەو ئەنجامەی کە lo destruyo یەک پێکهاتەی کردەیی دروستدەکات، چونکە ئەگەر وا نەبێت ئەوا لە بنەماکانی «تیۆری پەیوەستیی هۆکارەکی» دەرچووە، بەڵام ئەوەی روودەدات ئەوەیە، کە مناڵ لە کاتی گەشەکردنی زمان لە عەقڵ/مێشکدا، ئەو بنەمایە وەردەگرێت، کە دەڵێت کرداری تێپەڕ و بەرکارەکەی یەک گوزارە پێکدێنن، ئەمەیش شتێکە کە زەرورەتی بایۆلۆژیی دەیسەپێنێت و، ئینجا دواتر بنەمای (10)، کە بنەمایەکی «تیۆری پەیوەستیی هۆکارەکی»یە و بەشێکە لە توانای زمانی، بە زەرورەتی بایۆلۆژیی لێکدانەوەی رستەگەلێکی وەک (12) دیاریدەکات و، ئەم چارەسەرە کۆمپیوتەرییەیش بۆ دەرەنجامگیرییەکی نائاگایانە بەکاردەهێنێت.

لە نالێکچوونی بکەر-بەرکارەوە کۆمەڵێک دەرەنجام دەکەونەوە. بۆ نموونە دەشێت لە هەندێک زماندا کردارێکی لێکدراو بە بەکارهێنانی یاسایەک کە پێیدەوترێت تێهەڵکێشان incorporation، دابڕێژین. بۆ نموونە دەشێت

ناو بخرێتە سەر کردار، بەو شێوەیەی کە لە زمانی ئیسپانیدا هەیە ئەو کاتەی کە جێناوی لکاو دەنووسێت بە کردارەوە، تاوەکو کردارێکی لێکدراو پێکبهێنن. دەتوانین لەم جۆرە زمانانەدا لە (14 أ)ەوە رستەی وەکو (14 ب) دابتاشین، کە لەمەی دووەمیاندا کردارەکە لێکدراوە ciervo– caza:

14 أ- Juan caza los ciervos.

**ئاسکەکە راو دەکات ژوان.**

**«ژوان ئاسکەکە ڕاو دەکات».**

14 **ب-** Juan coervo-caza.

**ڕاو دەکات- ژوان ئاسکەکە.**

**بەڵام ناکرێت رستەیەکی وەکو** (15) **دابتاشین، کە تێیدا کرداره لێکدراوەکە** Juan-caza **یە و، بە تێهەڵکێشانی بکەرەکە لە کردارەکە بۆتە کردارێکی لێکدراو:**

15- Juan ciervo-caza.

لێرەیشدا دیسان مەسەلەی نالێکچوونی بکەر و بەرکار دەبینینەوە. دەکرێت بە بنەما پشتبەستووەکان بە بونیاد تەفسیری ئەم راستییانە

بکەین، کە کار لەسەر نواندنەوەکانی بونیادە لێکدراوەکە لەگەڵ نالێکچوون لە (13)دا دەکەن. لەبەر چەند هۆکارێکی قووڵ، کە ناتوانم لێرەدا باسیان بکەم، نالێکچوون لە نواندنەوەکانی بونیادە لێکدراوەکاندا پێویستی بە تێهەڵکێشکردنی بەرکارە لەگەڵ کردارەکەدا بۆ ئەوەی کردارێکی لێکدراو دروستبکەن، بەڵام ئەمە لەگەڵ بکەردا ناکرێت.

ئەم پێکهاتەیەیش، کە ناو تێهەڵکێش بە کردار دەکات لە زمانی ئیسپانیدا بوونی نییە، بەڵام چەند شتێکی وەک ئەم پێکهاتەیە دەبینینەوە. بۆ نموونە بڕوانە لەم پێکهاتە هۆکارەکییانەی خوارەوە:

16 أ- Juan hace [que Pedro salga].

**]بڕوات پیدرۆ[ وای کرد ژوان.**

**«ژوان وای کرد ]پیدرۆ بڕوات[».**

6 ب- [sus] hace que Que Juan mienta] amigos desconfien de el.

**ئەو بۆ متمانەی پێناکەن هاوڕێکانی وای کرد ]درۆ بکات ژوان کە[.**

**]کە ژوان درۆ بکات[ وای لە هاوڕێکانی کرد متمانەی پێ نەکەن.**

**«درۆکانی ژوان وای لە هاوڕێکانی کرد متمانەی پێنەکەن».**

لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی پێکهاتەی هۆکارەکی لە زۆرینەی زمانەکاندا ئەوەیە، کە کرداری لێکدراو لە ڕەگەزێکی هۆکارەکی (کە لە ئیسپانیدا hacer ـە) و کرداری زیادکراوەکەیەوە دادەڕێژرێت. دەکرێت زمانێک لە ژمارە (16)دا کرداری لێکدراوی hacer–salir (وای لێکرد– بڕوات) دابڕێژێت، تاوەکو ڕستەیەک دروست بکەین کە کردارە لێکدراوەکەی وەک ئەوەیە، کە لە ژمارە (17)دا هەیە:

17- Juan hace-salir Pedro.

**پیدرۆ وای لێکرد بڕوات ژوان.**

**ژوان وای لێکرد بڕوات پیدرۆ.**

**«ژوان وای لە پیدرۆ کرد بڕوات».**

لەگەڵ ئەوەی کە دەکرێت کرداری زیادکراو کرداری هۆکارەکی بگوازێتەوە، تاوەکو کرداری لێکدراو بەم شێوەیە دروستبکات (کە هەمیشە ئەمە ڕوودەدات)، کەچی کردار لە بکەری کرداری هۆکارەکیدا ناتوانێت ئەمە بکات. هیچ زمانێک نییە کە بتوانێت پێکهاتەیەکی وەک ژمارە (18) لە (16 ب) دروست بکات، کە هەر لەمەیشەوە کرداری لێکدراوی hance–mentir بەرهەم دێت:

Juan hace-mentir que sus amigo 18-
.desconfien de el

**وای کرد- درۆکردنی ژوان متمانەی پێنەکەن هاورێکانی.**

هەر بە حەدسکردن دەزانین ئەم تێبینییە تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیشدا راستە، کە پێکهاتەیەکی لەم جۆرەیشی تێدا نییە. سەیری ئەم دوو پێکهاتەیەی دواتر بکە:

Such problems [that governments -أ 19
.[lie

**«ئەوە لە کێشەکانە ]کە حکومەتەکان درۆ دەکەن[«.**

That governments lie [cause -ب 19
.[problems

**] «کە حکومەتەکان درۆبکەن[ دەبێتە هۆی کێشەکان.**

ڕەنگە زمانێک هەبێت کە وشەی lie–cause «درۆ–دەبێتە مایەی» تێدابێت کە ڕێدەدات (19 أ) بەو رستەیە دەرببڕدرێت، کە لە (20 أ)دا هەیە، بەڵام ڕێگانادات (19 ب) لە رستەی (20 ب)دا دەرببڕدرێت.

20 أ- Such problems lie-cause governments.

20 ب- Governments lie- cause problems.

**«درۆی حکومەتەکان دەبێتە مایەی کێشەکان».**

بەڵگەکان لە زمانە جیاوازەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم دەرەنجامە دروستە . دەشێت ئەگەر قسەکەرانی ئینگلیزی زمان هەندێ زمانی تریان بزانیایە، کە هاوشیوەی زمانە مرۆییەکان بێت، کە کرداری وەکو lie-cause ی تێدایە، ئەوا بەشێوەیەکی راستەوخۆ لەوە تێدەگەن، کە پێکهاتەی وەکو (20 أ) واتای (19 أ)ی تێدایە، نەک وا تێبگەن، کە پێکهاتەی وەکو (20 ب) هەمان واتای (19 ب)ی هەیە .

لێرەدا وێنەی نالێکچوو لەنێوان بکەر و بەرکاردا دەبینین. کردار و زیادکراوەکەی وەک پێویست پەیوەستن بەیەکەوە، کە دەبێتە مایەی تێهەڵکێشبوونی زیادکراوەکە بە کردارە سەرەکییەکە، تاوەکو لەمەوە کردارێکی لێکدراو دروستبکەن، ئەمە ئەو شتەیە کە بۆ کردار و بکەر دەستنادات، چونکە بکەر یەک گوزارە لەگەڵ کردارە سەرەکییەکەدا دروست ناکات؛ بەڵام تەنیا

لەم ماوەیەی دواییدا بوو لە هۆکارە قووڵەکانی ئەم جیاوازییانە لە گریمانەکانی تێهەڵکشبووندا لێی تێگەیشترا. دەبێت سەرنجی ئەوەیش بدەین، کە وێرای ئەوەی زمانی ئیسپانی وشەی لێکدراوی hace–salir بەو جۆرە دروستناکات کە لە (17)دا هەیە، کەچی شتێکی وەکو ئەمە تێیدا دروستدەبێت. ڕەنگە بتوانین گریمانەی ئەوە بکەین، کە ئەو فۆڕمە ئەبستراکتە قووڵەی رستەی (17) هەر (21 أ)ـە و هاوشێوەی رستەی (16 أ)ـە کە لێرەدا لە (21 ب)دا دووبارەیدەکەینەوە:

21 أ- Juan hace [Pedro salir].

**«ژوان وای کرد ]پیدرۆ بڕوات[.**

21 ب- Juan hace [que Pedro salga].

**«ژوان بووە هۆکاری ]ئەوەی پیدرۆ بڕوات[.**

کرداری salir لە (21 أ)دا، دەچێتە سەرەتای رستە تێهەڵکێشەکەوە، کە لەمەیشەوە (22 أ) دروستدەبێت، بە زیادکردنی ئامرازی پەیوەندی a یش ئەو رستەیە بەرهەمدێت کە لە واقیعدا گوێمان لێیدەبێت، وەکو لەوەی لە (22 ب)دا هەیە.

22 أ- [Juan hace [salir Pedro].

22 ب- [Juan hace [salir a Pedro].

وێڕای ئەوەی ریزبەندیی بکەر و کرار لە ئیسپانیدا ئازادە، کەچی لە ریزبەندییە هۆکارەکییەکانی وەکو ئەوەی لە (22) دا هەیە، دەبینین کرداری رستەی زیادکراو لە زۆر دیالەکتدا دەبێت پێش بکەرەکەی بکەوێت، واتە دەبێت بەپاڵ کرداری هۆکارییانەی hacer ەوە بێت.

دەگەڕێمەوە بۆ بابەتی زیادەی ئامرازی پەیوەندی، بەڵام ئەگەر بێتو ئەم مەسەلەیە وەلانێین، ئەوا گواستنەوەی کردار بۆ پاڵ کرداری هۆکارەکی، ئەوەمان بە بیردا دەهێنێت، کە شتێکی وەکو دیاردەی «تێهەڵکێشبوون بە کردار» لە زمانی ئیسپانییشدا روودەدات؛ بەڵگەی دیکەیش هەیە، کە بەو قەناعەتەمان دەگەیەنن، کە دوو کرداری پاڵ یەکتر دەبنە یەک یەکە، واتە hacer– salir. ڕەنگە ئەمە ئەو هۆکارە روونبکاتەوە، کە جێناوی لکاوی se لەم رستەی خوارەوەدا دەگوازرێتەوە:

Juan se hizo afeitar.

لێرەدا جێناوەکە لە شوێنی خۆی کە بەرکاری کرداری afeitar ـە دەگوازرێتەوە و بە کرداری hizo وە دەلکێت و، وا دەردەکەوێت کە بەدوایەکداهاتنی hizo–afeitar وەک یەک کرداری لێکدراو ڕۆڵ دەگێڕن. ئەمە دیاردەیەکی زۆر گشتییە و بە هەندێک جیاوازییەوە لە زمانە ڕۆمانییەکاندا بوونی هەیە. تەنیا کرداری زیادکراو نییە، کە دەگوزارێتەوە و دەچێتە پێشەوە، بەڵکو ئەو پێکهاتە کردارییە گەورەیەیە کە لەخۆیی گرتووە و، دواتر کرداری ئەم پێکهاتە کردەییە لەگەڵ کرداری هۆکارەکی hacer ـدا، کە لەم شوێنە نوێیەدا لەگەڵیدایە، یەکەیەک پێکدێنن کە پێکەوە یەک ڕۆڵدەگێڕن، واتە یەکەیەکی وەزیفی پێکدێنن.

ئەم نموونانە حاڵەتێکی تری نالێکچوونمان لەنێوان بکەر و بەرکاردا پیشان دەدەن، ئەویش وەک دەردەکەوێت دیاردەیەکی زمانییانەی گشتییە و، کۆمەڵێک دەرەنجامی هەیە. دەبێت جارێکیتریش ئەوە بخەینە زەینمانەوە، کە ئەمانە تایبەتمەندیی حەتمی و ناچارییانەی زمان نین، بەڵکو کۆمەڵێک حەقیقەتن دەربارەی

زمانی ئیسپانی کە دەکرێت بگەڕێنرێنەوە بۆ تایبەتمەندیی توانای زمانی. وەک لە حاڵەتەکانی تریشدا بینیمان، ئەم نموونانە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە کێشەکەی ئەفلاتون مەترسیدارە و، ڕەنگە بتوانین بەوە چارەسەریبکەین، کە زەین و وریایی خۆمان بخەینە سەر ئەو ئامادەسازییە بایۆلۆژییە دەوڵەمەندەی توانای زمانی هەیەتی و، خۆیشی بونیادێکی دیاریکراوی بونیادەکانی عەقڵی مرۆییە.

با جارێکیتریش بگەڕێینەوە بۆ شرۆڤە هێڵکارییەکەی پرۆسەی وەگرتنی زمان، کە لە هێڵکاریی ژمارە (1)دا باسمانکرد:

1. **توانای یەکەمی زمان_ توانای زمانی – زمان- دەربڕینە لێکدراوەکان.**

توانای زمانی لە پێکهاتەکانی عەقڵ/مێشک پێکهاتووە، واتە بەشێکە لە ئامادەسازییە بایۆلۆژییەکەی مرۆڤ. ئەگەر مادە سەرەتاییەکان بخرێتە بەردەمی منداڵ، یان وردتر بڵێین بخرێتە بەردەم توانا زمانییەکەی، ئەوا دەبێتە زمانێک، واتە دەبێتە سیستەمێکی کۆمپیوتەریی لە جۆرێکی دیاریکراو کە نواندنەوە بونیادییەکان بە گوزارە

زمانییەکان دەدەن و فۆڕمەکان و واتاکانی ئەم گوزارانە دیاریدەکەن. ئەرکی زمانی ئەوەیە سروشتی ئەو ڕەگەزانە دیاریبکات، کە لە ژمارە (1) دا هەن: واتە مادەی سەرەتایی و توانای زمان و زمان، ئینجا ئەو گوزارە لێکدراوانەی کە زمان دیاریاندەکات.

ئەگەر سەیری شێوەی ژمارە (1) بکەین دەتوانین وێنای لێکۆڵینەوەی سیستەمی زمانی بەو جۆرە بکەین، کە کارێکە لە کۆتاییەکی ئاسانی شێوەی ژمارە (1)ـەوە دەستپێدەکات و دەچێتە پرۆسێسی گەڕان بەدوای سروشتی توانای زمانیدا. زۆرجار لێکۆڵینەوە بە نموونەی گوزارە لێکدراوەکان دەستپێدەکات، یان بە وردتر بڵێین، لە بڕیاریکانی قسەکەرەکانەوە (یان لە هەر بەڵگەیەکی دیکەوە) دەستپێدەکات، ئەمەیش لایەنیکەم دەمانخاتە سەر ویستی تەفسیری بەشەکییانەی فۆڕم و واتاکانی ئەم گوزارانە، بەمەیش لایەنیکەم تەفسیرێکی بەشەکی بە بونیادەکەی دەدات. بۆ نموونە کاتێک زمانناسێک تێگەیشتنی قسەکەرێکی ئیسپانی لە رستەی ژمارە (8) دەپشکنێت، دەتوانێت ئەوە دیارییبکات کە lo

لە (8 ب)دا دەشێت (یان ناشێت) پەیوەستبێت بە ناوی Juan ەوە، هەروەها el یش لە (8 أ) دا ڕەنگە نەکرێت پەیوەستبکرێت بە ناوی Juan ەوە.

8 أ- El ama a Juan.

**«ئەو ژوانی خۆشدەوێت».**

8 ب- Juan nos mando [examiralo].

**«ژوان داوایکرد ]تاقیی بکەینەوە[.**

ئەمە بۆ ئەو حاڵەتانەی تریش ڕاستە کە باسمانکردن.

کاتێک زمانناسێک ئەم بەڵگە جیاوازانە دەدۆزێتەوە، دەتوانێت بایەخی خۆی ئاراستەی ئەم ئەرکە بکات: وەسفکردنی زمان کە بڕیار لەم ڕاستییانە دەدات. لەم قۆناغەدا هەوڵدەدات گرامەرێک بۆ خودی زمان دابڕێژێت، واتە تیۆرێک لەبارەی ئەو زمانەوە دابڕێژێت. کاتێک گرامەر بە ئاستی پێویست ڕووندەبێت، کە بە «گرامەری بەرهەمهێنان»ی تایبەت بەم زمانە ناسراوە، دەکەوێتە بەردەم ژمارەیەکی ناکۆتای گوزارە

لێکدراوەکان. دەتوانین توانا زانستییەکەیشی تاقیبکەینەوە بە پشکنینی شیاوێتی پێشبینییەکان، بۆیە زمانناس دەبێت ئەم ئەرکە ئەنجام بدات و لە زۆرترین ڕێژەی زمانەکان بکۆڵێتەوە، بۆ ئەوەی گرامەرێکی روون و ڕۆشن بۆ هەر یەکێکیان دابڕێژێت کە بتوانێت دیاردە زمانییە لێکۆڵراوەکان تەفسیربکات. هەڵبەت ئەم ئەرکەیش ئەرکێکی قورس و سەختە، ئەرکی توێژینەوەیە لە بابەتێکی واقیعی لە جیهانێکی واقیعیدا، واتە توێژینەوە لەو زمانەی کە لە عەقڵ/مێشکی قسەکەری پێگەیشتووی زماندایە.

ئەرکی دواتر ئەوەیە کە روونیبکاتەوە بۆچی راستییەکان، وەک ئەوانەی باسمانکردن، بەو جۆرەن کە هەن؟ ئەرکی ئەم تەفسیرکردنە دەمانگەیەنێتە پشکنینی توانای زمانی. زۆرجار بەو تیۆرەی کە لە توانای زمانی دەکۆلێتەوە، دەووترێت «گرامەری گشتی». گرامەری گشتی هەوڵی داڕشتنی ئەو بنەمایانەدەدات، کە دەچنە نێو ئیشی توانای زمانییەوە. گرامەری زمانێکی دیاریکراو حاڵەتی توانای زمانێک تەفسیر دەکات دوای ئەوەی مادەی سەرەتایی ئەزموونی پێ

دەدرێت، بەڵام گرامەری گشتی تەفسیری حاڵەتی توانای زمانی دەکات بەر لەوەی مادەی سەرەتایی ئەزموونی پێبدرێت. بۆ نموونە ئەوەی گرامەری گشتی دەیگرێتەوە بنەمای ڕێزمانی پشتبەستووە بە بونیاد و، ئازادیی جێناو لە بواری خۆیدا، نالێکچوونی بکەر و بەرکار. گرامەری گشتی تەفسیرێکی جەوهەری بە دیاردە تێبینیکراوەکان دەدات. دەتوانین بەهۆی بنەماکانییەوە دەرەنجامگیریی ئەوە بکەین، کە دەبێت دیاردەکان فۆڕمێکی دیاریکراویان هەبێت لەبری ئەوەی فۆڕمێکی دیاریکراوی دیکەیان هەبێت بەهۆی ئەو مادە سەرەتاییەی دراوە بە توانای زمانی کە ئەم مادە سەرەتاییە بۆ دروستکردنی ئەو شتەی ئێستا هەیە، بەکاردەهێنێت. ئەگەر بتوانین تیۆرێک بۆ گرامەری گشتی دابڕێژین ئەوا لەم بوارەدا تیۆرێکمان دەبێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەی ئەفلاتون.

بنەماکانی گرامەری گشتی ئاوارتەیان تێدا نییە، چونکە خۆیان ئەو توانا زمانییە دەنوێننەوە، کە چوارچێوەی هەر زمانێکی مرۆیی پێکدەهێنێت و هەروەها بنچینەی وەرگرتنی زمانیشە، بەڵام

ئەوەیش زۆر روونە کە زمانەکان جیاوازن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەفسیرە هێڵکارییەکەی ژمارە (1) ئەوا دەبینین راستییە تێبینیکراوەکان تەنیا لە بنەماکانی توانای زمانی ناکەونەتەوە، بەڵکو لەم لەم بنەمایانە بە پاڵ ئەو مادە سەرەتاییەوە پەیدا دەبن کە دراوە بە توانای زمانی فێربووی زمان، ئەم مادە سەرەتاییە ئەو تاقیکردنەوە جیاوازانە دیاریدەکات کە گرامەری گشتی یەکلاییاندەکاتەوە. ئەمەیش واتە بنەماکانی گرامەری گشتی گۆڕاوی دیاریکراویان هەیە، کە دەکرێت بە شێوازێکی تایبەت بە ئەزموون جێگیربکرێن. دەتوانین وا لە توانای زمانی بڕوانین کە تۆڕێکی ئاڵۆزی بەیەکداچووە و بەستراوەتەوە بە سویچەکانەوە switches و چەندین کلیلی هەیە کە دەکرێت لە دۆخێکی دیاریکراودا بخرێنە شوێنی خۆیان یان بەکاربهێنرێن. خۆ ئەگەر کلیلەکان نەخرێنە نێو شوێنی خۆیانەوە ئەوا سیستەمە ئیش ناکات. بەڵام ئەگەر بخرێتە شوێنی گونجاوەوە ئەوا سیستەمەکە بەو جۆرە ئیش دەکات کە سروشتەکەی دەیخوازێت، کارەکەیشی بە پێی

ئەو چۆنییەتییە جیاواز دەبێت کە شوێنی کلیلەکە پێیەوە بەستراوە. تۆڕە جێگیرەکە سیستەمی بنەماکانی گرامەری گشتییە، بەڵام کلیلەکان ئەو گۆڕاوانانە کە بە ئەزموون جێگیردەکرێن و دەخرێنە شوێنی گونجاوی خۆیانەوە. دەبێت ئەو مادە سەرەتاییەی کە بە منداڵ دەدرێت وەک پێویست بێت، بۆئەوەی بتوانێت کلیلەکان بخاتە شوێنی دیاریکراوی خۆیانەوە. کاتێکیش کلیلەکان ئیشیان پێدەکرێت، ئەوا ئەمە واتای ئەوەیە کە منداڵ دەبێتە خاوەنی ڕووکاری زمانێکی دیاریکراو و، راستییەکانی ئەو زمانە دەناسێت: واتە ئەوە دەزانێت کە دەربڕینێکی دیاریکراو واتایەکی دیاریکراوی هەیە و ئیدی بەم جۆرە.

لە هەر شوێنێک لەو شوێنانەی کە بۆ دانانی کلیلەکان شیاون زمانێکی دیاریکراو بەرهەم دێت.

ڕەهەندێکی وەرگرتنی زمان پرۆسەی دانانی کلیلەکانە بە گوێرەی ئەو مادە سەرەتاییەی کە بە توانای زمانی دەدرێت، واتە پرۆسەی جێگیرکردنی ئەو بەهایانەیە کە گۆڕاوەکان وەریدەگرن . کاتێکیش ئەو بەهایانە دیاریدەکرێن،

ئەوا سەرجەمی سیستەمەکە دەکەوێتە کار، بەڵام هیچ پەیوەندییەکی سادە لە نێوان بەها هەڵبژێدراوەکان بۆ گۆڕاوێکی دیاریکراو و ئەو دەرەنجامانەدا نییە، کە لەم هەڵبژاردنە دەکەونەوە کاتێک ئەم هەڵبژاردنە دەچیتە نێو سیستەمە ئاڵۆزەکەی گرامەری گشتییەوە. دەشێت گۆڕینی چەند دانەیەکی گۆڕاوەکان، یان تەنانەت گۆڕینی یەکێکیشیان ببێتە ماویەی بەرهەمهێنانی زمانێک کە زۆر جیاواز بێت لەو سیفەتانەی زمانە ئۆرگیناڵەکە هەیەتی، لە بەرامبەریشدا، ڕەنگە ئەو زمانانەی کە سەر بە یەکێک لە خێزانە زمانەکان نین زۆر هاوشێوە بن ،ئەگەر بێتوو گۆڕاوەکان بخرێنە هەمان دۆخ و شوێنەوە.

دەکرێت ئەم مەسەلەیە لە زمانە ڕۆمانییەکاندا روونبکەینەوە. ئەم زمانانە تەنیا کەمێک لەیەک دوورکەوتوونەتەوە و جیاوازییەکەیان گەورە نییە. لەڕووی پێکهاتەیشەوە زۆر لەیەک دەچن. کەچی فەرەنسیی لە هەندێ ڕووەوە لەم زمانانە جیاوازە. لە زمانی ئیسپانیدا پێکهاتەی وەکو ئەمانە دەبینین:

23 أ- Llega

**دەگات (ئەو بۆ نێر و مێ و بێ گیانیش).**

23 ب- Llega Juan.

**«ژوان دەگات».**

23 ج- Lo quiere ver.

ئەو (نێر)/ ئەو (مێ) «دەیەوێت بیبینێت». (بۆ گیاندار و بێ گیانیش).

هەمان شت لە ئیتالی و زمانە ڕۆمانییەکانی تریشدا هەیە. کەچی هەمان ئەم پێکهاتەیە لە زمانی فەرەنسیدا بوونی نییە. دەبێت بکەر لە هەموو رستەکەدا دەربکەوێت، ناشبێت بەدوای کرداردا بێت، وەک ئەوەی لە (23 ب)دا هەیە، (بەڵام پێکهاتە هۆکارەکییەکانی وەکو (22 ب) [Juan hace [salir a Pedro. لە زمانی فەرەنسیدا هەیە و بە ڕیز دەردەکەوێت: بکەر-کردار، ئەمەیش ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە کردار دەچێتە سەرەتای رستە زیادەکەوە). لەلایەکی دیکەیشەوە ئەگەرچی پێکهاتەی querer-ver ـدا لە زمانی ئیسپانیدا وەک یەک کرداری لێکدراو ئیشدەکات، کە تێیدا بەرکاری جێناوی بەدوای کرداری quiere ـدا هاتووە وەک ئەوەی لە (23 ج)دا هەیە (کە ئەمەی هاوشیوەی

hacer-afeitar ـە کە پێشتر باسمان کرد)، کەچی ئەمە لە زمانی فەرەنسیدا روونادات کە دەبێت بەرکاری جێناو پەیوەندیدار بێت بە کرداری رستەی زیادکراوەوە. ئەم جیاوازییانەی نێوان زمانی فەرەنسی و زمانە ڕۆمانییەکانی تر تەنیا چەند سەدەیەکی کەمە پەرەیسەندووە و، پێدەچیت لە یەک کاتیشدا ڕوویدا بێت، لەوانەیە ئەم گۆڕانانە بەرەنجامی گۆڕانی تەنیا یەک گۆڕاو بن و، دەشیت ئەم گۆڕانەیش بەهۆی کاریگەری زمانە ئەڵمانییە دراوسێکانەوە بووبێت. بۆ سەلماندنی ئەم دەرەنجامە (کە ئێمە پێمانوایە دروستە) دەبێت بەڵگەی ئەوە بهێنینەوە، کە بونیادی گرامەری گشتی ئەوە دەسەپێنێت، کە ئەگەر بێتوو گۆڕان لە یەکێک لە گۆڕاوەکاندا ڕووبدات ئەوا دەبێتە مایەی کاریگەری و دەرەنجامی بەرچاو. لێرەدا دەتوانین سەرکەوتوو بین بەوەی، ئەم دەرەنجامانە بگێڕینەوە بۆ ئەو شتەی کە پێیدەوترێت «گۆڕاوی بکەر سفر»، ئەمەیە ئەوە دیاریدەکات، کە ئایا دەشێت بکەری رستەکە بشاردرێتەوە و بکرێتە جێناو وەک ئەوەی لە (23 أ)دا هەیە یان نا؛ هەندێک

لێکۆڵینەوەی نوێیش لەبارەی وەرگرتنی زمانەوە هەن، کە شایەنی سەرنج لێدانن، ئەم توێژینەوانە لەوەیان کۆڵیوەتەوە، کە چۆن ئەم گۆڕاوە لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنی منداڵدا جێگیردەبێت.

لۆژیکی ئەم دۆخە لەو بنچینەیە دەچێت، کە دیاریکرانی جۆرە بایۆلۆژییەکان پشتی پێ دەبەستن. سیستەمی ژیانی بایۆلۆژی تاڕادەیەکی زۆر لە هەموو جۆرەکاندا لێکچووە، واتە هەر لە بەکتریاوە هەتا جۆری مرۆیی، بەڵام دەشێت لە هەندێ گۆڕانی کەمدا لە چەند هۆکارێکی وەک کاتی پرۆسەکانی خانەدا، جیاوازیی گەورە لەنێوان ئەو بوونەوەرانەدا دروستببێت کە پەیدا دەبن، بۆ نموونە وەک جیاوازی نێوان نەهەنگ و پەپولە. بە هەمان شێوەیش، زمانەکانی جیهان لە چەندین ڕووەوە زۆر جیاواز لەیەکتر دەردەکەون، بەڵام دەیشزانین کە هەموویان لە یەک قورەوە پەیدابوون، واتە دەبێت تایبەتمەندییە سەرەکییەکانیان بە بنەما نەگۆڕەکانی گرامەری گشتی ڕێکبخرێن، بەڵام ئەگەر مەسەلەکە بەم جۆرە نەبێت، ئەوا مەحاڵە منداڵ فێری هیچ یەکێکیان ببێت.

ئەرکی وەسفکردن خۆی کارێکی سەختە، بەڵام ئەرکی تەفسیر، واتە دارشتنی گرامەری گشتی، لەو قورستر و سەختترە. دەبینین زماننناس لە ئاستی وەسفیدا، برێک دیاردەی دەخرێتە بەردەم کە هەوڵدەدات سیستەمە کۆمپیوتەرییەکەیان تێدا کەشفبکات، کە ئەم دیاردانە و دیاردە پێشبینیکراوەکانیش تەفسیربکات، بەڵام لەسەر ئاستی تەفسیری ئەوا پێویستە ئەوە دەربخرێت، کە چۆن دەکرێت ئەم دیاردانە لە بنەما نەگۆڕاوەکانەوە پەیداببن، ئەگەرچی گۆڕاوەکان لەشوێنی خۆیشیاندا جێگیرکرابن. ئەم ئەرکە زۆر قوسترە. لە چەند ساڵێکی کەمی ڕابردوودا توانرا خۆ لە قەرەی ئەم ئەرکە قورسە بدرێت و، هەندێک پێشکەوتنی راستەقینە لە پێناسەکردنیدا ڕووبدات، کە پێشتر چاوەڕوانکراو نەبوو.

**سەرچاوە:**


-نعوم تشومسکی، اللغه و مشکلات المعرفه «محاچرات ما ناجوا»، ترجمه: د. حمزه بن قبلان المزینی، دار البیچاو- دار توبقال، الگبعه الاولی، المغرب, 1990, ص61-100.

**پەراوێزەکان :**

لە دیالەکێکتە ئیسپانییەکاندا جیاوازی هەیە لەبارەی ئەم ڕستەیەوە؛ ڕەنگە واتای «پیاوەکە لە خانووەکەدایە» بدات، یان نەدات. جگەلەمەیش بە واتا حەرفییەکەی واتای «پیاوەکە لە ماڵەوەیە».

کۆمپیوتەرییانە computational. ئەمەیش لە computer ەوە وەرگیراوە.

بنیاتنەرییشی پێدەوترێت وەک دانەپاڵ بونیاد.

ئەم تێبینییانە لە ئاستی فەرهەنگەکانیشدا ڕاستن. دەبینین وشەی «بەردانەوە» هەندێک پەیوەندی دەلالی هەیە بە «هۆکاری بەردانەوە»ەوە. ڕستەی «جۆن کتێبەکەی بەردایەوە» شتێکە وەک ئەم ڕستەیە «جۆن وای لە کتێبەکە کرد بەربێتەوە»، بەڵام وشەی «بەردانەوە»ی تایبەت بەوەمان نییە، کە «کتێبەکە کێشەکان بەردەداتەوە»، بەڵکو ماناکەی نزیکە لەوەی کە «کتێبەکە بەهۆی کێشەکانەوە بەردەبێتەوە».

دەبێت لە کاتی داڕشتنی ئەزموونێکی وەک ئەمەدا ئاگادار بین، تاوەکو لەوە دڵنیابین کە ئەزموون مامەڵە لەگەڵ سەرەتاکانی مادەیی سەرەتاییدا دەکات، نەک لەگەڵ توانا گشتییەکاندا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەربڕین، هەڵبەت بە چاوپۆشین لە چییەتی ئەم کێشانە. هەمیشە داڕشتنی ئەزموونی شیاو شتێکی ئاسان نییە.

ئەم سەرنجە بۆ ئەوەیە، کە ڕوونیبکەینەوە ئەم مەسەلەیە تەنیا بەشێکی کەیسەکە نییە. جگە لەمەیش دەبێت سەرنج لە وەرگرتنی وشەکان و گوزارە سەیڤکراوەکان و کردارە دەرەڕێساکان و شتی تریش بدەین. لێرەدا باسەکە لەبارەی ئەو شتەوەیە، کە پێیدەڵێت «زمانی ناوک» بە واتا زاراوەییەکەی.

# حکومەتی جیهان

نوام چۆمسکی

لەعەرەبییەوە: هاوار محەمەد

یەکەم ئەرک، کە پلانداریژانی جیهان لە ساڵی 1945 دا خستییانە ئەستۆی خۆیان، دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگە پیشەسازییە نوێیەکان بوو،بۆیە هەر زوو واز لەو بیرۆکە پێشوەختانە هێنرا، کە ئامانجیان بوو ئەڵمانیا بکەنە دەوڵەتێکی کشتوکاڵی، ئەمە گوایە وەک سزایەکی سەپێنراو بەهۆی وێرانکردن و داگیرکردنی ئەوروپای رۆژهەڵاتەوە؛ لەو کاتەدا وەک «وەرشەی پیشەسازی» بۆ خزمەتکردنی سەنتەری جیهانی پیشەسازیی، داننرا بە ئەڵمانیا و ژاپۆندا، بەوپێیەی ئامادەکرابوون بچنە ژێر هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە.

زۆر کێشە هەیە دەبێت پێداچوونەوەی بۆ بکەین، لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەو بەرگرییە شەرەفمەندانەیەی کە بە توندوتیژییەوە بەڕووی فاشیزمدا وەستابوو، ئەم ئیرادەیە بە تووندی خرابووە خزمەتی سەروەرە نوێیەکانی جیهانەوە، کە ڕەتییاندەکرەوە پەیوەندییەکیان بە فاشیزمەوە هەبێت، هەروەها دژ بە کاریگەریی «سێوی بۆگەن» (یەکێتی سۆڤییەت) بوون، کە بەرەو رۆژهەڵات دەکشا، تارمایی هێزی سێیەمی

بێلایەنیش دەرکەوتبوو، کە ئاراستە و مەیلێکی دیموکراتیی سۆشیالیستی هەبوو (سۆشیال-دیموکرات)، هەوڵی بۆ ڕێگەیەکی سەربەخۆ دەدا.

خراپترین کابووسی جیۆ سیاسیی ڕۆژئاوا یەکگرتنی ئۆراسیا بوو، بە جۆرێک کە لە دەرەوەی باڵادەستیی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە بێت. ئەمە دەبووە مایەی دروستبوونی کێبڕکێکارێکی گەورە و بەرفراوان بۆ یەکێتی و یەکگرتوویی ئەورووپا، کە دەبێتە مایەی ترساندنی بەریتانیا، ئەو دوورگەیەی کە لە سەدەکانی یەکەمدا لە دەروبەر و پەراوێزەکانی کیشوەرەکەدا دەژیا.

یەکەم ئەرک و بایەخپێدان لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، ئاڕاستەی جەبری «کەلێنی دۆلار» کرا، کە وای لە هێزە ئابوریە نا-ئەمەریکییەکان کرد، ناچارنەبن بەرهەمە ئەمەریکییەکان و زێدەی بەرهەمە جوتیارییەکانی ئەمەریکا بکڕن. چارەسەرکردن و سەرکەوتن بەسەر ئەم کێشەیەدا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگر و زیندوو بوو، ئەمە ئەو شتە بوو کە ئەچیسۆن و پلاندارێژانی تری پێشەنگ هەستیانپێدەکرد. نەکردنەوەی ئەو بازاڕانە بەسەر کاڵا و کەلوپەلە

ئەمریکییەکاندا، پێشبینی ئەوەی لێدەکرا، کە ئابوری ویلایەتە یەکگرتووەکان جارێکی تر تووشی دارمان دەکاتەوە، یان لایەنیکەم وادەکات ئەو ئابوریە تووشی دەستێوەردانی دەوڵەت ببێت، ئەمەیش ئیمتیازەکانی دەخاتە مەترسییەوە و کەم دەکاتەوە، کە کۆمپانیا تایبەتییەکان سوودیان لێوەردەگرت. جگە لەمەش دەستکەوتەکانی جەنگ خرایە بەردەستی سەرکردەکانی ئابوری ئەمریکا، واتای ئەمەش ئەوەبوو، کۆگایەکی گەورەی سەرمایەیان لەبەردەستدایە و پەلەیان بوو بیخەنە بواری وەبەرهێنانەوە، بەتایبەتیش لە دەوڵەتە دەوڵەمەندەکانی ئەوروپا. تەنیا لەبەر ئەم هۆکارانە سەرلەنوێ بیناکردنەوەی جیهانی پیشەسازی، بەو ڕێگەیەی کە خزمەت بە دەسەڵاتی ئەمریکا بکات، رەگەزی سەرەکی ئەجێنداکەی ئەمریکا بوو بۆ دەستگرتن بەسەر جیهاندا.

زۆر شێواز پەیڕەوکرا بۆ لەنێوبردنی بەرگری بەڕووی فاشیزم و جەنگی کرێکاراندا و گەڕانەوەی سیستەمە کۆنزەرڤاتیڤە تەقلیدییەکان، کە بەر لە جەنگ بوونیان هەبوو، هەروەها ئامانج

لەم ڕێگە پەیڕەوکراوانە بۆ گەشەسەندنی ئابوری، بوو بە ڕێگەیەک، کە خزمەت بە هەناردەکەران و بەرهەمهێنەرە ئەمەریکییەکان بکات، بۆیە بەرنامەیەکی زۆر بەرفراوانی هاوکاری لە کۆتایی چلەکاندا پەیڕەوکرا، بەڵام ئامانجی خوازراوی بەدەستنەهێنا. ئیدی وا پێدەچوو پەیڕەوکردنی نموونە کینزییەکە کە ئاڕاستەیەکی میلیتاریی هەبوو، سەرکەوتووتر بێت. وەک چۆن بەرنامەی دووبارە پڕچەککردنەوە و جەنگی کۆریا پاڵنەری بەهێزبوو، بۆ ئابوریە ئەوروپی و ژاپۆنییەکان. دواتر جەنگی ڤێتنام ئەوروپای دەوڵەمەندترکرد و هاوکاری ژاپۆنی کرد وەک هێزێکی ئابوری، بە ڕادەیەک کە لە سەرووی هاوکێشەکانی پێشکەوتنەوە بوو لە دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئاسیادا، ئەمەیش کۆمەڵێک دۆڕان و لەدەستدان بوون کە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکان قووت نەدەدرا و جێگای قبووڵنەبوو.

لەم شانۆیەدا شوێنی دەوڵەتە تەقلیدییە خزمەتگوزارەکان ڕێکخرا و دیاریکرا، ئەمەیش ئەو کاتە بایەخی زیاتر بوو، کە ئەوروپا کۆنترۆڵی بەسەر سەرچاوە تەقلیدییەکانی

سامانە کشتوکاڵییەکان و سامانە وزەییەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات لەدەستدا. هەر هەرێمێک پێگە و شوێن و «وەزیفە»ی خۆی لە نەخشەی نەخشەسازاندا گرت. ویلایەتە یەکگرتووەکانیش جڵەوی کۆنترۆڵەکەی بەسەر نیوەگۆی ڕۆژئاوادا بەدەستەوەبوو، بۆیە کێبەرکێکارە بەریتانی و فەرەنسییەکانی لەوێ دەرکردبوو. پرەنسیپەکەی مۆنرۆتاوەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست درێژبوویەوە، کە وا چاوەڕوندەکرا بەریتانیای شوێنکەوتەی واشنتۆن، هاوکاری پێشکەش بە هاوپەیمانەکەی لەو ناوچەیەدا بکات، بەڵام «ئەفەریقا» دەبوو بۆ دووبارە بیناکردنەوەی ئەوروپا «بەکاربهێنرێت» و بچەوسێنرێتەوە. دەبوو باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیاییش وەزیفە سەرەکییەکەی خۆی «تەواوبکات»، ئەویش ئەوەبوو کە بۆ ژاپۆن و ئەوروپای ڕۆژئاوا، سەرچاوەی مادەی خاوی پیشەسازیی بێت (بەو جۆرەی کە جۆرج کینان و پلاندارێژانی سیاسەتی دەرەوە، لە ساڵی 1948 و 1949 دا دیارییانکردووە)، بەڵام دەبوو ویلایەتە یەکگرتووەکان مادەی خام لە کۆلۆنییە ئەوروپییەکانی پێشتر بکڕێت، تاوەکو بتوانێت بە

سیستەمی سێگۆشەکانی بازرگانیی نوێ خۆی بونیادبنێتەوە، کە بە پێی ئەم سێگۆشەیە دەوڵەتە پیشەسازییەکان بەرهەمە ئەمریکییەکانیان بە پارەی نەختینە دەکڕی، کە لەو مادە خامانە دروستکرابوو ویلایەتە یەکگرتووەکان لای خۆیەوە لە کۆلۆنیالە ئەوروپییەکانی پێشتری کڕیبوو (کەواتە سێگۆشە بازرگانییەکە بەم جۆرە بوو: مادەی خامی کۆلۆنیالەکان- بەرهەمە ئەمەریکییەکان- کڕینی بەرهەمەکان لەلایەن دەوڵەتە پیشەسازییەکانەوە). بە پێی ئەم لۆژیکە کۆلۆنیالەکانی پێشتر دەیانتوانی سەروەرییەکی فۆرماڵ (نەک جەوهەری)، بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن و هیچی تر .

پلاندارێژە جیهانییەکان بڕیاری لەنێوبردنی ئاڕاستە و ڕێبازە «ناسیۆنالیستییە حەماسییەکان»یان لە دەوڵەتە کۆلۆنیالەکانی پێشتردا بەپێویست دەزانی. ئەمانە وایاندەبینی کە بەرژەوەندی ویلایەتە یەکگرتووەکان لەلایەن «ئەم سیستەمانەوە کە فیکرێکی ناسیۆنالیستیی تووندڕەویان هەیە»، لەژێر کاریگەری فشاری گەلەکانیاندان کە داوای «دەستبەجێ باشکردنی

ئاستەکانی گوزەران» و پڕکردنەوە و دابینکردنی پێویستییە سەرەکی و لۆکاڵییەکانیان دەکرد، لەژێر هەڕەشەدایە. هۆکارەکانی ئەم بەرهەڵستی و دژبوونە، ڕوون و ئاشکرابوو، لەپێش هەموویشییەوە دەبوو ئەم ئاڕاستە ناسیۆنالیستییانە لەگەڵ خواستی ئەمەریکادا بۆ دروستکردنی «کەشێکی سیاسی و ئابوری ملکەچ بۆ وەبەرهێنانی تایبەت» بەریەکدەکەوتن، هەروەها لەگەڵ گەڕاندنەوەی سود و قازانج بۆ وەبەرهێنەرەکان (بەپێی یاداشتی ئاساییشی نەتەوەیی ژمارە NSC 2345/1 ی ساڵی 1954)، هەروەها ناکۆکبوو لەگڵ خواستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا کە ئەمەبوو: «پاراستن و دەستگرتن بە مادە خاوەکانمانەوە» (گوتەی کینان). لە پێداچوونەوەیەکی سیاسیدا کە بڵاونەکرایەوە، کینان لە ساڵی 1948 دا ئەم ئاگادارکردنەوەیەی دا و وتی: «پێویستە ئیتر واز لەو قسە ئاڵۆز و تەمومژاوییانەی بهێنین دەربارەی مافەکانی مرۆڤ و، بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و، دیموکراتیزەکردنی جیهان، هەروەها دەبێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و بە پێی

چەمکەکانی هێز بجوڵێینەوە و مامەڵەبکەین. نابێت دروشمە ئایدیالییەکان دەربارەی «پێشکەشکردنی سود و چاکە بە جیهان» رامانگرن»، بۆیە دەبێت ئامۆژگاری و ڕێنماییەکەی کینان لەبەرچاو بگرین، ئەگەر دەمانەوێت «ئەو جیاوازییە بپارێزین کە ئێمە وەک دەوڵەمەندەکان لەو دوروبەرە فراوانە هەژارەی دەوروپشتمان جیاماندەکاتەوە».

بەم جۆرە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیڕەوی لە سیاسەتەکانی خۆی کرد دژ بە دیموکراسییەت لە وڵاتانی جیهانی سێیەمدا، لەگەڵ ئاڵوگۆڕ لە شێوازەکانی تۆقاندندا، بە ئامانجی پەراوێزخستن و وێرانکردنی سیستەمە ناسیۆنالیستییەکان، هەموو ئەمانەیش بۆ رووبەرووبوونەوەی پرەنسیپی «ناسیۆنالیزمی ئابوری» بوو، کە لەژێر فشاری گەلاندا بە خێراییەکی زۆر بڵاودەبوویەوە. ئەم مومارەسانە، کە بە تەواوی سەربەخۆ بوون لە کۆنتێکستی جەنگی ساردو رواڵەتە زۆر زەقەکانی سیاسەتی ئەمریکا. زۆر هۆکاریش هەیە کە وامانلێدەکات هێشتا پێشبینیی بەردەوامبوونەکەی بکەین.

وەک پێشتر باسمانکرد، داهێنراوی ناسۆنالیزمی سەربەخۆ و ئامانجە باڵا و خوازراوەکانی –کە جەماوەر بەڕووی بەرهەمهێنەرە بیانییەکاندا زەقیانکردبوویەوە- مەترسی گەورەبوو لەسەر «ئاسایشی نەتەوەیی» ویلایەتە یەکگرتووەکان، لەوێدا «ئارامی» و جێگیری کەوتە بەردەم هەڕەشەی بزووتنەوە ئازادیخوازە سەرکەوتووەکان. ئەم ترسانە لە بەڵگەنامە ناوخۆییەکانی ئیدارەی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا رەنگیدایەوە. کاتێک واشنتۆن لە ساڵی 1954 دا ئامادەکاریی کرد بۆ هەڵگەڕاندنەوەی ئەزموونی سەرکوتووی دیموکراسییەتی تەمەنکورتی گواتیمالا، یەکێک لە بەرپرسەکانی دەرەوەی ئەمریکا، ئاگادارینامەی ئەوەی راگەیاند، کە گواتیمالا بۆتە «مەترسییەکی زورترە بۆ ئارامی هەریەکە لە هیندۆراس و سلڤادۆر» چاکسازییە کشتوکاڵییەکان کە کردوویەتی «چەکێکی زۆر مەترسیداری بانگەشەییە». بەرنامە کۆمەڵایەتییە بەرفراوانەکەی بۆ یارمەتیدانی کرێکاران و جوتیاران لە ململانێیاندایە دژی چینە دەوڵەمەندەکان و دژی پرۆژە وەبەرهێنییە

بیانییەکان،و بۆتە مایەی «سەرنجراکێشان و ئافەرینی دەوڵەتە دراوسێکان، کە هەمان رەوشییان هەیە»، بۆیە ئەو ئارامییەی کە واشنتۆن مەبەستییەتی «ئاساییشی چینە دەوڵەمەندەکان و ئاساییشی وەبەرهێنەرە بیانییەکان»ە، ئەمەش پێکەوە لەژێر چەمکی «بەرژەوەندی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکان»دا کۆدەبێتەوە. لە نەخشەسازییەکانی دوای جەنگدا، چارەنووسی باشور هەر وەک پێش جەنگ مایەوە، ئەگەرچی لەو کاتەی دوای جەنگدا تێهەڵکێش و تەبا بە پەیکەری گشتیی بەجیهانیبوونی لیبرالیزم کرا، بەگوێرەی بەرژەوەندی وەبەرهێنەرە ئەمەریکییەکان و کۆمپانیا ئەمەریکاییەکان، دەستکاری کرا. ریشەکانی ململانێی نێوان دەوڵەتە سەربەخۆکانی جیهانی سێیەم و ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رەگی سیستەمی نوێی جیهانیدا بوو، کە پشتی بەستبوو بە پەنابردن بۆ توندوتیژی و جەنگی ئابوری، کە واشنتۆن بە گوێرەی بنەما فەندەمێنتالییە کۆلۆنیالیستییەکانی، بەرپایدەکردن.

لە حاڵەتی ئەمەریکای لاتیندا بەڕوونی گوزارشت لەم بنەمایانە کراوە، کە کارکردی

وا ئاڵۆزی تیانەبوو دەستێوەردانی ئەمەریکی پەکبخات، یان لایەنیکەم کۆسپی بۆ دروستبکات. دوای جەنگی دووەمی جیهان ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزی تەواوی هەبوو، کە وای لێدەکرد ئامانجە سیاسییەکانی، کە ریشەی لە سەرەتاکانی کۆماری ئەمەریکادا بوو، بەدیبێنێت، ئەویش بریتی بوو لە داگیرکردنی پێگەی کێبەرکێکارە ئیمپریالییەکان و بەدیهێنانی ئامانجەکانی بنەمای مۆنرۆ. لانسج، وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، ئەمەی وا تەفسیرکردووە، کە دەبێت ویلایەتە یەکگرتووەکان بەر لە هەموو شتێک گرنگی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات، بەڵام بەرژەوەندییەکانی نەتەوە ئەمەریکییەکانی تر رووداوێکی رێکەوت و رووکەشە و دوا ئامانج نییە، ئەمە ئەو میتۆدەیە کە ئەمڕۆ «گاڕانی ساماندار و بسنزمانەکان» لە ویلایەتە یەکگرتووەکان پەیڕەویی لێدەکەن. بە پێی سەرنجی ستیڤن رۆب «رۆڵی ئەمریکای لاتین لە سیستەمی نوێی جیهانیدا ئەوەی بۆ دیاریکراوە، کە لەلایەکەوە زێدەڕەوی لە فرۆشتنی سامانی مادە خامەکانی نەکات ، لەلایەکی دیکەیش

بازاڕەکانی زیادەی سەرمایەی هاتوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە وەربگرێت، هەر ئەوەندە و هیچی تر». بەگوێرەی دارشتنەوەکەی جیرالد هاینز، مێژوونووسی دیاریی سی ئای ئەی، ئامانجی واشنتۆن «کەمکردنەوەی کێبەکێی بیانییە لە ئەمەریکای لاتین، بۆئەوەی ئەو ناوچەیە وەک بازاڕی سەرەکی زیادەی پیشەسازیی بەرهەمەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بمێنێتەوە، بکرێتە بوارێک بۆ چالاکیی وەبەرهێنەرەکان، هەروەها ڕۆڵی ئەو ناوچەیە وەک کۆگای مادەی خاو بهێڵرێتەوە، پێویستیشە دوور بێت لە دەستی سۆشیالیزمی نێودەوڵەتی». وێرای ئەوەی هیچ بەڵگەیەک نییە بۆ نزیکبوونەوەی سۆشیالیزم لەو ناوچەیە، بەڵام مەبەستەکە دوورخستنەوەی مەترسی سۆشیالیزمی ناوخۆیی بوو، کە لە بەرگی ئەو شەیتانە نادیار و شاراوانەی هەژاراندا بوو، کە ئامادەبوون بۆ «ڕووتکردنەوەی دەوڵەمەندەکان»، بە دەربڕینی دالاس .

ئامانجەکان لە دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین جیاواز بوو، هەوڵی ئەوەیاندا ویلایەتە یەکگرتووەکان پێیدەوت «فەلسەفەی نوێی ناسۆنالیستی، ئەو

سیاسەتانە دەگرێتەوە، کە بۆ دابەشکردنی سامان بەسەر بەرفراوانترین توێژەکانی دانیشتووان و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی جەماوەر، پلانرێژکراون». بەرپرسێکی دیکەی ئەمریکی کۆمێنتێکی لەم جۆرەی داوە «ناسیۆنالیزمی ئابوری هێزی باڵادەستی سەرەکییە بەسەر خواستە نوێیەکانی بەرەو بەپیشەسازیکردن. دەوڵەتانی ئەمریکای لاتین باوەڕیان بەوەیە، دەبێت هاونیشتمانیان نەک بێگانەکان سوودمەندی ڕاستەوخۆ بن لە گەشەپێدانی ئابوری و مرۆیی». ئەم ئامانجە یەکەمییە «هەڵانە» بە ئاراستەیەکی ناتەبای پلانە ئەمریکییەکاندا دەڕۆن. مەسەلەکە بووە تەوەری گفتوگۆی کۆنگرەی ساڵی 1945 کە سەرکردەکانی هەردوو کیشوەرە ئەمریکییەکەی کۆکردبوویەوە و، ویلایەتە یەکگرتووەکان «دەستوورە ئابوریەکەی»ی تێدا دانا، ئەو دەستوورەی کە ئامانجی کۆتاییهێنان بە ناسۆنالیزمی ئابوری بوو «بە هەموو جۆرەکانییەوە» لە ئەمریکای لاتیندا؛ ئەوەیش لەبەرئەوەی سوودمەندانی یەکەمی سامانەکانی ئەمریکای لاتین، دەبێت وەبەرهێنەرەکانی ویلایەتە

یەکگرتووەکان و هاوبەشە لۆکاڵییەکانیان بن، نەک «گەلانی ناوچەکە».

ئەگەر پەیوەندیی هێزەکان لەبەرچاوبگرین، واشنتۆن دۆخی خۆیی پاراست، دەوڵەتانی ئەمریکای لاتینیش شکستیانهێنا لە «دابەشکردنی زۆرترین سامان» بە گوێرەی ڕاپۆرتەکانی بانکی نێودەوڵەتی لە سێپتەمبەری 1993دا کەوتنە «ستەمێکی زۆرەوە لە دابەشکردنی ساماندا»، ئەو راپۆرتەی کە وا چاوەڕوان دەکرا «ئاژاوە»یەکی زۆر لە دەوڵەتانی ناوچەکەدا بنێتەوە، ئەگەر بێتوو حکومەتەکانی ئەم دەوڵەتانە نەتوانن «بەهێز و جددییەوە کار بۆ رووبەرووبوونەوەی هەژاری بکەن»، ببووە ئەگەرێکی زۆر ترسناک و بەفراوان .

ترومان و ئەیزنهاوەر دژ بە «گەشەپێدانی گشتیی پیشەسازی» لە ئەمەریکای لاتین بوون؛ چونکە ئەمە زیان بە بەرژەوەندیی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەگەیەنێت، بۆیە دەبوو دەوڵەتانی ئەمەریکای لاتین خزمەت بە ئابوری ئەمەریکا بکەن، نەک کێبەرکێی بکەن. بە کورتی دەرکەوتنی هەر گەشەسەندنێکی داهاتوو کە

خواستی دانیشتوانی هەرێمەکان دابین بکات، شایەنی قبوڵکردن نەبوو. ویلایەتە یەکگرتووەکان هەمان بنەمای لە ناوچەکانی تریشدا پەیڕەوکرد، تەنیا لەو دەوڵەتە پیشەسازییە گەورانەدا نەبێت، کە بەرژەوەندییەکی فراوانتری لەگەڵیاندا هەبوو. بەپێی ئەو پلانانەی کە هاینز دایناپوون ویلایەتە یەکگرتووەکان هەوڵیدەدا بۆ «خۆشگوزەرانی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی».

لەسەر ئاستی ئاسیا، یاداشتی ساڵی 1949 ی ئاساییشی نەتەوەیی بانگەشەی بۆ «ئاڵوگۆڕی هاوبەش و جیاو دوولایەنە» دەکرد. بەپیشەسازیکردنی «گشتگیر لە هەر دەوڵەتێکدا بە جیا دەشێت بەدیبێت، بەڵام بە تێچوونێکی زۆر، ئەمەیش لە ئەنجامی قوربانیدان لە کێبەرکێدا بە بەرهەمهێنان بۆ بەرژوەندی تایبەت»، ئینجا ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبێت رێگەی ئەوتۆ بۆ «مومارەسەی فشاری ئابوری» لەسەر ئەو دەوڵەتانە بدۆزێتەوە، کە قەبووڵی ئەو ڕۆڵە ناکەن، کە بۆیان دیاریکراوە وەک سامانی «کاڵا ستراتیژییەکان و مادە خامەکان» ئەوەیش سیاسەتی ئەو تۆوانەیە کە دواتر بۆ سیاسەتی خۆگوزەرانی ئابوری گەشەیان کرد.

هەڵبەت ئەمە سەرنجی «پرۆس کەمەنجس»ە. بەم جۆرە دیدگای گەشەکردنی ئابوری لەسەر ئاستی هەر دەوڵەتێک لە خۆیدا، شتێکی خوازرا و قەبوڵکراو نەبوو. هەر بەپێی یاداشتەکی پێشتر «هیچ دەوڵەتێک نییە لە دەوڵەتە ئاسیاییەکان، کە سەرچاوەی پێویستی هەبێت بۆ دروستکردنی بناغەی ئامادەسازیی پیشەسازییەکی گشتگیر». ئەوە وێڕای ئەوەی کە هیند و چین و ژاپۆن رەنگە لەم رێسایە بەدەربن. داهاتووی ئابوری ژاپۆن بە چاوێکی دیکە سەیردەکرا، چونکە دەیتوانی بەرهەمە زۆر وردەکارەکان و بەرهەمە پێشکەوتووە جیهانییەکانی دیکە دروستبکات، هەر بەو جۆرەی کە توێژینەوەیەکی رووپێویی دەری خستووە و لیژنەیەکی ئەمەریکی لە ساڵی 1950 دا پێشکەشی کردووە. وێڕای ئەو رەگەزپەرستییەی کە ئەم ئایدیا ئەمریکیانە پیشاندەدات، هەندێکیان بەر لە هەڵگیرسانی جەنگی کۆریا، کە ئابوریە داتەپیوەکەی ژاپۆنی بوژاندەوە، راست بوون.

پێویست بوو لە ئاسیادا بنەما حاکمییەکان بۆ رووبەرووبوونەوەی هێزی راکێشانی «سێوە گەنیوەکەی سۆشیالیزم»، فەرامۆشبکرێت، کە بە پێچەوانەی ئەو شوێنە کەمێک دوورەدەستەی

ئەمریکای لاتینەوە، کە درەنگتر کاریگەری ئەم سیۆەیان پێدەگەیشت، بۆ دەوڵەتانی کیشوەری ئاسیای نێو خولگەی ئەمریکی، بووبووە جێی سەرنج و سەرسوڕمانێکی زۆر؛ خۆ ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم بنەمایانەی پەیڕەوبکردایە، ئەوا واباشتر بوو بە هیستریاوە مامەڵە لەگەڵ ئەو هەوڵانەدا بکات، کە لە دەوڵەتانی ئاسیادا، بە ئامانجی کەمکردنەوەی چەپۆکی ئەمریکا دەرکەوتن.

وەک بینیمان ئەفریقایش بۆ چەوساندنەوەی ئەوروپی جێدەهێڵرێت، بەڵام رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەشێکی تایبەتدا بە دورودرێژیی باسیدەکەین.

بەرنامەی هاوکاریی ئەمریکا پەیڕەوی لە هەمان خواستە بنچینەییەکانی پێشوو کرد. پرۆژەی مارشال بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی ئەوروپا، پێویستییەکانی ئەو پلانرێژییە بەڕێوەی دەبرد، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. رێژەیەکی زۆر کەمی پارە لە کەنارە ئەمەریکییەکانەوە بەرەو کەنارە ئەوروپییەکان دەرچوو، باجدەرەکان کۆی تێچوونەکانی بەرنامەی ئەو هاوکارییانەیان

له ئەستۆگرت، کە چووە گیرفانی هەناردەکەر و بەرهەمهێنەرەکانەوە. ئەوروپا سوودی لەم هاوکارییانە وەردەگرت، بەڵام بە مەرجێک لە چوارچێوەی کۆمەڵگە لۆکاڵییەکانیدا دابەشیبکردایە و لەسەر بنەمای سەنگ و پێگەکەی بووایە لە نەزمی جیهانیدا، ئەمەیش تەنیا بەو جۆرە لەلایەن ئەمریکاوە قبووڵدەکرا، کە رۆڵی کرێکاران لە ئەوروپادا بێبایەخ و بێ کاریگەر بکات و رۆڵی خودی ئەوروپایش لە گۆڕەپانی جیهانیدا ملکەچی هەژموونی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکات؛ ئەمە ئەو شتەیە کە هێنری کیسنجەر بە زمانێکی پاراو دەریبڕیوە. زیاتر لە 10% ی ئەم هاوکارییانە لە داهاتەکانی نەوتدا خەرجکرا، چونکە لە نیوە زیاتری ئەو نەوتەی کە دەوڵەتە ئەوروپییەکان بەدەستیاندەهێنا، سامانەکانی پرۆژەی مارشاڵ کۆی کردەوە، بۆی کردن بە پارەی مۆڵ، ئەوەیش بەشێک بوو لە بەرنامەیەکی فراوانتر بۆ گۆڕینی ئابوری ئەوروپا بۆ ئابوریەک ، کە بەتەواوی پشت بە نەوت ببەستێت. ئەم سیاسەتانە بووە مایەی هەڵوەشانەوەی یەکێتییە کرێکارییەکان لە کانەکانی خەڵوزدا، کە لەڕووی

سیاسییەوە وەک سەرچاوەیەکی پشت پێ نەبەستراو و لاوەکی پۆلێنکرابوو، ئەمەیش بە ئامانجی بەرفراوانکردنی باڵادەستی ئەمەریکا، درێژکردنەوە قەڵەمڕەوی ئەمەریکا بەسەر داهاتە نەوتییەکاندا. بەم جۆرە قەرزەکانی بانکی نێودەوڵەتی بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی ئەوروپا تەرخانکران، هەڵبەت بە داهاتی گەورەی کۆمپانیا قەرزدەرە ئەمەریکییەکان. لەنێوان ساڵانی 1946–1953 ڕێژەی 77% ی ئەو قەرزانە بۆ کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییە ئەمەریکییەکان، بەشێوەی سوودی هاوبەش Quid Pro Quo تەرخانکران، هەر لەو ماوەیدا ئەوە ڕاگەیەنرا کە «سیاسەتی بانکی نێودەوڵەتی، هەوڵدەدات بۆ پشتیوانیکردن لە پرۆژە تایبەتییەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ» . باجدەرەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکان ئەم پارەیان دابینکرد، بەڵام قازانجی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان چەند قاتبوویەوە، جا لەڕێگەی هەناردەکانەوە، یان باشترکردنی هەلی وەبەرهێنانەوە، ئەو کاریگەریانەیش کە لەبەرەوە لە سەرچاوە ناڕاستەوخۆکاندا Trickle–Down دا دیارییان

دا، بەڕووداوێکی کاتی و ڕێکەوت دانران نەک دەرەنجامی کۆتایی.

هەروەک بەرنامەی مارشال، ریگان بەرنامەی خواردن بەرامبەر ئاشتی PL480 یشی کردە یەکێک لە گەورەترین کارە مرۆییەکان، کە یەک نەتەوە پێشکەشی سەرجەم نەتەوەکانی تری دەکات، بەڵام حەقیقەت پێماندەڵێت بەرنامەی خواردن بەرامبەر ئاشتی خزمەتی بەو ئامانجانە دەکرد، کە بەرنامەکەی بۆ دانرابوو، لەپێش هەموویشیانەوە ئەوەبوو کە بارگرانیی وەبەرهێنانە کشتوکاڵییە تایبەتەکان، بکەوێتە ئەستۆی جەماوەر، بەدیهێنانی خواستەکانی ئەمەریکا لەڕێگەی قەناعەتپێکردنی گەلان بەوەی کە «بۆ خواردن پشت بە ئێمە ببەستن» (بە گوێرەی دەبرینی سیناتۆر هێمبەرت هێمفری، یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی لیبرالیزمی ئەمەریکی و ئەندازیاری ئەو بەرنامەیەی، کە لە ویلایەتی مینیسۆتا قازانجێکی زۆری بە دامەزراوە کشتوکاڵییەکان بەدەستهێنا)، هەروەها ئەمە بەرنامەی بەرهەمهینانی خۆراکی لە جیهانی سێیەمدا گۆڕی بە دەوڵەتانێکی بەرهەمهێنەری

کشتوکاڵیی نا-خۆراکی کە قازانجێکی گەورەی بۆ پیشەسازییە کشتوکاڵییەکان و بەرهەمە پەینی و کیماییە کشتوکاڵییەکان لەناوخۆی ئەمریکادا هەبوو؛ هەروەها ئەم بەرنامەیە بەشداریکرد لە رووبەرووبوونەوەی یاخیبوونەکاندا، ئەویش لەڕێگەی بەکارهێنانی زۆرەملێیانەی دراوی ئەمەریکییەوە لە بودجە بیانییەکان و وڵاتانی تردا، هەروەها تەرخانکردنی پارە بۆ تۆڕێکی سەربازیی جیهانی کە پشتیوانی لە دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی دەکرد لە رۆژئاوا و جیهانی سێیەمدا، هەورەها لە رێگەی ناچارکردنی بودجەی وڵاتە کێبەکێکارەکانی ئەمەریکاوە، تاوەکو بودجەیەکی زۆر بۆ پرۆسەکانی دووبارە پڕچەککردنەوە تەرخانبکەن (ویلیام بۆردن) و ناڕاستەوخۆ خەرجیی بەرهەمە ئەمەریکییەکان بدەن. بەم جۆرە ویلایەتە یەکگرتووەکان داهاتەکانی هەناردەکانی رێکخست (کە لەڕووی جیهانییەوە بە سیاسەتێکی «ستەمگەرانە»ی بازرگانی دادەنرا) تاوەکو بازاڕە گەورەکەی ژاپۆن «لەنێو سەرجەم بازاڕەکانی تردا ،یان وەک هەر بازاڕێکی تر»بهێڵێتەوە و کەم هێزی بکات (بە

بڕوای بۆردن)، کاریگەریی وێرانکەریش لەسەر کشتوکاڵی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم و ئاستی بژێوی و گوزەرانی دانیشتوانەکەیان دابنێت .

لە ساڵی 1958 دا، راپۆرتێکی نهێنی پێشکەش بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکا کرا دەربارەی ئەو هاوکارییانەی کە بۆ رووبەڕووبوونەوەی شۆڕشەکان لە وڵاتە هاوپەیمانەکاندا پێشکەشکراون، راپۆرتەکەیش لەژێر ئەم ناونیشانەدا بوو: «هەڵمژینی شۆڕشە ئەفرۆ–ئاسیاییەکان». لە راپۆرتەکەدا هاتووە: «نامانەوێ بەر بە گۆڕان بگرین لە وڵاتە کەم گەشەسەندووەکاندا، بەڵام ناکرێت بەوەیش رازی بین کە ئەم پەرەسەندنی ئەم گۆڕانانە بە جۆرێک بن، کە ئاسیا و ئەفەریقا بخەنە نێوجەرگەی گەمە شێتانەکەی حەماسەتی شۆڕشگێڕی و خواستە ناسیۆنالیستییەکانەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا خوازیاری ئەوەین یارمەتی پێشکەش بە حکومەتە نوێیەکان بکەین بۆ وەدیهێنانی خواست و ئامانجە شیاوەکانیان». هەڵبەت «شیاو» بەو جۆرەی کە واشنتۆن دیاریدەکات، هەروەها دەکرا ئەم حکومەتانە لە ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستدا، ببنە دەوڵەتی ئازاد و سەربەخۆ، بەڵام دیشان بەو جۆرە و تا ئەو رادەیەی کە واشنتۆن جڵەوی باڵادەستییەکەی لەدەستنەبێتەوە . لەم دۆخانەدا «ناسیۆنالیزمی ئابوری» تەنیا شتێک بوو کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی بە تەواوی نیگەران کردبوو، ئەوەیش لە بەرەنجامی چاوبڕین و هاندانی نموونەی چینەوە، هەروەها «هاوپەیمانێتی کێندی لەپێناو پێشکەوتن»یشدا هەمان نیگەرانیی و دڵەڕاوکێی هەبوو، بەتایبەتیش دەرهەق بە ئەمەریکای لاتین، کە لەمەدا کوبا بە تۆمەتباری یەکەم دادەنرا.

هەموو ئەمانەی پێشتر باسمانکردن لە ریکلامی جەنگی ساردا خرانە نێو نەزمێکی گونجاوەوە، ئەم نەزمەیش لەسەر گریمانەی «ئاساییشی نەتەوەیی» دامەزرابوو، کە دەبوو دوور بێت لە هەر هەڕەشەیەکی گریمانەکراو، کە ڕێی تێبچێت، ئەگەرچی زۆر دووریش بێت، (بەتایبەتیش لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە). یەکێک لەو گریمانانە ئەمە بوو کە پەرەسەندنی سەربەخۆی دەوڵەتانی جیهانی سێیەم بێگومان دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو دەوڵەتانە (دوای ئەوەی

بێلایەنییان لەدەستدا) بچنە پاڵ ئیمپراتۆریەتی خراپەوە (واتە سۆڤییەت)، لەگەڵ کۆکردنەوەی ئەم ئایدیا سادانەدا پلاندارێژە ئایدیۆلۆژییەکان توانییان هەموو شتێک ببەستنەوە بە پاساو و بیانووەکانی جەنگی ساردەوە، ئەمەیش ئەو پاساو و بیانووانەیە، کە دەبێت لەمڕۆدا دەستکاریی بکرێن، چونکە شەیتانی نوێی وەکو «دەوڵەتە لادەرەکان» و «فەندەمێنتالیزمی ئیسلامی» و «پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنۆلۆژی» و ئیدی شتی لەم بابەتانە، لە هەندێک دەوڵەتی جیهانی سێیەمدا سەریان هەڵداوە.

لە هەمان ئەو کاتەدا کە لیبرالیزمی نوێ بەرەو ئەوە پێشدەکەوێت، کە لە دەوڵەتانی باشووردا ببێتە سیستەمی سەردەم، کەچی ڕێ بە هەندێ دەوڵەتی باشوور درا، بگرە ڕەنگە هەندێکیشیان بە ئەنقەست هاندرابن، کە دەستبەرداری لیبرالیزمی نوێ ببن، ئەوەیش لەو کاتەدابوو کە کاریگەری «سێوە بۆگەنەکە» گەیشتبووە ئەو دەوڵەتانە. لە پەنجاکاندا ترسی ئەوە هەبوو کە دەوڵەتە گەشەسەندووەکان، کە تووشی ڤایرۆسی سۆڤێتی ببوون، سەرنجیان

لەسەر نموونەی چین بێت کە لەوە نزیکبوو لەش و پەیکەر و ستایلێکی تایبەت بەخۆی دابڕێژێت، چونکە ئابوریەکەی بەخێرایی گەشەیکردبوو، ببووە مایەی سەرسامی و راکێشانی سەرنجی دەوڵەتانی ئاسیا و ئەفریقا و رۆژهەڵاتی دوور . نیگەرانی لە نموونە چینییەکە بووە مایەی پشتیوانیکردن لە دەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم تاوەکو گەشەپێدانی سەربەخۆی ئابوری وەدی بهێنین، بگرە رێ خۆشبکرێت بۆ دەرچوونیان لەژێر کاریگەری پرۆژە تایبەتییەکان، ئەمەیش لەگەڵ هێڵی گشتی سیاسەتەکانی ئەمریکادا لێکدژ بوو. ئەو هاوکارییانەی کە پێشکەش بە تایوان و کۆریای باشوور کران، بۆ تەواوکردنی ئەو پرۆژە ئابوریانەی کە دەوڵەت سەرپەرشتی دەکردن، دەربڕی ئاراستەی ئەم سیاسەتەی سەرەوە بوو، بەڵام سیاسەتی ئەمریکا بەرامبەر هیندستان نموونەیەک بوو بۆ پشتیوانیکردنی ئەرێنی بۆ رووبەرووبوونەوە چین، ئەمە لەکاتێکدا کە رۆڵی نێودەوڵەتی و ناوچەیی هیندستان، لای ئەمریکا زۆر خوازراو نەبوو، بگرە جێی کینەیش بوو.

وەک هەر دەوڵەتێکی کۆلۆنیالیی پێشتر،

هیندستان، دوای رزگاربوونی لە دەسەڵاتی بیانی، هەوڵیدا خۆی بنووسێنێت بە جیهانی پێشکەوتووەوە (دەبێت سەرنجی ئەوە بدەین، کە لە دۆخی هیندستاندا خواستەکە گەڕانەوەبوو بۆ ئاستێک لە پێشکەوتنی پیشەسازی و ئاستی نوێگەری و مۆدێرنە کە داگیرکاریی بەریتانی وێرانی کردبوو). لەگەڵ ئەمەیشدا خواستی ئەم پرۆژەیە بەو جۆرە قبوڵکرا کە پرۆژە ئەمەریکییەکە رەتبکاتەوە. هەمان شت لە میسریش روویدا.

لە ساڵانی دەسەڵاتی ئەیزنهاوەر و راستەوخۆ دوای ئەویشدا، ویلایەتە یەکگرتووەکان هەندێ پشتیوانیی پێشکەشی هیندستان کرد، ئەگەرچی بەهۆی رۆڵی بێلایەنانەی هیند و هەوڵەکانی بۆ وەدیهێنانی گەشەسەندنێکی سەربەخۆ، دژایەتییەکی زۆری ئەم پشتیوانیانە کرا. دینیس میریل لە پێداچوونەوەی هەندێک بەڵگەنامەدا گەیشتە ئەو بڕوایەی کە ویلایەتە یەکگرتووەکان زۆر گرنگیی بە داواکارییەکانی هیندستان نەداوە. لە ساڵی 1950 دا، بەرپرسە ئەمەریکییەکان دانیان بەوەدا نا، کە هیندستان رووبەرووی برسێتییەکی زۆر مەترسیدار دەبێتەوەو پێدەچێت

10–13 ملیۆن مرۆڤ بەهۆیەوە بمرن، کەچی لەگەڵ ئەمەیشدا دەستەی ئیدارەی ترومان هیچ گرنگییەکیان بە پێشکەشکردنی ئەو گەنمە زیادەیە نەدا، کە حکومەت بۆ پشتیوانیی گشتیی کشتوکاڵ، لە جوتیارانی کڕیبوو.

دەستەی بەرپرسان وایان بە باشترزانی، پیشکەشکردنی هاوکارییەکە بە سوودی ویلایەتە یەکگرتووەکان بشکێتەوە. پاساوەکەیشیان، بە قسەی جۆرج ماک بی، ئەوەبوو ، دەشێت ملیۆنان کەس لە برسێتی رزگاربکرێن، بەبێ ئەوەی هیندستان بخرێتە ژێر «داگیرکاریی کۆمۆنیزم» و بەبێ ئەوەی حکومەت دەسەڵاتێک پیادەبکات کە» باشتر لە حکومەتەکەی نەهرۆ، روانگەکانی ئێمە (واتە روانگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان) بنوێنێتەوە. دوای کۆتاییهاتنی جەنگی کۆریا، کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان لە رادەی مەترسیی کۆمۆنیزم تێگەیشتن، کە گەیشتبووە بەر دەرگای هیندستان، دێن ئەچیسۆن رایگەیاند، کە وڵاتەکەی ئامادەیە قەرز بداتە هیندستان، بەو گریمانەی گوایە هیندستان «لە رادەی ئەو مەترسییە تێدەگات، کە لە ئێستادا رووبەرووی

دەبێتەوە»، ئینجا دەبێت بچێتە ریزی هەڵمەتەکانی دژ بە کۆمۆنیزمەوە؛ پێنج مانگ دوای داواکەی هیندستان بۆ پێکەشکردنی هاوکاری، قەرزەکەی پێدرا، بەڵام لە ستراتیژیترین سامانەکەی ئەم قەرزەی دایەوە.

بە پێی قسەی مێریل، سەرژمێرییەکی ئەوتۆمان لەبەردەستدا نییە، کە بتوانین بۆ زانینی ژمارەی کوژراوەکان بەهۆی برسێتییەوە لەو ماوەیەدا، پشتی پێ ببەستین؛ مێریل ئەوەیش دەڵێت لە ماوەی ساڵی 1950-1951 دا، لەو کاتەدا کە ملیۆنان هیندی بەدەست برسێتییەوە دەیانناڵاند، جگە لە چەند دەنکە دانەوێڵەیەک کە مەرگیان پێ دووردەخستەوە، هیچی تریان نەبوو، دروستکەرانی سیاسەتی ئەمەریکا هەوڵیاندەدا ژانی گەلانی هیند لە نێو بنەماکانی جەنگی ساردا بقۆزنەوە و بەکاربهێنن، هەر لە هەمانکاتیشدا چاویان لە سامانە زیندووەکانی هیندستان بڕیبوو.

دوای ئەوە هیچ شتێک نەگۆڕا، حکومەت و میدیا داوای پێشکەشکردنی هاوکارییان بە هیندستان دەکرد، نەک بەهۆی بەزەییهاتنەوە

بە گەلانی هینددا، بەڵکو چونکە ئەوەی لە هیندستان روویدەدا کاریگەرییەکی گەورەی دەبوو لەسەر «چارەنووسی دەوڵەتانی تر لە ئاسیا و رۆژهەڵاتی دوور و ئەفەریقا، بگرە لە هەردوو ئەمەریکاکەیشدا». (هەر بەو جۆرەی کە ریچارد نیکسۆنی جێگری سەرۆکی ئەمەریکا باسیکردووە). بە قسەی بیزنس ویک، هیندستان دەبێتە گەورەترین تاقیکردنەوە بۆ هاوکارییەکانی گەشەپێدانی ئابوری رۆژئاوا لە ئاسیادا، هەروەها سیناتۆر جۆن ف. کەنەدی داوایکرد هاوکاری هیندستان بکرێت، تاوەکو لەگەڵ چیندا بکەوێتە ململانێ، لە کاتێکدا حکومەتی پەکین «پلانێکی تۆکمەی داناوە، کە پێویستە لە تەواوی جیهاندا بخرێتە ژێر چاودێرییەوە». هەروەک سەرۆک ئەیزنهاوەر وتی «ئێمە ناتوانین بژین لە کاتێکدا دەریایەک دوژمن دەورەی داوین، دەبێت هەوڵبدەین لە قەیرانی قووڵی برسێتی لە دەوڵەتانی جیهانی سێیەمدا تێبگەین و هەوڵ بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی بدەین، تەنانەت ئەگەر شێوازەکانی گەشەسەندنی ئابوری لەو وڵاتانەدا لە نموونەی (پرۆژە سەربەخۆ

ئابوریەکان)یش، کە هەوڵدەدەین لە سەرجەم دەوڵەتانی تردا بڵاوی بکەینەوە، دوور بکەوێتەوە. لە کانوونی دووەمی 1963 دا، سەرۆک کینیدی ئەم پاساوانەی دووبارەکردەوە لەو کاتەدا کە کۆنگرێس خەریکی ئەوەبوو «زۆر بە وردی و بە ئاگادارییەوە ئەو ئاکامانەی بخاتەپێش چاو کە، ئەگەر بێتوو دەوڵەتەن بەرەو کۆمۆنیزم بڕۆن، زیانمان پێدەگەیەنن، تەنیا لەبەرئەوەی هاوکاری پێویسمان نەکردوون، ئینجا دەبێت هاوکارییەکانیش بەجۆرێک بن کە (زۆرترین رادەی بەرژەوەندییەکانمان بەدی بهێنن)» .

شێوازی سەرەکی بۆ «وەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانمان» لە رێگەی هاوکارییەکانەوە لەوەدایە سامانەکانی هاوکاریی نەتەوەیی، کە لە باجەکان کۆکراونەتەوە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بخرێنە بەردەست کۆمپانیا تایبەتییەکان، ئەمە ئەو راستییە بوو، کە سەرکردە سەرمایەدارەکان باش لێی تێگەیشتبوون. نوێنەرانی ئەنجومەنی کارەکان بۆ هەماهەنگی نێودەوڵەتی، لە شوباتی 1966 دا لە بەردەم ئەنجومەنەکەدا باسیان لە کێشەکان و دەستکەوتەکانیان کرد، پێیانوابوو کە هیندستان

وای پێباشترە لەجیاتی ئەوەی پێشوازی لە کۆمپانیا بیانییەکان بکات، راوێژ بە پسپۆڕ و راوێژکارەکان بکات؛ ئەوان ئەمەیان بەلاوە پەسەندو جێی قبوڵکردن نەبوو، لەبەرئەوەی هیندستان سەرمایەی بیانی «وەکو شەیتانێکی بێ ئامان» قبوڵکردبوو، بۆیە دەبوو ناچاربکرێت «پێشوازی لە کۆمپانیاکان بکات»، ئیتر ئەرکی ملکەچپێکردنی هیندستان لە رێگەی هاوکارییە دەرەکییەکانەوە دارێژرا و ناچاریکرد «میتۆد و مامەڵەی خۆی بەرامبەر سەرمایەی بیانی بگۆڕێت، ئەوەی بەسەردا سەپێنرا کە رەفتاری باشتر و قبوڵکراوتر بنوێنێت»

ئەم نوێنەرانە باسیان لەو دانوستانانە کرد گە لەگەڵ هیندستان ئەنجامیانداوە، لەپێناو زیادکردنی وزەی بەرهەمە پیشەسازییەکان «کە هیندستان بەشێوەیەکی هەنوکەیی پێویستی پێیەتی»، بۆیە ئاماژەیان بەوەدا کە «موڵکایەتی گشتی لە سیستەمی ئابوری هیندیدا گۆڕاوە، بەبێ ئەوەی کۆمپانیا ئەمەریکییەکان سەرکەوتنێکی گونجاو بەدەستبهێنن»، بەڵام سەرنجیشیان بۆ ئەوە راکێشا، کە هیندستان بە قۆناغی دارماندا

دەڕوات، بەم نزیکانە ناچار دەبێت گوتاری خۆی نەرم بکاتەوە و بچێتە ژێر بار و واز لەو هەڵوێستی کەللەڕەقانەیە بهێنێت، کە دژ بە «دەستێوەردانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی لە ئابوریەکەی گرتوویەتییەبەر، ئینجا ناچاردەکرێت ئەو ڕێبازە پەیڕەوبکات، کە دەبێت لەسەری بڕوات». بەم جۆرە هیندستان ناچارکرا مەرجەکانی کاری سەرمایەگوزارە بیانییەکان لەژێر فشاری بەردەوامدا لەلایەن «ویلایەتە یەکگرتووەکان و بانکی نێودەوڵەتی»یەوە، قبوڵبکات. هیندستان هیچ بژاردەیەکی دیکەی لەبەردەمدا نەبوو، بۆیە کەوتە ژێر باری «مەرجی خوازراوی ئاڵوگۆڕیی بازرگانی بۆ دابینکردنی خەرجیی گەشەپێدان و زامنکردنی بەردەوامێتی خێرایی ئابوری»یەوە. کۆمپانیا ئەمەریکییەکان هیندستانیان ناچارکرد، کە تەواوی ئامێرەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە هاوردەبکات، ئەگەرچی هیندستان خۆی دەیتوانی لە ناوچە لۆکاڵییەکاندا دابینیان بکات، هەروەها ناچاریانکرد ئامۆنیای شل هاوردەبکات، ئەمە مادەی خاوی سەرەکی بوو لە پیشەسازیدا، لەبری بەکارهێنانی

مادەی هاوشێوەی لۆکاڵی کە بە نافتا Naptha ناسرابوو، کە ئەگەر بێتوو زیاتر پەرەی پێبدرایە دەبووە هۆی سەربەخۆیی زیاتری پرۆژە پیشەسازییەکان لە هیندستاندا. هیندییەکان ئەوەیان ڕاگەیاند «خەریکە ئارامییان نامێنێت» و وتیان «ئێمە هەموو شتێکمان کردووە، کە دەتوانێت سەرمایەی بیانی بۆ کارگەکانی بەرهەمە پیشەسازییەکان رابکێشێت، بەڵام کۆمپانیا ئەمەریکی و ئەوروپییەکان کە دەزانن ئێمە لە قەیراندایین، کۆمەڵێک مەرجی قورسیان بۆ داناوین، کە ناتوانین پێوەی پابەندبین. واشنتۆنیش لەم نێوانەدا گێلەی خۆی دەکات، بیانووەکەی ئەوەبوو، کە ناتوانێت هەقی بەسەر لە ئابوری تایبەتی کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەتەوە هەبێت و دەست بخاتە کاروباریانەوە» .

لە هەمانکاتدا بەرنامەی هاوکارییە ئابورییەکان بەردەوام خەریکی وەیدهێنانی ئەو بەرژەوەندییانە بوو، کە هاوکاریدەرەکان دیارییانکردبوو. بەپێی لێدوانی سیرۆس ڤانس لە ساڵی 1979 دا، وەزیری دەرەوەی حکومەتەکەی کارتەر، «دەوڵەتە گەشەسەندووەکان بەرپرسن

لەو کۆسپانەی کە هاتۆتە بەردەم بەرنامەی گەشەپێدان، بۆیە بەرنامەی هاوکارییەکان لەو کەموکوتیانە بێبەرییە سووچی تێیاندا نییە؛ ئامانجی ئەم بەرنامەیە ئەوەبوو، کە دەستی ئەو دەوڵەتانە بەرەو سیستەمی بازرگانیی جیهانی بگرێت، لەگەڵ ئەمەیشدا هەوڵی کەمکردنەوەی گومرگەکان بدات لەڕێگەی دانوستانە بازرگانییە هەمە لایەنەکانەوە، بۆ وەدیهێنانێکی تێگەیشتنێکی هاوبەش لە بەرپرسیارێتییەکانی هەر یەکە لە حکومەتەکان و کۆمپانیاکان، تاوەکو ژینگەیەکی باشتر بۆ سەرمایەگوزاریی نێودەوڵەتی و بەرەوپێشچوونی تەکنۆلۆژی، فەراهەمببێت» .

ویرای ئەو بژاردانەی کە یەکێتی سۆڤێت خستییە بەردەم هیندستان، کە شایەنی ئەوەبوو مرۆڤ بیری لێبکاتەوە، بەڵام هیندستان لە هەشتاکانەوە لە لیستی سەرمایەداریی جیهانیدا واژوویکرد و خۆی تەسلیمی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی کرد. میخائیل چۆسۆدۆڤسکی، پسپۆڕ لە زانکۆی ئۆتاوا، لە توێژینەوەیەکدا لەو قۆناغەی کۆڵییەوە و لە یەکێک لە دیارترین وەزرنامەکانی هندستاندا بڵاویکردۆتەوە.

بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوەیە، هندستان ئاستێکی شیاو لە سەربەخۆیی هەبووە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ حکومەتی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیادا، بەڵام لە ئێستادا و لەسایەی ڕێنماییەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتیدا وەزیری دارایی هیندستان، ڕاستەوخۆ ڕاپۆرتەکانی پێشکەش بە واشنتۆن دەکات (کە لەوێوە سەرۆکایەتی بانکی نێودەوڵەتی دەکات)، بۆ ئەمەیش بەسەر پەرلەمانی هندیدا بازدەدات و دەربەستی مومارەسە دیموکراتییەکان لە وڵاتەکەیدا نییە، هەروەها پێشنیارەکانی بودجەی وڵاتەکەی تەنیا «دووبارەکردنەوە و تۆتۆلۆژی»ی ئەو پەیماننامانەیە کە لەگەڵ بانکی نێودەوڵەتیدا واژوویکردووە و مەسەلەکەی بڕیوەتەوە. میدیای هندیش کەوتۆتە ژێر کاریگەری نموونە ئەمەریکییەکەوە و لە بەڵگەنامە و ڕاپۆرت و مامەڵەی فەرمانگە بیرکراسییەکانیشدا، کە ڕاستەوخۆ لە واشنتۆتەوە وەرگیراوە، زاراوە ئەمەریکییەکان جێگای زاراوە بەریتانییەکانیان گرتۆتەوە. وەزارەتەکانی حکومەتی ناوەندی لە نیودلهی، لەگەڵ فەرمانبەرەکانی پێشووی

سندووقی دراوی نێودەوڵەتی و بانکی نێودەوڵەتیدا، بوونەتە هاوپەیمان، وەک بەشیک لە «حکومەتی هاوتەریب»ی بیرۆکراسیەتی نێودەوڵەتی، کە لەلایەن ئەمەریکاوە پشتیوانیی دەکرێت. بە بێ کۆتوبەندی پرۆسە دیموکراسییەکان، ئەو دەسەڵاتدارانەی کە لە بانکی نێودەوڵەتی دووربوون، فەرمانی «چەوساندنەوەی هەژارەکانیان لە گوند و شارەکان» بۆ فەرمانبەرە بیرۆکراتییەکان شۆڕکردەوە، تاوەکو دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتربن،واتە هەمان شێوازە ئەمەریکییە باوەکە. بەهەمان شێوە لە ئەمەریکای لاتین، لەژێر سەرپەرشتی «هاوپەیمانێتی لەپێناو پێشکەوتن و ئاکامەکانی»دا، ژیانی دانیشتوانی گوندەکان لە هیندستان بە رادەیەک تێکچوو، کە گەیشتە رادەی برسێتیی درێژخایەن، رێژەی بەکارهێنانی رۆژانەی خواردن بەڕادەیەکی زۆر دابەزی، کەچی هەناردەکردنە خۆراکییەکان بە تێکڕای خێراییەکان زیادیان کرد، بەمەش وڵاتەکە خێروبێرەکانی خۆی خستە بەرژەوەندی بەکاربەرە دەرەکییەکانەوە. کەواتە دەبێت رادەی ئەو بەختەوەرییە پێشبینیی بکەین کە

سەرمایەگوزارە بیانییەکانی، وەکو کۆمپانیای «تاتا» لە هند هەیانبووە، کەچی جووتیارەکان «کۆکوژی ئابوری» کران و بەدەست مایەپووچی و هەژارییەوە دەیاننالاند و کرێی کرێکارەکان بۆ کەمترین ئاست کەمبوویەوە. ئیدی لەسەردەمی سیاسەتی نوێی ئابوریدا، کە رێنماییەکانی بیرۆکراسیەتی نێودەوڵەتی پەیڕەودەکرد، مردن لە برساندا لە گوندەکاندا بووە رووداوێکی رۆژانە، لەهەمانکاتدا زۆربەی بەرنامەکانی پشتیوانیی میللی، کە بەتایبەتی ئاڕاستەی کەرتی گشتی و کۆمەڵایەتی کرابوو، پاشەکشەی کرد و رێژەکەی دابەزی، ئەم گرژی و داتەپینەیش «زەنگێکی خراپی تۆقێنەر بوو بۆ منداڵان لە کۆمەڵگەی هەژاری هیندستاندا»، ئەوەیش بە گوێرەی دەرەنجامی لێکۆڵینەوەیەک، کە دوو لە ئابوریناسە هندییەکان، دوای پێداچوونەوە بە کاریگەرییەکانی بەرنامەی گۆڕانی هەیکەلی لە چەند دەوڵەتێکی باشووردا، پێی گەیشتن.

بەڵام لەنێو هەموو ئەم مەینەتییانەدا، بێگومان سوودمەندانیش دەدۆزینەوە، لەسەرووی هەموویشیانەوە دەستەبژێری دەوڵەمەندی هیندی

و سەرمایەگوزار و بەکاربەرە بیانییەکان. نموونەی ئەمە لە پیشەسازیی ئەڵماسدا دەبینینەوە. لە هەر دە دەنکە ئەڵماسێکدا، کە لە بازارەکانی رۆژئاوادا دەفرۆشرا حەوت دەنکیان لە هندستانەوە دەهاتن، بۆ ئەمەیش کرێکارانێک بەکرێدەگیران، کە بە کرێیەکی کەم رازی دەبوون و لەوپەری نەداریدا دەژیان. لەگەڵ ئەمەیشدا لایەنێکی پرشنگداری ] کۆمیدی [هەبوو، کە دەیوت ئێمە ئەم ئەڵماسانە بە «بەکارەبەرە دەریابڕەکان» دەفرۆشین، وەک یەکێک لە کەسایەتییە دیارەکانی ناردنی ئەڵماس گوزارشتی لێکردووە. نابێت لەوە دڵگران ببین کە کرێکارەکانی بواری ئەڵماس لە سایەی سیاسەتە ئابوریە عاقڵانەکەی سیستەمی نوێی جیهانیدا لەبرسا دەمرن، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نقێم و ئەنگوستیلە و ملوانکەکانی ئەڵماس لە بازارە رازاوەکانی فرۆشتنی ئەڵماسدا لە نیویۆرک، نرخەکەی هەرزانتر بووە، کەواتە سوپاس بۆ موعجیزەی بازار .

هێشتاش ئامانجە خۆپەرستانەکانی بەرنامەی (هاوکارییەکان) بەڕێگەی خۆیدا دەڕوات، چونکە رۆژئاوا لە ریاکاری یەکێتی

سۆڤییەت بۆ دەوڵەتە هەژارەکان رزگاری بووە. ساڵی 1991 سێ لە چواری پەیوەستبوونی بەریتانیا بە هاوکارییەکانەوە، پابەندی کاڵا و خزمەتگوزارییە بەریتانییەکان و دامەزراوە بازرگانییە هەمەلایەنەکان کرایەوە، هەر جونەیهێک کە وەک هاوکاری دەبەخشرا، وا چاوەڕواندەکرا کە بەهاکەی بە 1.4 جونەیهەوە بگەڕێتەوە. ئەوانیتریش بە هەمان رێگادا رۆیشتن، ئیدی بووە شتێکی حاشاهەڵنەگر کە دەبوو هاوکارییەکان بگەڕێنەوە، نەک بە کۆتاییهێنان بە هەژاری و نەهێشتنی نەداری، بەڵکو بە قازانجی هاوکاریدەرەکان. ئەم سوکایەتیکردنە بە هەستی خەڵکی بووە رووداوێکی ئاسایی، ئیدی ئەمە گرنگ نەبوو، چونکە هاوکارییەکان قازانجێکی «نایاب»یان تێدا بوو. تا ئەو رادەیەی 40% ی دانیشتووان، کە لە دەوڵەتە گەشەسەندووەکاندا لە ژیانێکی خۆشدا دەژین هاوکارییەک وەردەگرن، کە لە هاوکاریی 40% ی دانیشتووانە کەم دەرامەتەکەی ئەم جیهانە زیاترە. بەم جۆرە خۆشگوزەرانەکان لە هەژارەکان زیاتر هاوکاری وەردەگرن، هەروەها زۆربەی هاوکارییەکان بۆ

ئەو دەوڵەتانە دەڕۆیشت کە لە کڕینی چەک لە ڕۆژئاوادا خەرجیان دەکرد، نەک تەرخانبکرێن بۆ بەرنامەی تەندروستی و فێرکردن. هێشتایش نیوەی هاوکاری و خزمەتەکان لە دەوڵەتە هاوکارەکانەوە بەستراوەتەوە بە توانای کڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەوە لە دەوڵەتە هاوکارەکان خۆیان، ئەم مامەڵەیەیش تێچوونی 15-20%ی بەهای هاوکارییەکان دەخاتە ئەستۆی دەوڵەتە گەشەسەندووەکانەوە؛ چونکە نرخێکی بەرز بەو کاڵایانە دەدات، کە دەبێت لە دەوڵەتە هاوکاریدەرەکانی بکڕێت. بەگویرەی ئەوەی کە گۆڤاری ئیکۆنۆمیست ئاماژەی پێداوە، لە کاتێکدا کە غەمی دەوڵەتە هاوکاریدەرەکان تەنیا دابینکردن و زامنکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، کەواتە کەمترین شتێک کە بشێت بەم سیاسەتەی بڵێین ئەوەیە کە ناوی بنێین «سیاسەتی گەمژەکان» .

ئەستەمە هەڵاوێردە لەم جۆرە سیاسەتە هاوکاریبەخشە بدۆزینەوە. ویلایەتە یەکگرتووەکان وڵاتێک نییە کە ئەخلاقی هەبێت تاوەکو پێداچوونەوە بەم سیاسەتەدا بکات و ڕەچاوی بارودۆخی دەوڵەتان بکات، دروشمەکانی

«خێرخوازی» و «بەخشندەیی» هیچ نین، جگە لە کۆمەڵێک ئامراز،کە سەماسیرەکان بۆ بەرژەوەندی خۆیانی دەیقۆزنەوە، هەروەک بانگەشەی سەپاندنەوەی خێرخوازیی کۆلۆنیالیستی کە «جیهانی شارستانی» پێشکەشیکردووە و دەبێت بگەڕێتەوە بۆ «مومارەسە پیرزەکەی» خۆی، ئەوەیش بەوە دەبێت، دەستی هاوکاری بۆ ئەو شوێنە دوورەدەستانە درێژ بکات، کە گەلە دواکەوتووەکان تێیاندا دەژین؛ بەڵام لە راستیدا ئەم گەلانە هیچ ئاوڕێکی ئەوتۆیان لێ نەدراوەتەوە کە شایەنی باس بێت، لەژێر کاریگەری «فیکری لیبرالی» و «بەرگری ئەخلاقی»دا سپێردراونەتە چارەنووسی خۆیان، کە گەمژە عاتیفییە لیبرالیستییەکان بەڕێوەیدەبەن، لەسەر خۆبەخش و خێرخوازە تەقلیدییەکان تاقییانکردۆتەوە. هێشتایش بانگەشە بۆ دووبارە ریشەکێشکردنەوەی کاسپییەکانی دەوڵەتان، کە کۆیلە تاڵانچییەکان بەرهەمەکەی دەچننەوە، چاوەڕوانی ساتێکە تاوەکو بتوانێت زیاتر کاریگەر بێت.

**سەرچاوە:**

نعوم تشومسکی: النظام العالمی القدیم و الجدید،- ترجمە: د. عاطف معتمد عبدالحمید، شرکە نهضە مصر للطباعە و النشر و التوزیع، الطبعە الاولی، مصر، 2007، ص176-188.

پەراوێزەکان:

See Deterring Democracy, Chaps. 1, 11;year 501, Chaps. 114,7- for elaboration and sources, here below.

See p. 79 rabe, The Road to OPEC (Texas, 1982). Haines, The Americanization of Brazil (Scholarly Resources, 1989) See year 501, Chap. 7. For extensive discsussion.

Stephen Filder, “Latin America ‘choas’ warning”, FT, Sept. 201993 .26/.

Nathan Godfried, Bridging the Gap between Rich and poor: American Economic Development Policy toward the Arab East, 19421949- (Greenwood 1987), 99. David Panter. Oil and the American Country (Johans Hopkins, 1986), 153ff.

See among other sources, To, Narry and Deb Preusch, The Soft War (Grove, 1988), 67f:

Borden, The pacific Alliance: United States Foreign Economic Policy and Japanese Trade Recovery, 19471955- Wisconsin, 1984), 182f.

Merrill, op. cit., 145. Latin America, see p. 77, Middle East, p.198.

Merrill, op. cit., 140.

Ibid., 61ff., 146f., 158, 170.

For Further detail, see my "Responsibility and Intellectuals", 1966, reprinted in American Power and the new Mandarins, chap. 6, and peck. Chomsky Reader, citing Congressional Hearings, NYT, CSM.

Godfried, op. cit., 194.

Chossudovsky, "India under IMF rule", Economic and Political Weekly, March 6, 1993. Madhura Swaminathan and V. K. Ramachandran, "Structural Adjustment Programmes and Child Welfare", ms, Bombay, paper presented at the Seminar on new Economic policy, Aug., 19.21- 1993. Indian Institute of Management, Calcutta. See Year 501, Chap., 7, on some effects.

MP Michael Meacher, Obbserver, May 16, 1993; Economist, July 10, 1993.

# کۆنترۆڵی میدیا

وەرگێڕانی:

ئارام مەحمود ئەحمەد

## پێشەکی

کتێبی «کۆنترۆڵی میدیا»1 ساڵی 1991 چاپکرا. ئەم کتێبە لەوانەیە بە کورتترین بەرهەمی چۆمسکی دابنرێت و لەڕووی داڕشتنیشەوە، بە زمانێکی سادەتر لە بەرهەمەکانی تری نوسراوە، بەڵام بوێری دەوێت بوترێ چۆمسکی تیۆرییەکی لەم کتێبەدا گەشەپێدابێت، کە بێگومان بۆتە یەکێک لە گرنگترین خاڵەکانی ژیانی ئەمڕۆی مرۆڤایەتی، بە واتایەکی روونتر رۆڵی «پڕوپاگەندەی سیاسی» لە ژیانی ئێمەدا.

مێژووی ئەم پڕوپاگەندەیە کە ئەمڕۆ وڵاتی ئێران بە هۆی بابەتە ناوەکییەکانییەوە تێیکەوتووە، ئەو شێوازانەی کە ئەم پڕوپاگەندەیە بە پشتبەستن پێیاندەتوانێت کارایی «گونجاو» بدۆزێتەوە. بە گشتی، ئامانجە درێژمەودا و کورت مەوداکان لە چوارچێوەی ئەم «پڕوپاگەندانە»دا ،بە پوختەیی لەم بەرهەمەدا تاوتوێکراون. وەرگێڕانی ئەم کتێبە هاوکاتە لەگەڵ بەرهەمی (باڵا دەستی یان پاراستنی مانەوە)ی چۆمسکی2. چونکە بە پێویستمزانی خوێنەران گۆڕانی تیۆرییەکانی چۆمسکی لە ماوەی زیاتر لە 13 ساڵدا ببینن.

لە ڕاستیدا ئەو یەکێکە لە بیرمەندە ناوازەکانی جیهان، کە لە ماوەی ساڵانی ئامادەبوونی لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، شیکردنەوە سیاسییەکانی خۆی بە ئەندازەی نوکە دەرزیەک نەگۆڕیوە و لە کتێبی (باڵادەستی یان پاراستنی مانەوە)دا بەلایەنی کەمەوە، سەد لاپەڕەی یەکەمی کتێبەکەی تەرخانکردووە بۆ گێڕانەوە و پتەوکردنی هەمان ئەو تیۆریانەی، کە بەر لە زیاتر لە 13 ساڵ لە کتێبی (کۆنترۆڵی میدیا)دا باسیکردووە.

لە ڕاستیدا گەشەکردنی جیهانی (مەجازی ئینتەرنێت) بەلایەنی کەمەوە لەو وڵاتانەدا، کە بە ئازادی دەتوانن زانیاری دیجیتاڵ بەدەستبهێنن، ئیتر ناتوانرێت بەشێوەیەکی ئەوتۆ باس لە «پڕوپاگەندەی سیاسی» ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکان بکرێت، هەروەها لەوانەیە بە تێپەڕینی ڕۆژگار و ئەو گۆڕانکاریانەی کە تەکنەلۆژیاکانی زانیاری لە (جیهانی مەجازی) ئەمڕۆدا پێشکەشیدەکەن، هەندێک لە خستنەڕووەکانی کتێبی (کۆنترۆڵی میدیا) لە ماوەی ساڵانی داهاتوودا بە شێوەی بنچینەیی قوربانی گۆڕانکارییەکان بکات.

**دەستکەوتە بەرچاوەکان**

**لە بواری «پڕوپاگەندەی سیاسی»دا**

ڕۆڵی ڕاگەیاندنەکان لە سیاسەتی هاوچەرخدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارەمان دەکاتەوە، کە لە چ جیهانێک و لە چ کۆمەڵگەیەکدا دەمانەوێت بژین، بە تایبەتی دەمانەوێت چ واتایەک بە دیموکراسی لەم کۆمەڵگەیەدا ببەخشین؟ سەرەتا لە ڕێگەی بەراوردی نێوان دوو تێگەیشتنی دیموکراسییەوە دەستپێبکەین.

یەکێک لە تێگەیشتنەکانی دیموکراسی بانگەشەی ئەوە دەکات، کە کۆمەڵگەی دیموکراسی، کۆمەڵگەیەکە مرۆڤەکان تێیدا لە ڕێگەیەکی دیاریکراوەوە، بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆیاندا دەکەن، واتە هۆکارەکانی پەیوەندیکردن، زۆرن و ئازادن، ئەگەر لە فەرهەنگی زمانەوانیدا چاوبخشێنینەوە بە واژەی دیموکراسی، ئەو پێناسەیەی کە دەیدۆزینەوە لەو پێناسەیەی سەرەوە دەچێت.

تێگەیشتنێکی تر لە دیموکراسی ئەوەیە، کە پێویستە مرۆڤەکان لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانیان بێبەشبکرێن ، بەشێوەیەکی وشک و ڕەق کۆتوبەند بخرێتە سەر هۆکارەکانی

گەیاندنی زانیاری. لەوانەیە ئەمە بە تێگەیشتنێکی سەرسوڕهێنەر دابنرێت بۆ دیموکراسی، بەڵام گرنگە ئاگادار بین تێگەیشتنی بڵاو ئەمەیە. لە راستیدا لە ماوەی سەردەمانێکی دوور و درێژدا، نەک تەنیا لە کرداردا، بەڵکو لە تیۆریشدا پەیڕەوی لێکراوە. مێژوویەکی دوور و درێژ، کە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم شۆڕشی نوێی دیموکراسی لە بەریتانیا لە سەدەی حەڤدەیەمدا، کە بە بەرفراوانی ئەم بۆچوونەمان نیشاندەدات، بەڵام ئێمە خۆمان بەستۆتەوە بە سەردەمی هاوچەرخەوە، چەند وتەیەک دەڵێین لەبارەی چۆنێتی گەشەپێدانی دیموکراسی و ئەوەی کە بۆچی و چۆن میدیاکان و گەیەنەری زانیارییەکان هاتونە ناو ئەو مەیدانەوە.

### مێژووی سەرەتای پڕوپاگەندەی سیاسی[3]

شایستەیە لە یەکەم چالاکی «پڕوپاگەندەی سیاسی» حکومییەوە، کە لە حکومەتی ودرۆ ویلسۆندا 4 روویدا، دەستپێبکەین. ودرۆ ویلسۆن ساڵی 1906 دا لەسەر بنەمای بەرنامەی پارتایەتی لەژێر ناوی (ئاشتی بێسەرکەوتن) بۆ پۆستی

سەرۆک کۆماری هەڵبژێردرا. خەڵکی بە توندی دژی شەڕ بوون5و هیچ هۆکارێکیان نەدەبینیەوە بۆ چوونە ناو شەڕێکی ئەوروپاییەوە6

حکومەتی ویلسۆن بە کردار پابەندی شەڕ بوو، دەبوو چارەسەرێک بدۆزێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کۆمسیۆنێکی (پڕوپاگەندەی سیاسی) حکومیان لە ژێرناوی (کۆمسیۆنی کریل)7 دامەزراند کە لە ماوەی شەش مانگدا سەرکەوتوو بوو، کۆمەڵگەی نەیاری شەڕ بۆ کۆمەڵگەیەکی شەڕخواز بگۆڕێت، کۆمەڵگەیەک کە دەیویست ئەوەی ئەڵمانییە لەناوی ببەن و بیانکوژن و بڕۆن بۆ شەڕ و جیهان رزگاربکەن.

ئەمە دەستکەوتێکی گەورە بوو، رێگەی خۆشکرد بۆ بەدەستهێنانی دەستکەوتی تر. لە هەمانکاتدا و دوای کۆتاییهاتنی شەڕ، شێوازی هاوشێوە بۆ هاندان و دروستکردنی ئاژاوە (تۆقینی سوور) بەکارهێنرا و سەرکەوتنی تەواوی بەدەستهێنا، سەندیکاکانی لەناو برد و کێشەی مەترسیداری وەکو ئازادی میدیا و ئازادی بیروڕا سیاسیەکانی لە رەگ و ریشە دەرهێنا. لەلایەن میدیا و کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە، کە زۆربەی

ئەم کارانەیان ڕێکخستبوو، دەیانخستە بواری جێبەجێکردنەوە، لەم شێوازی کاری پاراستنەدا زۆر بەدوادا چوونی بۆ دەکرا و بەشێوەیەکی گشتی ئەم سیاسەتە سەرکەوتنی تەواوی بەدەستهێنا.

لە نێوان ئەو کەسانەی کە چالاکانە و بە جۆش و خرۆشەوە لە شەڕی ویلسۆندا بەشداریانکرد، دەتوانرێت ناوی پەیڕەوانی (بازنەی دیوی Dewey Circle) ببرێت، ڕۆشنبیرە پێشەواکان وەک ئەوەی بەرهەمەکانی ئەو کاتەیان نیشانیدەدات، لەوەی کە خۆیان بە (ئەندامانی زیرەکتری کۆمەڵگە) دەزانی، یان بە واتایەکی تر خۆیان دەتوانن کۆمەڵێکی بێلایەن بتۆقێنن و بە وروژاندنی بیری وشکی نیشتمانپەروەرییان بیانننێرن بۆ مەیدانی شەڕ، شانازی زۆریان بە خۆیانەوە دەکرد.

ئەو ڕێگایانەی کە گرتبوویانە بەر هەمەجۆر بوون. بۆنمونە وەحشیگەری زۆریان بە هۆی (هونەکانەوە Huns) دروستکرد، دەرهێنانی بازووی منداڵانی بەلژیکا، هەموو بابەتێکی تۆقێنەر، کە تا ئێستاش دەتوانین لە کتێبە

مێژووییەکاندا بیاندۆزینەوە. زۆربەیان بە هیممەتی (وەزارەتی پڕوپاگەندەی ئینگلیز)7، کە لەو کاتەدا بەو شێوەیەی کە خۆی لە تەنیاییدا دەردەخست، پابەند بوو بە (ڕێنیشاندانی هەڵسوکەوتی بەشێکی گەورەی جیهان)، بەڵام بە شێوەیەکی بنچینەیی تر، ئەم پڕوپاگەندە سیاسییە خوازیاری چاودێری خستنە سەر هەڵسوکەوتی ئەندامانی زیرەکتری کۆمەڵگەی ویلایەتە یەکگرتوەکان بوو، کە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی (پڕوپاگەندە سیاسییەکەیانەوە) لە کۆمەڵگەیەکی نەیاری شەڕدا، جۆرێک هستریای کاتی شەڕی دروستدەکرد.

ئەمکارە ئەنجامدرا، بە باشیش ئەنجامدرا و ئەو وانەیەی فێری ئێمە کرد: کە (پڕوپاگەندەی سیاسی) حکومەت، پێویستە ئەو کاتە بە شێوەیەک لەلایەن چینی خوێندەوارەوە پشتیوانی لێبکرێت، کە ئەگەری هیچ گۆڕانکارییەکی تێدانەبێت، ئەو کاتە کاریگەری بەرچاوی دەبێت. ئەمە وانەیەک بوو هیتلەر و زۆریتر فێری بوون و تا ئەمڕۆش ئەو ڕێڕەوە بەردەوامە.

**دیموکراسی بینەران**

کۆمەڵێکی تر کە کەوتنە ژێر کاریگەری ئەم سەرکەوتنانەوە، تیۆریسینەکانی دیموکراسی لیبراڵی و کەسایەتیە پێشڕەوەکانی راگەیاندن بوون، بۆ نمونە «والتەر لیپمەن»9 کە بە ریش سپی رۆژنامە نوسانی ئەمەریکا دادەنرا، رەخنەگری ناسراوی سیاسەتەکانی ناوخۆ و دەرەوە بوو، هەروەها دانەری تیۆری گەورە لە بواری دیموکراسی لیبراڵی بوو.

ئەگەر چاوبخشێنین بە نوسینەکانی لیپمەن-دا بۆمان دەردەکەوێت، کە بەم شێوەیە ناونراوە: (تیۆریەکی پێشڕەو لە بیرۆکەی دیموکراسیدا). لیپمەن لە کۆمسیۆنەکانی پڕوپاگەندەدا چالاک بوو، هەروەها دەستخۆشی دەستکەوتەکانی لێدەکردن. لیپمەن پێیوابوو ئەوەی ئەو بە (شۆڕشێک لە هونەری دیموکراسی) ناویدەبات، دەتوانێت (رازی بوون بەرهەمبێنێت)» بەو واتایەی سود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیای نوێی پڕوپاگەندە، خەڵکی هاوڕێ بکات لەگەڵ ئەو خواستانەی کە پەسەندیان نییە.

هەروەها لیپمەن پێیوابوو ئەم ئایدیایە نەک تەنیا سودمەندە بۆ کارکردن، بەڵکو پێویستیەکە.

پێویستە، چونکە بەو شێوەیەی لیپمەن باسیدەکات «بەشێوەیەکی گشتی بەرژەوەندی هاوبەش لەگەڵ بیروڕای گشتیدا بێگانەیە»، ئەم بەرژەوەندیانە تەنیا دەتوانرێت لەلایەن (چینێکی شارەزا)وە دیاریبکرێن، کە پێهاتوون لە (پیاوانێکی بەرپرس) کە تێگەیشتنی تەواویان بۆ دیاریکردنی بابەتەکان هەیە و بەڕێوەی دەبەن. ئەم بیرۆکەیە خوازیارە تەنیا گروپێکی بچوکی هەڵبژێردراو، گروپێکی رۆشنبیر کە (دیویتەکان)10 لەوبارەیەوە قسەیاندەکرد، توانای تێگەیشتنی بەرژەوەندی هاوبەشیان هەیە و بۆ هەمووومان گرنگی هەیە و ئەم بابەتانە «لەگەڵ بیروڕای گشتیدا بێگانەن» ئەمە تێڕوانینێکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدان ساڵ بەرلەئێستا و بەم تێڕوانینەش دەوترێت (لینینیستی). لە راستیدا لێکچونێکی زۆری هەیە لەگەڵ تێگەیشتنی (لینینیست)، لەسەر بنەمای ئەوەی پێشڕەوانێک لە رۆشنبیرانی شۆڕشگێڕ بگەنە دەسەڵات و شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵک، کە ئەوانی گەیاندۆتە دەسەڵات بەکاربێنن، ئەو کاتە کۆمەڵانی بێئاگا بەرەو چارەنوسێک رێنوێنیبکرێن، کە نەزانتر و کۆنەپەرستترە لەوەی،

کە لە خەونەکانیاندا بۆ خۆیان لەبەرچاویانگرتوو.

تیۆری دیموکراسی لیبراڵی و (مارکسیزم – لینینیزم) لە سەپاندنی بیروڕای خۆیاندا زۆر لە یەکەوە نزیکن. بە بڕوای من هۆکاران دەبێت هەر ئەمە بن کە خەڵکی بەبێ هەستکردن بە گۆڕانێکی تایبەتی لە ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژدا لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر براون، بابەتەکە تەنیا ئەوەیە، دەسەڵات لە کوێدا شاراوەیە. لەوانەیە شۆڕشێکی جەماوەری رووبدات و ئێمە بگەیەنێتە دەسەڵات، یان لەوانەیە ئەمە روونەدات، لەم هەلومەرجەدا ئێمە دەکەوینە بەردەستی ئەو کەسانەی دەسەڵاتی راستەقینەیان لە دەستدایە: ئۆرگانی سەرمایەداری، بەڵام کارەکانمان یەکسانە. جەماوەری بێئاگا رێنوێنی دەکەین بۆ جیهانێک، کە خۆیان دواکەوتووتر لەوەن دەستیان پێیبگات.

لیپمەن بە سوودوەرگرتن لە تیۆری مامۆستایانە لە دیموکراسی پێشڕەو، پشتیوانی لەم تێڕوانینە کرد. ئەو وای بۆچوو، کە لە دیموکراسییەکی خاوەن بەرنامەیەکی رێکخراودا، دانیشتوان دەچنە چینە جیاوازەکانەوە. چینە

باشەکە بۆ ئەو دانیشتوانەیە کە پێویستە کاروبارە گشتیەکان رابپەڕێنن. ئەمە هەمان ئەو چینە شارەزایەیە کە کۆمەڵێک لە ناو سیستەمە سیاسیەکان، ئابوورییەکان و ئایدۆلۆژییەکاندا کاری شیکردنەوە و جێبەجێکردن و بڕیاردانیان لە ئەستۆیە و رێژەیەکی سەدی بچووک لە دانیشتوان پێکدێنن. زۆر سروشتییە هەر کەسێک ئەم پێشبینی بیروڕایانە پێشکەشبکات، هەمیشە خۆی بە بەشێک لەو گروپە بچووکە دەبینێت و لە دۆخی قسەکردندایە لەبارەی کەسانی ترەوە. (کەسانی تر) کە لە دەرەوەی ئەو گروپە بچوکە جێگە دەگرن و زۆرینەی کۆمەڵگەن، لیپمەن ئەوان بە (مێگەلی ونبوو) ناودەبات. دەبێ خۆمان لە (هەڵچوونی مێگەلێکی ون بوو) بپارێزین. لێرەدایە لە دیموکراسیدا دەگەینە دوو بەرنامە:

چینی شارەزا، کەسانی لێپرسراو کە لێپرسراوی بەرنامەی جێبەجێکردنن، بەو واتایەی بیر لە داڕشتنی پرۆژە و تێگەیشتنی بەرژەوەندی هاوبەش دەکەنەوە و دوای ئەوەش (مێگەلی ونبوو) کە ئەویش لە دیموکراسیدا ئەرکێکی لە ئەستۆیە. لیپمەن دەڵێت کاری ئەوان

لە دیموکراسیدا (بینەرییە) نەک بەشداری چالاک، بەڵام لە راستیدا ئەرکەکەیان زیاتر لەمانەیە، چونکە لە دیموکراسییەکدان. جاروبار مۆڵەتیان پێدەدرێت قورسایی خۆیان بەم، یان ئەو ئەندام لە چینی شارەزا بدەن، بە واتایەکی تر مۆڵەتیان هەیە بڵێن «خوازیارین سەرۆکمان بیت» یان « خوازیارین (تۆ) سەرۆکایەتی بگریتە ئەستۆ.» ئەمانە هەموویان لێرەوە سەرچاوەدەگرن کە دیموکراسییەکن، نەک دسەلاتداری تۆتالیتاری. بەمکارە دەڵێن هەڵبژاردن، بەڵام کاتێک قورسایی خۆیان بەخشی بە ئەم، یان ئەو ئەندامی چینی شارەزا پێویستە بکشێنەوە و (بینەری) کارەکانی ئەوان بن، نەک هاوبەش. دیموکراسییەکی شایستە بەم شێوەیە هەڵسوکەوت دەکات و لە پشتی ئەمەشەوە راستییەک هەیە، جۆرێک بنەمای ناچاری رەوشتییە. بنەمای رەوشتی پێویست ئەوەیە، جەماوەر لەوە نەزانترن، کە توانای تێگەیشتنی بابەتەکانیان هەبێت لە ئەنجامدا بێڕەوشت و نەگونجاو دەبێت ،ئەگەر رێگە بە ئەوان بدەین ئەمجۆرە کارە بکەن. پێویستە (مێگەلی ونبوو) رابێنین، نەک رێگە بەم مێگەلە بدەین

هەڵبچێت و هەموو شتێک وێرانبکات. ڕاستیەکە ئەوەیە، کە دەڵێت ڕێگەدان بە پەڕینەوەی منداڵێکی سێ ساڵ لە شەقام کارێکی نەگونجاوە، تۆ ئازادی ئەمکارە بە منداڵێکی سێ ساڵ نادەیت، چونکە نازانێت چۆن سوود لەم ئازادییە وەربگرێت، ئەوان تەنیا گرفت دروستدەکەن.

لە ئەنجامدا بۆ ڕاهێنانی (مێگەلی ونبوو) کەرەستەمان پێویستە، ئەمەش هەمان شۆڕشی نوێیە لە هونەری دیموکراسیدا: بەرهەمهێنانی ڕازی بوون. میدیاکان، خوێندنگە و کلتوری گشتی پێویستە دابەشبکرێن و چینی سیاسەتمەدار و بڕیاردەر جۆرێک تێگەیشتنی بەرپرسیارێتی لە ڕاستییەکان پێشکەشبکەن، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئارامی بیروبۆچوونی گونجاویش پێشکەشبکەن، لەبیرمان بێت پێش سەپاندنێکی نەوتراو لێرەدا هەیە.

پێش سەپاندێکی نەوتراو، کە تیشک دەخاتەسەر ئەم پرسیارە –پرسیارێک کە کەسانی لێپرسراویش پێویستە لە خۆیانی بشارنەوە: ئەوان چۆن کەوتونە بەرەیەکەوە، کە بۆ بڕیاردان توانای پێویستیان هەبێت؟ بەڵێ ئەو کارەی کە

ئەنجامیدەدەن خزمەتە بە چینێک کە توانای (راستەقینەیان) لە دەستدایە. ئەو چینەی توانای (راستەقینەیان) لەدەستدایە ئەوانەن، کە خاوەنی کۆمەڵگەن، واتە چینێکی زۆر کەم. ئەگەر چینی شارەزا دەربکەوێت و بڵێت دەتوانین لە خزمەتی بەرژەوەندی ئێوەدا بین، دەتوانێت بەشێک بێت لە گروپی جێبەجێکردن. نابێت ئەم بابەتە دەنگی لێوە بهێنرێت، بەو واتایەی ئەوان دەبوو ئەو بیروڕا و ئەزموونانەی لە خزمەتی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیاندایە بۆ خۆیان جێبەجێکردبێت. ئەگەر ئەمکارە نازانن، ناتوانن بە بەشێک لە چینی شارەزا بێنە ژماردن. لە ئەنجامدا ئێمە خاوەنی جۆرێک سیستەمی پەروەردەین، کە رووی لە پیاوانی لێپرسراوە: چینی شارەزا. پێویستە ئەوان بە تەواوی لە بەها و بەرژەوەندیەکانی هێزی کەرتی تایبەت و تۆڕی (کۆمپانیا – حکومەت) 11 کە نوێنەری ئەون تێرکرابن. ئەگەر بتوانن ئەم پلەیە بەدەستبێنن، ئەوا بەشێکن لە چینی شارەزا. سەرنجی ئەوانەی تر لە (مێگەلی ونبوو) پێویستە لە بنەڕەتەوە لە بابەتەکان دوور بخرێنەوە و سەرنجیان بۆ بابەتی تر ڕابکێشرێت

و نەهێڵین بکەونە کێشەوە و پێویستە دڵنیابین، کە زۆرینەیان وەک (بینەری) کارەکان دەمێننەوە و هەندێک کاتیش قورسایی خۆیان بە ئەم، یان ئەو سەرۆکی راستەقینە، کە خۆی هەڵدەبژێرێت، دەبەخشن.

ئەم خاڵە لەلایەن زۆرێکی ترەوە گەشەی پێدرا، لە راستیدا کارێکی زۆر گشتییە بۆ نمونە «رینهولد نایبۆر»12شارەزای بواری خواوەندەکان و رەخنەگری سیاسەتی دەرەوە، مامۆستا جۆرج کینان 13 و روناکبیرانی پەیڕەوی (جۆن کەنەدی) کە هەندێک جار ئەو بە (شارەزای ئیلاهیاتی پێکهاتەکان) ناو دەبەن، بابەتەکە بەمجۆرە دەخەنەڕوو، کە (عەقڵانیەت rationality) کارێکی زۆر ناسکە و تەنیا بەشێکی کەم لە خەڵک هەیانە. زۆربەی خەڵک هەست و سۆزیان رێبەریاندەکات، ئەوانەی لە نێوان ئێمەدا خاوەنی «عەقڵانیەت»ن، پێویستە کەسانی سادەباوەڕ ئەوەندەی دەکرێت لەسەر «هێڵ»ەکە بهێڵنەوە، بە (خەیاڵ پڵاوی پێویست) و (زۆر ئاسانکردنOver-simplification) هەستی بەهێز دروستبکەن. ئەمە گۆڕاوە بە

بەشێکی سەرەکی لە زانستی سیاسی هاوچەرخ. لە ساڵانی 1920 و سەرەتای ساڵانی 1930 (هارۆڵد لاسویل) 14 دامەزرێنەری جیهانی نوێی پەیوەندییەکان و یەکێک لە زانا بەرجەستەکانی زانستی سیاسی ئەمەریکا روونیدەکاتەوە، کە ئێمە نەدەبوو خۆمان بدەینە دەست (بێدەنگی دیموکراسی، کە مرۆڤەکان بە باشترین دادوەری بەرژەوەندییەکانی خۆیان هەژماردەکات) چونکە مرۆڤەکان بەو شێوەیە نین. باشترین دادوەرانی بەرژەوەندییە گشتییەکان ئێمەین، لەمڕووەوە بە دەرچوون لە رەوشتە بازرگانییەکان دەبوو دڵنیابین، کە ئەوان لەسەر بنەمای دادوەری خراپیان، سود لە هیچ هەلێک بۆ دەستدرێژیکردن وەرناگرن. لە ناواخنی ئەوەی ئەمڕۆ بە حکومەتی دیکتاتۆری، یان حکومەتی سەربازی ناوی دەبەین، ئەمکارە ئاسانە، تەنیا کوتەکێک لەسەر سەریان ڕادەگریت ئەگەر لە سنور تێپەڕین بە توندی بە سەریان دەکێشیت، بەڵام بە تێپەڕینی کات، کە کۆمەڵگە ئازادتر و دیموکراتیتر بوو ئەم توانایە لەدەست دەدەیت، لەمڕووەوە دەبوو رووبکەینە (پڕوپاگەندەی سیاسی). پڕوپاگەندەی

سیاسی لە دیموکراتیدا هەمان کوتەکی سیستەمی دیکتاتۆرییە. زیرەکانە و باشە، چونکە بۆ جاری دووەم دوبارەی دەکەینەوە بەرژەوەندییە گشتییەکان لە دیدی (مێگەلی ونبووەوە) شاراوەیە، ئەوان توانای دیاریکردنی بەرژەوەندی هاوبەشیان نییە.

**پەیوەندی گشتی**

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پیشەسازی (پەیوەندی گشتی)دا پێشڕەو بووە. بەڵێنی ئەم پیشەسازییەش وەکو ئەوەی ڕێبەرانی دەڵێن (بەکارهێنانی چاودێریە لەسەر رایگشتی). ئەوان لە سەرکەوتنی (کۆمسیۆنی کریل) و دروستکردنی (تۆقینی سوور) و دەرەنجامەکانیان وانەی زۆر فێربوون. (پیشەسازی پەیوەندی گشتی) لەو رۆژگارەدا فراوانبوونی زۆری بە خۆیەوە بینی. لە دەیەی 1920دا سەرکەوتو بوو، لەو سەردەمەدا بە نزیکەیی جۆرێک گوێڕایەڵی لە ناو خەڵکدا دروستبکات، بەبێ هیچ پرسیارێک بەرامبەر یاسای سەرمایەداری، لەمکارەدا بەشێوەیەک، توندوتیژی ئەنجامدرا، کە (کۆمیتەی

کۆنگرە) لەسەرەتای دەیەی 1930دا دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەوبارەیەوە، لە راستیدا بەشی زۆری زانیارییەکانی ئێمە، لەسەر دەرکەوتەی دەرئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوانەیە.

(پەیوەندی گشتی) پیشەسازییەکی گەورەیە و ئێستا تێچوونی ساڵانەی بە نزیکەیی بە یەک ملیار دۆلار دەخەملێنرێت و بەرپرسیارێتی راستەقینەی هەمان (چاودێری رایگشتی) بووە. لە ساڵانی 1930دا هەروەکو لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا کێشەی گەورە سەریاندەرهێنا. (قەیرانێکی گەورە)15 سەندیکایەکی کرێکاری بە توانای دروستکرد، لە راستیدا ساڵی 1935 کرێکاران بە پێی ( یاسای واگنەر Wagner Act) یەکەم سەرکەوتنی بەرچاوی یاسایی خۆیان، کە لە روکاردا مافی رێکخستنیان بوو بەدەستهێنا. ئەمە دوو کێشەی گەورەی دروستکرد، لەلایەکەوە دیموکراسی کارایی خۆی لەدەستدابوو. (مێگەلی ونبوو) بە شێوەیەکی کرداری کۆمەڵێک سەرکەوتنی لە بواری دانانی یاساکاندا بەدەستدەهێنا و بڕیار نەبووە دیموکراسی بەم شێوەیە کاربکات. کێشەیەکی

تر ئەوە بوو، کە ڕێکخستنی هاووڵاتییان ببووە کارێک دەتوانرا بکرێت. هاووڵاتییان دەبوو بە تەنیایی جیا لە یەکتر بن، نەدەبوو ڕێکبخرێن، چونکە لەم لایەنەوە لەوانە بوو بگۆڕێن بە شتێک، بێجگە لە چاودێری کارەکان. ئەگەری ئەوە هەبوو ژمارەیەکی زۆری خەڵک بە سەرچاوەی سنووردارەوە، بتوانن لەدەوری یەک کۆبنەوە و پێبخەنە ناو مەیدانی سیاسەتەوە بگۆڕێن بۆ ( بەشدار بوو ). ئەمە مەترسیەکی ڕاستەقینەیە و بۆ بەدەستهێنانی دڵنیایی لەوەی کە ئەم هەنگاوە دوا سەرکەوتنی یاسادانان، بە هێزی کار دابنرێت،و سەرەتایەک بێ بۆ کۆتایی (لادانی دیموکراسی) ڕێکخستنی جەماوەری، وەڵامێکی گونجاو لەلایەن کۆمەڵگەی سەرمایەدارییەوە ئامادەکرابوو. ئەمکارە سەکەوتوبوو، ئەمەش دوا سەرکەوتنی یاسادانان بوو بۆ هێزی کار، دوای ئەوە ـ لەگەڵ ئەوەی لە میانەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا ژمارەی تاکەکان لە سەندیکاکان زیادیکرد و دوای شەڕ کەم بووەوە ـ توانای کارکردن لە ڕێگەی سەندیکاکانەوە کەم بووەوە، ئەمە هەروا نەبوو. باس لە کۆمەڵەیەکی

سەرمایەداری دەکەین، کە بڕێکی زۆر پارە تەرخاندەکات، توانای مێشک بەکاردێنێت و سەرنجدەداتە چۆنێتی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشانە، لە ڕێگەی پیشەسازی (پەیوەندی گشتی) و ڕێکخراوەکانی وەکو (سەندیکای نەتەوەیی پیشەسازانNational Association of Manufacturers)، مێزگردی بازرگانی Business Roundtable یان ئەنجومەنەکانی ترەوە. ئەوان خێرا دەستبەکاربوون، بۆئەوەی ڕێگەیەک بدۆزنەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لادان لە دیموکراسی.

یەکەم ئەزموون ساڵێک دوای ئەوە ساڵی 1937 رویدا، کە لە خۆرئاوای ویلایەتی پەنسلڤانیا لە شاری جۆنز تاون Johnstown مانگرتنێکی گەورە لە پیشەسازی ئاسندا رویدا. ئەنجومەنی سەرمایەداری پەنایپردە بەر هونەری نوێ بۆ سەرکوتکردنی کرێکاران و سەرکەوتو بوو. ئەمەش نەک لە ڕێگەی پیاوکوژی و شکاندنی دەست و قاچی مانگرتووەکانەوە16 ئەو شێوازانە ئیتر کاریگەری پێویستیان نەبوو، بەڵکو پەنایان بردە بەر ڕێگەی نەرمتر و کاریگەرتر لە

هونەری (پڕوپاگەندەی ڕاگەیاندندا). بیرۆکەی بنچینەیی ئەوە بوو بە ناساندنی مانگرتووەکان وەک هۆکارێک، کە زیانیان گەیاندووە بە هاووڵاتیان و هۆکارەکانی لێکهەڵوەشانی کۆمەڵگە دەستەبەردەکەن و بەرژەوەندییە گشتییەکان دەخەنە مەترسییەوە کۆمەڵانی خەڵک دژی مانگرتووەکان هانبدەن17. (بەرژەوەندی هاوبەش) هی ئێمەیە: سەرمایەداران، کرێکاران، ژنانیماڵەوە هەموو ئەمانە (ئێمەین). کە خوازیاری هاوئاهەنگی و ئەمەریکا پەرەستی Americanism و هاوکاری لەگەڵ یەکترین. دوای ئەوە سەرە دەگاتە سەر ئەم مانگرتووە ئاژاوەگێڕانە، کە دەکەونە دەرەوەی (ئێمە) وە: پەکخەرن، دەردەسەری دروستدەکەن و هاوئاهەنگیان شکاندووە و دەستدرێژی دەکەنەسەر ئەمەریکا پەرەستی، بۆئەوەی بتوانین لەگەڵ یەکتری بژین، پێویستە ڕێگەیان لێبگرین. بەڕێوەبەری کۆمپانیایەکی گەورە و کەسێک کە ژورەکان پاکدەکاتەوە بەرژەوەندییەکانیان هاوبەشە. دەتوانین بەیەکەوە و لە ڕێگەی ئەمەریکا پەرەستییەوە بە گونجاوی بەیەکەوە

کاربکەین و یەکتریمان خۆشبوێت، ئەمە بوو ناوەڕۆکی سەرەکی پەیامەکە هەوڵی زۆر درا بۆ خستنەڕووی ئەمە، لە کۆتاییدا بابەتی ئەنجومەنی سەرمایەداری لە نێواندا بوو، لەئەنجامدا میدیاکان کۆنترۆڵ کرابوون و سەرچاوەی زۆریان لەبەردستدا بوو، بە شێوەیەکی زۆر لێزانانە ئەم بەرنامەیە جێبەجێکرا. لە دواییدا ئەم بەرنامەیان بە فۆرمۆڵی دۆڵی موهاک (Mohawk Valley Formula) ناوبرد و چەندین جار بۆ شکاندنی مانگرتنەکان سودیان لێوەرگرت. ئەمکارانەیان ناونا (شێوازی زانستی شکاندنی مانگرتن) و ئەم شێوازانە بە لە خشتەبردنی رایگشتی بۆ پشتیوانیکردن لە تێگەیشتنە بێواتا و پوچەکان، بۆ نمونە (ئەمەریکا پەرەستی) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کارایی خۆی بەدەستهێنا. کێ دەتوانێت دژایەتی بکات؟ بە هاوئاهەنگی. کێ دەتوانێت دژایەتی بکات؟ یان بۆ نمونە لە شەڕی کەنداودا (پشتیوانی لە سەربازەکانمان). کێ دەتوانێت دژایەتی ئەمە بکات؟ هێڵە شینەکان. کێ دەتوانێت دژایەتی ئەمە بکات؟ هەموو ئەو شتانەی کە هیچ واتایەکیان نییە.

لە ڕاستیدا ئەگەر یەکێک لە ئێوە بپرسێت (پشتیوانی لە هاووڵاتیانی ویلایەتی ئایووا دەکەیت؟ ) چ واتایەکی هەیە؟ دەتوانیت بڵێیت (بەڵێ پشتیوانیان لێدەکەم)، یان (نەخێر پشتیوانیان لێناکەم)؟ ئەم ڕستەیە پرسیارێکیش نییە، هیچ واتایەکی نییە، خاڵەکە لێرەدایە. خاڵی سەرەکی لە دروشمەکانی (پەیوەندی گشتی) بۆ نمونە (پشتیوانی لە سەربازەکانمان) ئەمەیە هیچ واتایەکی نییە. ئەم دروشمانە هەمان واتای ڕستەی (تۆ پشتیوانی لە هاووڵاتیانی ویلایەتی ئایووا دەکەیت)ی هەیە، دروشمەکان ئامانجیان هەبوو ئامانجەکە ئەوەبوو کە (ئایا پشتیوانی لە سیاسەتی ئێمە دەکەن؟)، بەڵام نایانەوێ هاووڵاتیان بیر لەم ئامانجەبکەنەوە. بابەتی گرنگ لە پڕوپاگەندەی کارا ئەوەیە، پێویستە دروشمێک بخوڵقێنی هیچ کەسێک نەتوانێ دژایەتی بکات و هەموان پەیڕەوییبکەن. هیچ کەسێک نازانێت ئەم دروشمە چی واتایەکی هەیە، چونکە لە ڕاستیدا هیچ واتایەکی نییە، بەهای بنەڕەتی ئەو لەوەدایە، کە سەرنجی ئێوە لەو پرسیارەی کە (بەڕاستی واتایەکی هەیە؟) واتا (ئایا پشتیوانی لە سیاسەتی

ئێمە دەکەن؟) دووردەخاتەوە، ئەمە هەمان ئەو واتا راستەقینەیەیە، کە ئێوە مافی ئەوەتان نییە لەبارەیەوە قسەبکەن. لە ئەنجامدا نەتەوەیەک باس لە پشتیوانی سەربازان دەکات؟!! (دیارە کە من لە «پشتیوانی نەکردن» پشتیوانی لە ئەوان ناکەم) لێرەدا ئێوە براوەن، هەمان بابەتی ئەمەریکا پەرەستی و هاوئاهەنگی و هەموومان بەیەکەوەین، دروشمە بێماناکان، لەگەڵمان بن، وەرن دڵنیابین کە ئەم خەڵکە (خراپانە) لە دەورمان نەبن، کە بە وتەکانیان لەبارەی جیاوازی چینەکان و مافی کۆمەڵایەتی و ئەم بابەتانە تەگەرە دەخەنە بەر هاوئاهەنگی.

ئەم کۆمەڵەیە زۆر کارایە تا ئەمڕۆش کاریگەری هەبووە و بە دڵنیاییەوە هەموو لایەنەکانی بە وردی تاوتوێ کراون ئەوانەی لە پیشەسازی (پەیوەندی گشتی)دا کاردەکەن بە دوای گاڵتە و گەپەوە نین، کارێک ئەنجامدەدەن، هەوڵدەدەن لە بەهای راستییەکان کەمبکەنەوە. لە کارکردندا تێگەیشتنیان هەیە لەوەی دیموکراسی بە ناچاری پێویستە پێشکەشیبکات: پێویستە سیستمێک بێت تێیدا چینی شارەزا پەروەردە بکرێت، بۆئەوەی

بخرێته خزمەتی گەورەکان، واتە ئەوانەی کە خاوەنی کۆمەڵگەن. کەسانی تری کۆمەڵگەش پێویستە لە هەموو جۆرە رێکخستنێک بێبەشبن، چونکە رێکخستن خۆی کێشە دروستدەکات.

هەروەها کەسانی تری کۆمەڵگە تۆمەتبارن لە تەنیاییدا بەرامبەر تەلەفزیۆن دابنیشن و بەردەوام پەیامێک بدرێتە مێشکیان، پەیامێک کە دەڵێت تەنیا بەهای راستەقینە لە ژیاندا سودوەرگرتنە لە مشتێک چەشن و بەرهەم، یان ژیان بە شێوازی خێزانەکانی چینی خۆشگوزەران و مامناوەند کە دەیبینیت، یان هەبوونی بەها باڵاکانی وەک هاوئاهەنگی و ئەمەریکا پەرەستی. ژیان لەمەدا کورت دەکرێتەوە. لەوانەیە بگەینە ئەو باوەڕەی پێویستە شتێکی تریش لەم ژیانەدا بوونی هەبێت، بەڵام لەولایەنەوە کە لە تەنیاییدا سەرنجداوەتە شاشەی تەلەفزیۆن بە خۆت دەڵێی شێت بووم، چونکە لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن بێجگە لەمانەی کە وتمان هیچی تر نییە، هەروەها لەولایەنەوە کە هیچ رێکخستنێک نییە ـ ئەم بنچینەیە زۆر بنەڕەتییە ـ هیچ کاتێک ناتوانیت بزانیت ئایا شێت بوویت، یان تەنیا پشت بە بۆچوونەکانی خۆت

دەبەستیت، بۆچی؟ چونکە پێشبینی کردنیش شتێکی سروشتییە. ئەمەیە ئایدیای بنەڕەتی، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئایدیایەش هەوڵی بەرفراوان دراوە. ئاشکرایە کە تێگەیشتنێکی روون لە پشتییەوە وەستاوە. تێگەیشتن لە دیموکراسی هەمان ئەوەیە کە بۆم روونکردنەوە. (مێگەلی ونبوو) کێشە دروستکەرە پێویستە رێگەبگرین لە هاوار و سەرپێچیکردنی، باشترە سەرقاڵی سەیرکردنی دوگۆڵی و دراما تەلەفزیۆنییەکان، یان فیلمە توندوتیژییەکان بێت. جار جاریش وەخەبەری دێنی کە دروشمی بێمانای وەکو (پشتیوانی لە سەربازەکانمان) سەربدات. پێویستە (مێگەلەکە) بتۆقێنرێت، چونکە ئەگەر لە جۆر و بەشەکانی (شەیتانەکان) کە لە ناوەوە و لەدەرەوە و لە هەر شوێنێکی ترەوە دەیانەوێت لەناوی ببەن، بە تەواوی لە ترس و دڵەڕاوکێدا نەبێت، لەوانەیە دەستبکات بە بیرکردنەوە، ئەمەش کارێکی زۆر مەترسیدارە، چونکە «رانەکە» مافی ئەمکارەی نییە، لەمڕووەوە سەرگەرمکردنی و دوورخستنەوەی گرنگییەکی گەورەی هەیە. ئەمە تێگەیشتنێکە لە دیموکراسی. لە راستیدا

بەلەبەرچاو گرتنی کۆمەڵگەی سەرمایەداری دوا سەرکەوتنی راستەقینەی هێزی کار ساڵی 1935 بوو، واتە هەمان (یاسای واگنەر). دوای دەستپێکردنی شەڕ سەندیکاکان و کەلتوری دەوڵەمەندی چینی کرێکار، کە پەیوەندی هەبوو بە بوونی سەندیکاکانەوە، بزربوون. ئەم کەلتورە بەرەو لەناوچون برا. ئێمە هەنگاومان ناوەتە ناو کۆمەڵگەیەکەوە بە شێوەیەکی بەرچاو لەلایەن سەرمایەدارییەوە بەڕێوەدەبرێت. ئەمە تەنیا نمونەی کۆمەڵگەی پیشەسازی (سەرمایەداری دەوڵەتیState-capitalism)ە، کە بێ بەهرەیە لە (بەڵێننامە کۆمەڵایەتییە) ئاساییەکان، کە لە کۆمەڵگە هاوشێوەکاندا هەیە. پێموابێت بێجگە لە ئەفریقای باشور  ئەم کۆمەڵگەیە تەنیا بەڵگەی کۆمەڵگەیەکی پیشەسازییە، کە بێبەشە لە دڵنیایی چارەسەری نیشتیمانی. هیچ بەڵێنێکی گشتی بۆ ستانداردە بنەڕەتییەکان نییە بۆ ئەو بەشەی خەڵک، کە ناتوانن ئەم رەوەندە درێژە پێبدەن. لە راستیدا سەندیکاکان بوونی دەرەکیان نییە. وێنەی فۆڕمی هاووڵاتیانیش بوونی نییە. هیچ ئۆرگان و پارتێکی سیاسی بوونی دەرەکی

نییە. بەلایەنی کەمەوە لەڕووی ستراکتۆرەوە بە هەنگاوی گەورە بەرەو کۆتایی دەچێت. راگەیاندنەکان گۆڕاون بە «کۆمپانیای تایبەت» و خاوەنی بیروڕایەکی هاوبەشن. هەردوو پارتی «کۆماریخواز و دیموکرات» دو لقن لە پارتی سەرمایەداری. بەشی زۆری دانیشتوانی وڵات ئەو ئەرکە نادەنە بەرخۆیان بۆ بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، چونکە بووە بە کارێکی بێمانا. هاووڵاتیان راونراون بۆ کەنار و بە شێوەیەکی شایستە سەرگەرم بوون. بەلایەنی کەمەوە ئامانجی کۆتایی ئەمەیە. مێشکی روناکبیری پیشەسازی (پەیوەندی گشتی) (ئێدوارد بێرنایس Edward Bernays) بەرهەمی راستەقینەی (کۆمسیۆنی کریل)ە، ئێدوارد ئەندامێکی ئەم کۆمسیۆنە بوو، لەوێ وانەکانی خۆی فێربوو، دەستیکرد بە بەرفراوانکردنی دەرکەوتەیەک، کە ناوی لێنا «عەصارەی دیموکراسی» و (دروستکردنی رازیبوون). کەسانێک کە بەدوای رازیبوونەوەن دەتوانن سود لە سەرچاوە و توانای پێویست وەرگرن ـ واتە پشتیوانی ئەو سەرمایەداریەی کە لە خزمەتیدان ـ

**رای گشتی**

هاندانی خەڵک بۆ پشتیوانیکردن لە سەرکێشییەکان لە دەرەوەی سنورەکانیش پێویستە، وەک ئەوەی لە میانەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بینیمان، هاووڵاتیان (ئاشتیخوازن). کۆمەڵانی خەڵک هیچ هۆکارێک نابینن بۆ تێوەگلان لە سەرکێشیەکانی دەرەوەی سنورەکان، وەک پیاوکوژی و ئازار و ئەشکەنجە، لە ئەنجامدا پێویستە ئەوان هان بدرێن و بۆ هاندانیشیان پێویستە بتۆقێنرێن. (بێرنایس) لەم بوارەدا خۆی خاوەنی دەستکەوتێکی گەورە بوو. کاتێک ویلایەتە یەکگرتووەکان ساڵی 1954 دەستیکرد بە روخاندنی دەسەڵاتداریێتی (سەرمایەداری - دیموکراسی) و هێنانە سەرکاری گروپەکانی مەرگ و پیاوکوژان لە گواتیمالا، حکومەتێک کە تا ئێستاش لەو هەلومەرجەدا ماوەتەوە و پشتیوانییە زۆرەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانیش لەم وڵاتەدا رێگە دەگرێت لە هەر گۆڕانکارییەکی دیموکراسی، هەرچەندێک پوچ و بێماناش بێت - ئەو پڕوپاگەندەی (پەیوەندی گشتی کۆمپانیای میوەی ئەمەریکا»ی 17 لەدەستدا بوو. پێویستە بەردەوام ئەو بەرنامانەی کە هاووڵاتیان دژی

دەوەستنەوە لەناوخۆی وڵاتدا پەسەندبکرێن، چونکە هۆکارێک نییە هاووڵاتیان لایەنگری ئەو بەرنامانە بن، کە زیانی بۆیان هەیە، (ئەم کارانە) ش پێویستیان بە پڕوپاگەندەی بەرفراوانە. لە ماوەی دە ساڵی رابوردوودا بینەری زۆرێک لەوانە بووین، بەرنامەکانی (رێگن) لەلایەن خەڵکەوە نەفرەت لێکراوبوون. لە (بومەلەرزەی هەڵبژاردنی رێگن)دا ساڵی 1984، لە 5 دەنگدەر 3 دەنگدەر ئارەزومەند بوون، کە سیاسەتەکانی ئەو نەخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەگەر بەرنامە تایبەتییەکانی وەکو دروستکردنی چەک و کەمکردنەوەی بودجەی خزمەتە کۆمەڵایەتییەکان و هیتر لەبەرچاوبگرین، بە نزیکەیی هاووڵاتیان بە شێوەیەکی بنەڕەتی دژی هەموو ئەو بەرنامانە بوون، بەڵام تا کاتێک کە خەڵکی دوورِوو و گێژ و نەزانن هیچ رێگەیەکیان نییە بۆ رێکخستن، یان دەربڕینی هەستەکانیان و ناشزانن ئەوانەیتریش لەم هەستانەدا هاوبەشی ئەوانن، خەڵکانێک کە بە شێوەیەکی گشتگیر لە ئامارەکاندا دووپاتیان کردبووەوە، کە تێچوونی خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتییەکان لە وەگەڕخستنی سەرمایە

لە بواری سەربازیدا بە باشتر دەزانن، وایان وێنادەکرد تەنیا ئەوان ئەم (بیرۆکە شێتانەیە) لە مێشکیاندا پەروەردەدەکەن، ئەم بۆچونانەیان لە هیچ شوێنێکی تر نەبیستووە. بڕیار نەبووە هیچ کەسێک ئەم بۆچونانەی هەبێت، لێرەدا ئەگەر بڕواتان بەوە هەیە و لە راپرسییەکی گشتیدا ئەوە پەسەنددەکەن، ئەوا ئێوە بەڕاستی دەبنە مرۆڤێکی سەرسوڕهێنەر. لەولایەنەوە کە هیچ رێگەیەک نییە بۆ هاوڕێیەتی لەگەڵ خەڵکانێک کە لەگەڵ ئێوە هاوڕان بۆ پشتیوانی لە ئێوە، بۆ دەربڕینی ئەم بۆچونانە، هەستی غەریبی بوونەوەرێکی غەریب باڵتان بەسەردادەکێشێت، لەمڕووەوە لە پەراویزدا دەوەستیت و گوێ نادەیتە ئەوەی روودەدات و لە وێنەیەکی تر دەڕوانیت، پێشبڕکێیەکی دووگۆلی!

لەمڕووەوە تا ئەندازەیەک ئامانجی کۆتایی بەدەستهاتووە، بەڵام هیچ کاتێک بە ئەندازەی تەواو نییە. کۆمەڵێک بنەما هەن تا ئێستا بە تەواوی لەناو نەچوون، بۆ نمونە کڵێساکان هێشتا بوونیان هەیە. بەشی زۆری دژایەتی دەربڕین لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کڵێساکانەوە سەرچاوەدەگرێت، چونکە بوونی فیزیکیان هەیە.

کاتێک دەچیتە وڵاتێکی ئەوروپایی و وتاری سیاسی پێشکەشدەکەیت، بە ئەگەری زۆر ئەم وتانە لە تەلاری سەندیکایەکدا پێشکەشدەکرێت، لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە نابێت، چونکە سەندیکایەک نییە، ئەگەر بشبێت ئۆرگانێکی «ناسیاسی»یە، بەڵام کڵێساکان بوونیان هەیە لەمڕووەوە زۆرتر لە کڵێساکان قسەدەکەیت. سەرچاوەی هاوکارییەکان لە ئەمەریکای ناوەند زۆرتر کڵێساکانن و لە بنەڕەتدا لەبەرئەوەیە ئەم بنەمایە بوونی فیزیکی هەیە.

لەولایەنەوە کە (مێگەلی ونبوو) هیچ کاتێک بە شێوەیەکی ویستراو بە تەواوی رانایەت، ئەمەش شەڕێکە بێکۆتایی. «مێگەلی ونبوو» لە دەیەی 1930دا دووبارە سەریدەرهێنایەوە، بەڵام سەرکوتکرا. لە دەیەی 1960دا شەپۆلێکی تری نارەزایەتی دروستبوو، ناوێکیان لێنا. لەلایەن چینی شارەزاوە ناویان نا (قەیرانی دیموکراسی) لە دەیەی 1960دا وەک پێکهاتەیەک دەیانڕوانییە دیموکراسی، کە ئالودەی «قەیران» بووە. قەیرانەکە بەو هۆیەوە بوو، کە گروپێکی گەورەی هاووڵاتیان خەریک بوو رێکدەخران و چالاک

بوون و هەوڵیاندەدا بۆ دەرکەوتن لە گۆڕەپانی سیاسەتدا، لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو دوو تێگەیشتنەی دیموکراسی.

بە پێی پێناسەکەی لە واژەنامەدا ئەمە (پێشکەوتنی) دیموکراسییە. بە پێی تێگەیشتنی (دەسەڵات) ئەمە (گرفتێکە) قەیرانێک، کە پێویستە خاڵی کۆتایی بۆ دابنرێت. پێویستە کۆمەڵانی خەڵک بگێڕینەوە بۆ کوشتنی رۆح و خواپەرەستی و لە خۆبوردن، واتە شوێنی راستەقینەی خۆیان، لە ئەنجامدا پێویستە کارێک بۆ کۆتاییهێنان بەم (قەیرانە) بکرێت. هەوڵی زۆر درا، بەڵام پێشکەوتنیان بە خۆوە نەبینی. خۆشبەختانە لەگەڵ ئەوەی (قەیرانی) دیموکراسی لە زەمینەی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا سەرکەوتنێکی نەبوو، بەڵام زیندو و پایەدارمایەوە و رووەو گۆڕینی رایگشتی بە پێچەوانەی ئەوەی کە زۆرێک لە خەڵکی تێیگەیشتبوون کاریگەری دروستکردبوو. دوای سالانی 1960 بۆ هەڵگێڕانەوە و کۆنترۆڵکردنی ئەم نەخۆشییە هەوڵی گەورە درا.

بەشێکی ئەم نەخۆشییە ناونرا (دەرکەوتەی ڤێتنامVietnam Syndrome). دەستەواژەی

«دەرکەوتەی ڤێتنام» کە بە نزیکەیی لە ساڵی 1970دا کەوتە سەرزمانی خەڵک، پێشتر سود لە راپەڕین و راکردن وەرگیرابوو. (نۆرمان پۆدهۆرتزNorman podhoretz) رۆشنبیرێکی لایەنگری (رێگن) ناوی لێنا «ئەو یاساغیانەی وەک نەخۆشی بۆ سودوەرگرتن لە هێزی توندوتیژی». بە زمانی سادە گروپێکی زۆری خەڵک ببونە لایەنگری «ئەو یاساغیانەی، کە وەکو نەخۆشی وابوون بۆ سودوەرگرتن لە هێزی توندوتیژی».

خەڵکی نەیاندەتوانی لەم بابەتە تێبگەن، کە بۆچی پێویستە بە دەوری جیهاندا بسوڕێینەوە و نەتەوەکان بکوژین و ئەشکەنجەیان بدەین و فەرشێک لە بۆمب لەسەریاندابخەین. بە هەمان شێوە کە (گۆبلز) بۆی دەرکەوتبوو زۆر مەترسیدارە نەتەوەیەک بکەوێتە چنگی ئەمجۆرە «یاساغیانەوە کە وەکو نەخۆشی وان». چونکە ئەمکارە سنورداری لە هەڵپەکردنە دەرەکییەکاندا بە دوای خۆیدا دێنێت. وەک ئەوەی (واشنتۆن پۆست) لە میانەی گرژیەکانی شەڕی کەنداودا بە ئاوازێکی لە خۆبایی بوونەوە رایگەیاند، کە رێزگرتن لە (بەها سەربازییەکان) پێویستە و

ئەمکارە گرنگی هەیە. ئەگەر دەتانەوێ ببنە خاوەنی کۆمەڵگەیەکی دڕندە، کە لە هەموو جیهاندا بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی هەڵبژێردراوەکانی ناوخۆ سود لە توندوتیژی وەردەگریێت، پێویستە بە شێوەیەکی گونجاو ریز لە رەوشتە باشە سەربازییەکان بگیرێت و لەبارەی سودوەرگرتن لە توند و تیژی «ئەو یاساغ کراوانەی وەک نەخۆشی وان» بخەنە لاوە. ئەمەیە «دەرکەوتەی ڤێتنام» و سەرکەوتن بەسەریدا پێویستە.

**دەرکەوتن لە پلەی راستەقینەدا**

بە شێوەیەکی گشتی ناخی مێژووش پێویست دەبێت. ڕ ێگەیەکی تر بۆ سەرکەوتن بەسەر «ئەو یاساغ کراوانەی وەک نەخۆشی وان» ئەوەیە، کە وانیشانبدەین هێرشدەکەینە سەر ئەوانی تر و لەناویان دەبەین، بەڵام لە راستیدا لە باری بەرگری لە خۆمان دژی هێرشکەران و دیوەکان و ئەمجۆرە بوونەوارەنەداین. دوای ئەزمونی شەڕی ڤێتنام بۆ نوێکردنەوەی مێژووەکەی هەوڵی گەورە درا و کەسانێکی زۆر لەو نێوانەدا بۆ نمونە زۆربەی سەرباز و گەنج و کەسانی

تر، کە لە بزوتنەوەی ئاشتیدا بەشداربوون، بۆیان دەرکەوتبوو راستییەکە چی بووە. ئەم هەلومەرجە بەهیچ شێوەیەک باش نەبوو، پێویست بوو، کە ئەم رەفتارە ناشیرینانە سەرلەنوێ دابڕێژرێنەوە و جۆرێک پیرۆزی، یان بە واتایەکی تر جۆرێک پێناسەی پێببەخشین کە هەرچییەک ئەنجامیدەدەین بەنرخ و راستە. ئەگەر ڤێتنامی باشور بۆردومان دەکەین بۆئەوەیە، دژی هێرشکەران بەرگری لە ڤێتنامی باشور بکەین، بە واتایەکی تر بەرامبەر دانیشتوانی ڤێتنامی باشور، چونکە کەسیتری لێنەبوو. ئەو کەسانەی هاواری هێرشی ناوخۆیان دەکرد لە ڤێتنامی باشور رۆشنبیرانی دەزگای کەنەدی بوون. ئەم دەستەواژانە (ئادلی ستیڤنسۆنAdlai Stevenson) و کەسانی تر بەکاریاندێنا پێویست بوو ئەم دەربڕینانە بگۆڕین بۆ وێنەیەکی تەواو فەرمی و تێگەیەنەر ئەمکارە بە باشی ئەنجامدرا. لە لێکۆڵینەوەیەکدا کە لە زانکۆی ماساچۆست لەبارەی (شێوازەکانی رووبەرووبوونەوە)ی قەیرانی ئێستای کەنداوی عەرەبی . لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی بڕواکان و رووبەرووبوونەوەکان لە میانەی سەیرکردنی

بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان ـ ئەنجامدرا نیشانەیەک لەوە بەرچاودەکەوێت، یەکێک لەو پرسیارانەی کە لەم لێکۆڵینەوەیەدا کرا ئەمەبوو، ئایا ژمارەی زیانی گیانی ڤێتنامییەکان لە شەڕی ڤێتنامدا بە چەند کەس دەخەمڵێنی؟ بەشێوەیەکی مامناوەند وەڵامی ئەمەریکاییەکان بۆ ئەم پرسیارە 100 هەزار کەسە. ئاماری ڕەسمی نزیکەی 2 ملیۆن و ئاماری ڕاستەقینە بە ئەگەری زۆر لە نێوان 3 ـ 4 ملیۆن کەسدا دەبێت. لێپرسراوانی ئەم ئامارانە پرسیارێکی جوان دەکەن: لەبارەی کەلتوری ئەڵمانیاوە چی دەتوانرێت بوترێت، ئەگەر ئەمڕۆ پرسیار لە خەڵکی بکەیت چەند یەهودی لە ئۆردوگاکانی مەرگدا مردوون، لە وەڵامدا دەڵێن نزیکەی 330 هەزار کەس، ئەم وەڵامە چی لایەنێک لە کەلتوری سیاسی ئەڵمانیا نیشانی ئێمە دەدات؟ بەشداربووانی ئەم ئامارە وەڵامی ئەم پرسیارەیان نەدایەوە، بەڵام دەتوانیت بە دوایدا بڕۆیت. ئەمە نیشاندەری چی لایەنێکی کەلتوری ئێمەیە؟ بابەتی بەرفراوان بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە. پێویستە سەربکەوین بەسەر (ئەو یاساغ کراوانەی خۆماندا، کە وەکو نەخۆشی وان)، دژی سودوەرگرتن لە

هێزی سەربازی و لادانەکانی تری دیموکراسی. لەم بابەتە تایبەتەدا ئەم رووبەرووبوونەوەیە کاریگەری خۆی هەبوو. لە هەر بوارێکدا سەرکەوتنی بەدەستهێنا. هەر بابەتێکتان پێخۆشە هەڵبژێرن: رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، تیرۆریزمی نێودەوڵەتی، ئەمەریکای ناوەند، هەرچییەک بێت - وێنەی جیهان کە پێشکەشی هاووڵاتیان دەکرێت، کەمترین پەیوەندی هەیە بە راستییەوە. راستییەکان لەم بابەتانەدا لە ژێر ئەو تەلارانەدا کە لە درۆی زۆر دروستکراون نێژراون. لە خاڵی تێڕوانینی سەرکوتکردنی مەترسی دیموکراسی مەترسییەک، کە بە هۆی ئازادی سیاسییەوە دەتوانێت دروستبێت، سەرکەوتنێکی بەرچاوبووە و بێکۆتا شایانی سەرنجە. ئەمکارە بە شێوەی حکومەتێکی پاوانخواز لەلایەن هێزی توندوتیژییەوە ئەنجامنەدراوە ئەمە دەستکەوتێکە لە ژێر بەیداخی (ئازادی سیاسیدا) بەرهەمهاتووە. ئەگەر دەمانەوێت لە کۆمەڵگەی خۆمان تێبگەین، دەبێت لەبارەی ئەم راستیانەوە بیربکەینەوە. ئەم راستیانە گرنگن، گرنگە بۆ ئەو کەسانەی گرنگی بەو کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین، دەدەن.

**کەلتوری دژایەتیکردن**

لەگەڵ هەموو ئەم بابەتانەدا کەلتوری دژایەتیکردن، مانەوەی خۆی پاراستووە و لەگەڵ ئەوەی لە ساڵانی 1960دا زۆر بە هێواشی پەرەیسەند، بەڵام دوای ئەو ماوەیە پێشکەوتنی بەرفراوانی بە خۆیەوە بینی. بۆ نمونە لە ماوەی ساڵانی دوای دەستپێکردنی بۆردومانی ڤێتنامی باشور لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، هیچ دژایەتییەکی شەڕی هند و چین نەکرا. کاتێک کە ئەم کەلتورە پەرەیسەند بزوتنەوەی دژایەتیکردن زۆر سنوردار و زیاتر تایبەت بوو بە خوێندکاران و گەنجان، بەڵام لە دەیەی 1970دا ئەم بزوتنەوەیە بە شێوەیەکی بەرچاو گۆڕانکاری بەسەردا هات. بزوتنەوە جەماوەرییەکان گەشەیان سەند: بزوتنەوەی پشتیوانی سروشت، بزوتنەوەی ئازادی ژنان، بزوتنەوەی دژایەتیکردنی چەکە ناوەکییەکان و جوڵانەوەکانی تر. لە ساڵانی 1980دا گەشەسەندنەکان بزوتنەوە پەیوەندیدارەکانیشی گرتەوە، کە بەلایەنی کەمەوە لە مێژووی ئەمەریکادا و لەوانەیە لە بواری دژایەتیکردندا لە پانتایی جیهاندا بە دەرکەوتەیەکی نوێ و

گرنگ بێنەژماردن. ئەم بزوتنەوانە راستەوخۆ دژایەتیان نەدەکرد، بەڵکو بە کردار لە ناخیانەوە بۆ ژیانی خەڵکانێک، کە لە ناوچەکانی تر لە ئازار و ناخۆشیدا دەژیان خۆیان بە بەرپرس دەزانی و دەستکەوتی گەورەیان بەدەستهێنا و کاریگەری چارەنوسسازیان خستە سەر رەگ و ریشەی کەلتوری ئەمەریکا. هەموو ئەمانە هەلومەرجی زۆر جیاوازیان دروستکرد. هەر کەسێک لە ماوەی ئەم ساڵانەدا لەمجۆرە چالاکیانەدا بەشداریکردووە پێویستە ئاگاداری ئەمە بێت. خۆم ئەمە دەزانم کە جۆری ئەو وتانەی ئەمڕۆ لە دواکەوتوترین ناوچەکانی وڵات پێشکەشی دەکەم ـ ناوچەکانی ناوەندی ویلایەتی ڤێرجینیا، ناوچە گوندنشینەکانی کنتاکی و .... ـ وتەیەکن لەوپەڕی بزوتنەوەی ئاشتیخوازیدا بەرامبەر چالاکترین گوێگران نەمدەتوانی بیهێنمە سەر زمانم، بەڵام ئەمڕۆ لە هەموو شوێنێک دەتوانی بیڵێیت. لەوانەیە خەڵکی رازی بن یان ناڕازی، بەڵام بەلایەنی کەمەوە دەزانن لەبارەی چییەوە قسەدەکەیت و جۆرێک زەمینەی هاوبەش توانای بەدواداچوون بە ئێوە دەدات.

هەموو ئەمانە لەگەڵ هەموو پڕوپاگەندەکاندا، هەروەها لەگەڵ هەموو هەوڵەکاندا کە بۆ چاودێریکردنی بیروڕا و بەرهەمی (کەلتوری رازی بوون) ئەنجامدراوە، نیشاندەری کاریگەرییەکانی کەلتور سازین. خەڵکی خەریکی بەدەستهێنانی جۆرێک توانا و پاڵنەرن بەرەوبیرکردنەوەی قووڵ لەبارەی بابەتەکانەوە. رووبەرووبوونەوەی گوماناوی دژی دەسەڵات گەشەی کردووە، کردارەکان و رەفتارەکان لە زۆربەی بوارەکاندا گۆڕاون. ئەم گۆڕانەش بە ئارامی روودەدات و هەندێک کاتیش بە تەواوی دەوەستێت، بەڵام گرنگ و بەرجەستەیە. ئەوەی ئایا ئەوەندە خێرا بووە بۆئەوەی گۆڕانی بەرچاو لە روداوە جیهانییەکاندا دروستبکات؟ بابەتێکی ترە.

ئاماژەدەکەین بە نمونەیەکی ناسراوی ئەم گەشە و گۆڕانە: (جیاوازی رەگەز) 19 جیاوازی ناسراوی نێوان ژنان و پیاوان. لە ساڵانی 1960دا رووبەرووبوونەوەی ژنان و پیاوان لە بابەتەکانی وەک (بەها سەربازییەکان) و (ئەو یاساغکراوانەی وەک نەخۆشی وان) دژی سودوەرگرتن لە توند و تیژی بە نزیکەیی یەکسان بوو. لە ساڵانی

1960دا هیچ یەکێکیان نە ژنان و نە پیاوان لەمجۆرە (یاساغ کراوانەی وەک نەخۆشی وان) رەنجیان نەکێشا. وەڵامەکانیان یەکسان بوو، هەمووان پێیانوابوو سوودوەرگرتن لە توندوتیژی بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەکانی تر کارێکی راستە. لەماوەی چەند ساڵێکدا ئەم رووبەرووبوونەوەیە گۆڕانی بەسەردا هات. (ئەو یاساغ کراوانەی وەک نەخۆشی وان) لەمسەرەوە تا ئەوسەر زیادی کردبوو، بەڵام لە هەمانکاتدا جۆرێک (دابڕان) دروستببوو، لە ئێستاشدا بووە بە دابڕانێکی (بنەڕەتی) و بە پشتبەستن بە ئامار 25% کەسەکان دەگرێتەوە. چی روویداوە؟ رووداوەکە ئەمە بووە، بەلایەنی کەمەوە جوڵانەوەیەکی (شێوە ـ رێکخراو) کە ژنان تێیدا چالاک بوون ـ بزوتنەوەی فیمینیستی ـ دەرکەوتووە. رێکخستن کاریگەری تایبەتی خۆی هەیە، بەو واتایەی ئێوە بۆتان دەردەکەوێت تەنیا و دابڕاونین. کەسانیتریش لەو بیرۆکانەی ئێوەیان هەیە، دەتوانن توانای زیاتر ببەخشنە بیرکردنەوەکانتان و لەبارەی بڕواکان و بیرۆکەکانتان بابەتی زیاتر فێرببن. ئەم بزوتنەوانە دوورن لە هەموو

بنکەیەک، ڕێکخستنێکی ڕێکخراو نین ڕەنگدانەوەی کاریگەرییەکانی بەرامبەرن لە نێوان کۆمەڵانی خەڵکدا و کاریگەری زۆر دیاریان هەیە. (مەترسی دیموکراسی لەمەدایە: ئەگەر ڕێکخراوەکان بتوانن پێشبکەون، ئەگەر هاووڵاتیان ئیتر خونەدەنە شاشەی تەلەفزیۆنەکان، بیرۆکەی (گاڵتەجاڕی) وەک «یاساغکراوەکانی وەک نەخۆشی» سودوەرگرتن لە هێزی سەربازی لە ویژدانیاندا دەگاتە پلەیەکی بەرز و پیویستە ڕێگە لەمکارە بگیرێت، بەڵام نەیانتوانیوە ڕێگەی لێبگرن.

**مانۆڕی دوژمنان**

لە جیاتی باسکردنی دوا شەڕ، با باس لە شەڕی داهاتووبکەین، چونکە هەندێک کات ئامادەبوون باشترە لە پەرچەکرداری ڕاستەوخۆ. ئەمە شێوازێکی زۆر تایبەتە کە لە ئێستادا لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا خەریکە دروستدەبێت. ویلایەتە یەکگرتووەکان یەکەم وڵاتی جیهان نییە وای کردبێت، لە ڕاستیدا لە چوارچێوەیەکی وێرانکەردا کێشەی گەورەی کۆمەڵایەتی و ئابوری بوونیان هەیە و لە لوتکەی هەڕەمی

دەسەڵاتدا، هیچ خۆشحاڵییەک بۆ گەیشتن بەمکارە نییە. ئەگەر بڕوانیتە بەرنامە ناوخۆییەکانی وڵاتان لە دە ساڵی رابوردوودا ـ لێرەدا مەبەستم دیموکراتە نەیارەکانیشە ـ هیچ جۆرە پێشنیارێکی جدی بۆ رووبەرووبوونەوەی کێشە قووڵەکان لە بوارەکانی تەندروستی و پەروەردە و فێرکردن و نەبوونی شوێنی نیشتەجێ بوون، بێکاری، تاوان، زۆربوونی ژمارەی بەندکراوان و بەندیخانە و ئەو هەلومەرجانەی بەرەو خراپی دەڕۆن لە ناوەندی شارەکاندا ـ بەشێکی زۆری کێشەکان ـ نەخراونەتەڕوو. هەمووان ئاگاداری ئەو کێشانەن و هەمویان بەرەو زۆربوون دەڕۆن. لە ماوەی دوو ساڵ حکومەتی جۆرج بوشی باوکدا 3 ملیۆن منداڵی ئەمەریکایی کەوتنە ژێر هێڵی هەژارییەوە، وەرگرتنی قەرز لەلایەن حکومەتەوە زیادی کردووە 20 ستانداردەکانی پەروەردەیی بەرەو نزم بوونەوە دەچن، موچە راستەقینەکان بۆ زۆربەی کۆمەلانی خەڵک دابەزیوە بۆ سەردەمی کۆتایی سالانی 1950 و هیچکەسێکیش بەرامبەر ئەم بابەتانە کارێک ناکات. لەمجۆرە هەلومەرجەدا پێویستە (مێگەلی ونبوو) سەرقاڵبکرێت، چونکە

ئەگەر سەرنج بدەنە ئەم بابەتانە ئەگەری ئەوە هەیە نارەزایەتی خۆیان نیشانبدەن، چونکە ئەم هەلومەرجانە ئەمانی خستۆتە ناو رەنج و ناخۆشییەوە. لە راستیدا ناچارکردنی ئەوان بۆ سەیر کردنی دووگۆڵی و بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان لەوانەیە بەس نەبێت، پیویستە ترس لە دوژمنان لە ئەواندا بەهێزبکرێت. لە سالانی 1930دا ئەوانی لە یەهودییەکان و کولییەکان تۆقاند: بۆ بەرگری لە خۆکۆدن پیویستە ئەوان لەناوبەرن. ئێمەی «ئەمەریکایی»ش رێوشوێنی خۆمان هەیە. لەماوەی دە ساڵی رابوردوودا هەموو ساڵێک ،یان دوو ساڵ جارێک، دێوێکی گەورە دروستکراوە و دەبوو دژی ئەو بەرگری لە خۆمان بکەین. بێجگە لە ئەمانەش دێوێکمان هەبوو، کە هەمیشە سودی لێدەبینرا: رووسەکان. هەمیشە دەتوانن بەرامبەر رووسەکان بەرگری لە خۆمان بکەین، بەلام لە پلەی دوژمنیدا سوودوەرگرتن لێیان لاواز بووە، رۆژانە سوودوەرگرتن لە ئەوان قورستر دەبێت و لە ئەنجامدا بە جادو دەبێت جۆری نوێ دروستبکرێن، لە راستیدا هاوولاتیان بە شێوەیەکی زۆر بێویژدانانە رەخنەیان لە جۆرج

بوشی باوک دەگرت، بە هۆی ئەوەی لەتوانایدا نەبوو پاڵنەری راستەقینەی ئێمە دەرببڕێت و بیهێنێتە سەر زمانی 21 ئەمەش بێویژدانی بوو. تا پێش ناوەڕاستەکانی دەیەی 1980 کاتێک لە خەوی خۆشدا بووین ئاوازی: «رووسەکان خەریکە دێن!»مان بۆ خۆمان دادەنا، بەڵام (بووش) ئەم بیانووەی لەدەستدا و پێویستە بە هەمانشێوە، کە دەزگای (پەیوەندییە گشتییەکان) ی رێگن لەسەرەتاکانی 1980دا کاری کرد، دروستبکرێت و لە ئەنجامدا تیرۆریزمی نێودەوڵەتی و قاچاخچی ماددە هۆشبەرەکان و عەرەبە (دێوانەکان) و هیتلەرێکی نوێ بە ناوی سەدام حسێن دروستبوون، کە دەیانویست جیهان داگیربکەن. ئەوان یەک لە دوای یەک دەرکەوتن. خەڵکی دەتۆقێنن و دەترسێنن و دەپەشۆکێنن، لە ئەنجامدا لەبەر تۆقین و ترسی زۆر لە جێگەی خۆیان ناجوڵێن و دەکەونە داوی ترسەوە. دوای ئەوە سەرکەوتوانە گرانادا، پاناما یان وڵاتە بێبەرگرییەکانی تری جیهانی سێهەم، کە دەتوانن پێش ئەوەی چاوتان پێیان بکەوێت لەناویان ببەن ـ واتە هەمان ئەو کارەی کردتان

- ئاسودەیی بە دوادا بێت. لە دوا خولەکەکاندا ژیانی خۆمان (رزگار) کرد ئەمە یەکێکە لەو ڕێگانەی، کە بە پەنابردن بۆی دەتوانرێت (مێگەلی ونبوو) لەوەی کە لە دەوروبەری رووودەدات بێئاگا و سەرگەرم و لەژێر چاودێریدا رابگرین. ئامانجی دووەم کە بە دوایدا دێت بە گومانێکی پتەو کوبا دەبێت.22 ئامانجێک لەوانەیە پێویستی بەردەوامی شەڕی ئابوری نایاسایی23، هەروەها زیندو کردنەوەی «تیرۆریزمی سەرسوڕهێنەر و نێودەوڵەتی» بێت. گرنگترین چالاکی تیرۆریستی رێکخراو، کە تا ئێستا ئەنجامدراوە چالاکی (مۆنگووسMongoose) بوو لە سەردەمی کەنەدیدا و دوای ئەوە چالاکییەکی تر دژی وڵاتی کوبا ئەنجامدرا. لەوانەیە لە چوارچێوەی ئەوەی بە تیرۆریزم دەناسرێت بێجگە لەشەڕ دژی نیکاراگوای ناتوانین لەگەڵ هیچ چالاکیەکی تردا بەراوردیبکەین، دادگای لاهای ئەم چالاکییە بە جۆرێک دەستدرێژی ناودەبات. بە بەردەوامی هێرشی بیروباوەڕ هەیە و دێوێکی خەیاڵی دروستدەکات، دوای ئەوە سەرە دەگاتە سەر ئەو شەڕانەی ئەم دێوە لەناودەبەن و ئەگەر

توانای وەڵامدانەوەی ئێمەیان هەبێت ئارامیمان نابێت. هەلومەرجەکان زۆر مەترسیدارن، بەڵام ئەگەر دڵنیابین ئەوان لەناو دەچن لەوانەیە دوای لەناوچونیان بتوانین بە ئارامی هەناسەیەک بدەین.

**پوختەی وەرگرتن**

ماوەیەکی زۆرە بارودۆخەکان بەم شێوەیە تێدەپەڕن. لە مانگی 1986/5دا یادداشتەکانی بەندکراوێکی ئازادکراوی کوبایی (ئارماندۆ ڤالاداریس Armando Valla dares) چاپکرا و خێرا بوو بە بابەتی گەرموگوڕی راگەیاندنەکان. لەم نێوانەدا چەند گێڕانەوەیەک دەگێڕمەوە. راگەیاندنەکان وتەکانی ئەویان بە پلەی «پەسەندکردنێکی بێ مەرج پێناسەکرد بۆ بوونی سیستمێکی بەرفراوانی ئازار و بەندکردن، کە بەو هۆیەوە کاسترۆ نەیارە سیاسیەکانی خۆی سزا دەدات و لەناودەبات». ئەم راپۆرتە جوڵێنەر و وروژێنەر بوو لە بارەی (بەندیخانە نامرۆڤایەتییەکان)، ئەشکەنجەی گیانەوەری و ئەوپەڕی توند و تیژی حکومەت لە سیستمی دەسەڵاتدارێتی جەلادە مرۆڤ کوژەکاندا، کە

لە کۆتاییدا لەم کتێبەدا بۆمان دەردەکەوێت، کە دیکتاتۆریەتێکی نوێی دروستکردووە،ئەشکەنجەی وەک کاری چاودێری کۆمەڵایەتی لە دۆزەخێکدا بە ناوی کوبا دامەزراندووە و (ڤالاداریس) لەوێ ژیاوە. ئەمە بۆچوونەکانی «واشنتۆن پۆست» و «نیویۆرک تایمز»ە کە لە چەند راپۆرتێکدا چەندینجار دووبارەدەبنەوە و نازناوی «پیاوکوژ و دیکتاتۆر» دەدەنە کاسترۆ. «واشنتۆن پۆست» دەنوسێت وەحشیگەریەکانی ئەو لەم کتێبەدا بە شێوەیەک دەرخراوە کە «نەزانترین و خوێنساردترین روناکبیرانی رۆژئاوا دەتوانن بەرگری لەم کەسە دیکتاتۆرەبکەن». بیرمان بێت ئەمە ڕاپۆرتێکە لەبارەی ئەوەی چی بەسەر کەسێکدا هاتووە، با بڵێین راستی دەڵێن با لە بارەی پیاوێکەوە پرسیار نەکەین، کە دەڵێت ئەشکەنجە دراوە. لە بۆنەی «ڕۆژی مافی مرۆڤدا» لە کۆشکی سپی ئەم کەسە لەلایەن رۆناڵد ریگنەوە بە هۆی ئازایەتییەوە، کە بەرامبەر ئەو نەهامەتی و ئازارانەی ئەو «دیکتاتۆرە خوێنڕێژە کوباییە» بەرامبەر ئەو ئەنجامیداوە و خۆی گرتووە، رێزی لێدەگیرێت. دوای ئەوە ڤالاداریس دەبێتە نوێنەری

ویلایەتە یەکگرتووەکان لە کۆمسیۆنی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکان و لە جێگەیەک دانرا، توانی خزمەتی بەرچاو بۆ بەرگریکردن لە وڵاتانی سلڤادۆر و گواتیمالا ڕێکبخات، بەرگریکردن لە وڵاتانێک، کە تاوانبارن بە وەحشیگەری زۆر و هەرچییەک «ڤالاداریس» توانیویەتی خۆی بۆ بگرێت بە بەراوردکردن لەگەڵ کارەکانی ئەواندا زۆر بەکەم تر هەژماردەکرێت. ئەمەیە شێوازی بەردەوامی بابەتەکان.

ئەو کاتە مانگی 1986/5 بوو. بابەتێکی سەرنجڕاکێش بوو، هەروەها دەتوانێت لە بارەی «بەرهەمهێنانی ڕەزامەندییەوە» کۆمەڵە بابەتێک بخاتەڕوو. هەر لە هەمان مانگدا ئەندامە ماوەکانی «گروپی مافی مرۆڤی سلڤادۆر» کە ڕێبەرەکانیان کوژرابوون، قۆڵبەستدەکرێن و ئەشکەنجە دەدرێن ڕەفتارێک کە (هێربێرت ئانایاHerbert Anaya) ی بەڕێوەبەریشیانی دەگرتەوە. ئەم گروپە ڕەوانەی بەندیخانە دەکەن ـ بەندیخانەی ئومێد La Esperanza Prison. لە بەندیخانەشدا ئەم گروپە درێژەیاندا بە کارەکانی خۆیان لە بواری «مافی مرۆڤدا» و یاساناسانی

ئەم گروپە شایەتینامەکان ئامادەدەکەن. لەم بەندیخانەیەدا 432 بەندکراوی تێدا بوو. لە ژێر سوێنددا 432 شایەتینامە واژۆدەکرێن، کە تاک تاکی بەندکراوەکان هەلومەرجی بەندیخانەکە و وردەکارییەکانی ئەشکەنجەدانی خۆیان روونکردۆتەوە، ئەو شایەتینامانەی واژۆدەکرێن: ئەشکەنجەدان بە کارەبا و دڕندەیی تر، کە لە شوێنێکدا لەلایەن ئەفسەرێکی پلەبەرزی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە، کە پۆشاکی سەربازی سوپای ئەمەریکای لەبەردایە ئەنجامدراوە و هەموو وردەکارییەکانی هەیە. ئەم شایەتییە راست و روونە لەوانەیە لە جۆری خۆی لە رووی شیکردنەوەی وردەکارییەکانی ژووری ئەشکەنجەدا بێهاوتابێت. ئەم راپۆرتە 160 لاپەڕەییە لە شایەتییەکان و سوێندخواردنەکانی بەندکراوەکان لەگەڵ فیلمێکی وێنەیی، کە ئەوان لەکاتی شایەتیدان لەبارەی ئەشکەنجەدانەکانەوە نیشاندەدات دنێردرێتە دەرەوەی بەندیخانەکە و لە رێگەی (Marin County Interfaith Task Force) ەوە چاپدەکرێت. «رۆژنامەکان خۆیان دەپارێزن لە بڵاوکردنەوەی ئەم راپۆرتە لە

هەموو وڵاتدا». «تەلەفزیۆنەکان ئەم فیلمە پەخش ناکەن» و پێموابێت تەنیا یەک راپۆرت بە ناوی (ئەزمونگەری سانفرانسیسکۆSan Francisco Examiner) لە رۆژنامەی ناوخۆیی شاری «مارین» چاپدەکرێت. هیچ کەسێکی تر دەستنابات بۆ ئەم راپۆرتە، بەڵام لەم ماوەیەدا شایەتین، کە ژمارەیەکی زۆرتر لە «رۆشنبیرە نەزان و خوێنساردەکانی خۆرئاوا» خەریکی واژۆکردنی نامەی رێزلێنانەکانی رۆناڵد رێگن و (خۆزێ ناپلیۆن دوارتێJose Napoleon Duarte)ن و هیچ رێزلێنان و دەستخۆشییەک لە «ئانایا» نەکرا و لە رۆژی مافی مرۆڤیشدا، وتەیەک لەبارەی ئەوەوە نەوترا و هیچ پۆستێکیشی پێنەسپێردرا. ئەو لە رەوەندێکی گۆڕینەوەی بەندکراوەکاندا ئازادکرابوو، بەپێی شایەتییەکانی کارەکە بە پشتیوانی هێزە ئاسایشییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەکوژرێت، لە بارەی چۆنێتی رووداني ئەم تاوانەش زانیاری سنوردار لەبەردەستدایە. راگەیاندنەکان هیچ کاتێک نەیانپرسی، ئەگەر لە جیاتی دەرخستن و شیکردنەوەی دڕندەییەکان،

ئەوانی لە سەرچاوەوە بخنکاندایە و لەبارەیانەوە بێدەنگ بوایە، ئەو ئەگەرە هەبوو گیانی خۆی ڕزگار بکات.

ئەم نمونەیە ڕێڕەوێک کە تێیدا سیستمێکی «بەرهەمهێنانی ڕەزامەندی» کارایی هەیە بە باشی دەخاتەروو. بە بەراوردکردنی یادەوەرییەکانی «ڤالاداریێس» لەگەڵ دەرخستنەکانی «هێربێرت ئانایا» ئەوا ئەوەی ڤالاداریێس وەک پوشکەیەکە لە بەرامبەر کێویکدا، بەڵام دەتوانرێت بەکاربێت، ئەم دانەیە دەتوانێت ئێمە بۆ شەڕی داهاتوو ڕێنوێنی بکات. بە بڕوای من تا کاتێک کارەکە ئەنجامبدرێت لەمبارەیەوە بابەتی زیاتر پێشکەشدەکرێت.

لە بارەی ئەمەی کۆتاییەوە چەند روونکردنەوەیەک پێویستە، وا باشترە لە کۆتاییدا رووی تێبکەین. بە لێکۆڵینەوەی زانکۆی ماساچوست، کە پێشتر پێشنیارمکردبوو دەستپێدەکەین. دەرەنجامی بەرچاوی لەخۆگرتووە. لەم لێکۆڵینەوەیەدا لە هاووڵاتیان پرسیار کرابوو، ئایا بە بڕوای ئێوە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ کۆتاییهێنان بە «داگیرکاری نایاسایی» یان دیاریکردنی خاڵی کۆتایی بۆ

پێشێلکردنی «مافی مرۆڤ» دەبوو سوود لە هێزە توندوتیژییەکان وەربگرێت؟ لە هەر سێ کەسی ئەمەریکایی دوو کەس وەڵامیاندابووەوە: بەڵێ، دەبوو سوود لە هێزی توندوتیژی وەربگرین بۆ «داگیرکردنی نایاسایی» سەرزەوییەک یان پێشێلکردنی راستەقینەی مافی مرۆڤ. ئەگەر ویلایەتە یەکگرتووەکان بخوازێت پەیڕەوی لەم ئامۆژگارییە بکات دەبوو سلڤادۆر، گواتیمالا، ئەندۆنزی، دیمەشق، تەلئەبیب، کیپتاون، تورکیا، واشنتۆن و کۆمەڵێک ناوچەی زۆریتر بۆردومانبکات. هەموو ئەمانە کۆمەڵێک بابەتن لە بارەی نایاسایی و دەستدرێژی راستەوخۆ دژی مافی مرۆڤ. ئەگەر راستییەکان لە بارەی بەرفراوانی ئەم نمونانەمان لەبەردەستدا بێت بە راستی بۆتان دەردەکەوێت، کە دەستدرێژییەکانی «سەدام حسێن» بە هیچ شێوەیەک ناکەوێتە کۆتاییانەوە و دەکەوتە ناوەندیانەوە. بۆ چی هیچ کەسێک بەو ئەنجامە ناگات؟ هۆکارەکەی ئەوەیە کە کەس ئاگاداری ئەم بابەتانە نییە. لە سیستمێکدا بە «پڕوپاگەندەی سیاسییەوە» کە کارایی گونجاوی هەبێت کاتێک کە ئاماژەدەکەم بە

ژمارەیەکی بەرفراوان لە نمونەکان هیچ کەسێک نابێت بزانێت باس لە چی دەکەم. ئەگەر زەحمەتی وردبینی بدەیتە بەر خۆت بۆت دەردەکەوێت، کە ئەمانە هەمان نمونە گونجاوەکانن.

نمونەیەک بخەینەڕوو، کە بە شێوەیەکی خەمناک لە شەڕی کەنداوەوە نزیکە. لە مانگی 2دا لە کاتی بۆردومانەکاندا حکومەتی لوبنان داوای لە ئیسرائیل کرد، بڕیاری 425ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، کە خوازیاری چونە دەرەوەی بێمەرج و خێرای هێزە ئیسرائیلییەکان بوو لە لوبنان جێبەجێبکات. بڕیارێک کە لە مانگی مارسی 1978دا دەرچوبوو. تا ئەو کاتە دوو بڕیاری یەک لە دوای یەک خوازیاری رۆیشتنە دەرەوەی بێمەرج و خێرای ئیسرائیل بوون لە لوبنان. پێویست نییە ئەم بڕیارانە لە لایەن ئیسرائیلەوە جێبەجێ بکرێن، چونکە ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ پاراستنی ئەم داگیرکارییە سەربازییە پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکات، هاوکات تۆقین و تیرۆر باڵی کێشاوە بەسەر باشور ی لوبناندا. ژوورە بچوکە بەرفراوانەکانی ئەشکەنجە و بابەتە مەترسیدارەکان! هەروەها ئەم ناوچەیە دەبێتە بنکەیەک بۆ هێرشکردنە سەرناوچەکانی تری لوبنان. لە ساڵی 1978وە

لوبنان دەستدرێژی کرایە سەر و شاری بەیرووت بۆردومان کرا، نزیکەی 20 هەزار کەس کە 80% ئەو کەسانە هاووڵاتی ئاسایی بوون کوژران و نەخۆشخانەکان وێرانبوون، تۆقین و دزی و تاڵان بەسەر هاووڵاتیاندا سەپێنرا و ویلایەتە یەکگرتووەکان پشتیوانی لەمکارە کرد. ئەمە تەنیا نمونەیەکە. لە بڵاوکراوەکانیشدا هیچ ئاماژەیەک بەم بابەتانە نەکرا و هیچ لێکۆڵینەوەیەک لەبارەی ئەوەی، کە ئیسرائیل و ویلایەتە یەکگرتووەکان دەبوو بڕیاری 425ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیەکگرتووەکان، یان هەر بڕیارێکی تر بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە ئەنجام نەدرا و هیچ کەسێکیش داوای بۆردومانکردنی شاری تەلئەبیبی نەکرد، لەگەڵ بوونی ئەوەی لەسەر بنەمای «دەستورێک» کە دوو لەسەر سێی هاووڵاتیانی ئەمەریکا پەسەندیانکردبوو، دەبوو ئەمکارە بکرایە. لە کۆتاییدا ئەمە جۆرێک «داگیرکاری» نایاساییە و دەستدرێژییەکی راستەقینەیە دژی مافی مرۆڤ کراوە، بەڵام ئەمە تەنیا روداوێکە روداوی زۆر خراپتر هەن. هێرشی ئەندۆنیزیا بۆ تەیموری خۆرهەڵات نزیکەی 200 هەزار قوربانی لێکەوتەوە. بە بەراوردکردنی تاوانی تر لەگەڵ ئەمەدا گرنگی خۆیان لەدەستدەدەن. ئەم هێرشانە

بە توندی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانیان لێکرا، هێشتاش لەلایەنی دیبلۆماسی و سەربازیەوە لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە پشتیوانی بنچینەیی دەکرێت. دەتوانرێت بەم شێوەیە نمونەکان بخرێنەڕوو.

**شەڕی کەنداو**

ئەمە نیشانیدەدات سیستمێک بە «پڕوپاگەندەی سیاسییەوە» کە کارایی گونجاوی هەیە چۆن کاردەکات. خەڵکی پێیانوایە کاتێک دژی عێراق لە کوەیت هێزی سەربازی بەکاردێنین، بەو هۆیەوەیە کە لە راستیدا خوازیاری پاراستنی ئەم بنچینەیەین و بەرامبەر «داگیرکاری نایاسایی» و «دەستدرێژیکردنە سەر مافی مرۆڤ» پێویستە هەڵوێستی توند نیشانبدەین. خەڵکی نابینن ئەگەر ئەم «دەستوورە» دژی ویلایەتە یەککگرتووەکان بەکاربێت چی واتایەکی دەبێت. ئەمە نیشاندەری سەرکەوتنێکی پڕوپاگەندەییە لە جۆری زۆر بەرچاوی ئەو.

بابەتێکی تر لێکدەدەینەوە ئەگەر سەرنج بدەنە «هەواڵسازی» بۆ شەڕی کەنداوی عەرەبی لە مانگی 1990/8دا دەبینن هەندێک هاواری گرنگ پاککراونەوە، بۆ نمونە لەم پێکهاتەیەدا بەرەیەکی

